وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ کۆلێجی هونەر

بەشی پەروەردەی هونەر

# دیزاینی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی بابەتی دارشتنی سیرامیک لای خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ

نامەیەکە پێشکەش کراوە بە ئەنجومەنی کۆلێجی هونەرە جوانەکان لە زانکۆی سلێمانی، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە بواری پەروەردەی هونەر / سیرامیک

لەلایەن خوێندکار

**شوان محمود احمد**

بەسەرپەرشتی

**پ.د. جواد نعمت حسین**

٢٧٢٣ کوردی ١٤٤٥ کۆچی ٢٠٢٣ زاینی

# بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (**دیزاینی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی بابەتی دارشتنی سیرامیک لای خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ**) بە سەرپەرشتی و لەژێر چاودێری ( **پ.د. جواد نعمت حسین** ) لەلایەن خوێندکاری ماستەر (**شوان محمود احمد**) لە زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری پەروەردەی هونەر / ڕێگاکانی وانەوتنەوە، لەو پێناوەدا واژۆم کردووە.

واژۆ

پ.د. جواد نعمت حسین

سەرپەرشتیار

ڕێکەوتی: ١٢ / ١٢/ ٢٠٢٣

بەپێی ئەم پێشنیازانە ئەم نامەیە پێشکەشی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم:

واژۆ

لێپرسراوی خوێندنی باڵای کۆلێج

ڕێکەوتی: ١٨ / ١٢ / ٢٠٢٣

# بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی (**دیزاینی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی بابەتی داڕشتنی سیرامیک لای خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ**) لەگەڵ خوێندکاری ماستەر (**شوان محمود احمد**) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا کە شایستەی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی ماستەر لە بواری پەروەردەی هونەر / سیرامیکی پێ بدرێت، لەو پێناوەدا واژۆمان کردووە.

واژۆ
ناو: پ.د. وعد محمد نجاة
ئەندام
ڕێکەوتی: ٢٨ / ٢ / ٢٠٢٣

واژۆ
ناو: پ.ی.د. سەرمەد صلاح محی الدين
ئەندام
ڕێکەوتی: ٢٨ / ٢ / ٢٠٢٣

واژۆ
ناو: پ.د.جواد نعمت حسين
سەرپەرشتیار
ڕێکەوتی: ٢٨ / ٢ / ٢٠٢٣

واژۆ
ناو: پ.د. کاوە علی محمد
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوتی: ٢٨ / ٢ / ٢٠٢٣

لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆلێجی هونەرە جوانەکان ژمارە (٢٤) لە ڕێکەوتی (   /   / ٢٠٢٣) پەسەندکرا.

ناو: پ.د. ڕێبوار سعيد ڕشيد
ڕاگری کۆلێجی هونەرە جوانەکان
ڕێکەوتی:    /    / ٢٠٢٣

# هونەر ئۆبجێکت نییە، هونەر ئەزموونە

جۆزیف البورز

# پێشکەشە بە

- دایکی ئازیز و خۆشەویستم.
- ڕۆحی باوکم.
- برا و خوشکەکانم.
- هاوڕێ دڵسۆزەکانم.
- هەمو مامۆستا دڵسۆزەکانم.

توێژەر

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینم بۆ مامۆستای بەڕێزو هاوڕێی خۆشەویستم (پ.د. جواد نعمت حسین) کە بەوپەڕی دڵسۆزی و خۆشەویستیەوە سەرپەرشتی نامەکەی کردووە، سەرەڕای ڕێنمایی زانستی لە بەدەستخستنی سەرچاوەشدا هاوکار و یارمەتیدەرم بووە، هەروەها سوپاسی مامۆستایانم ئەکەم لە کۆرسی ئەکادیمی لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت هەریەک لە بەڕێزان (پ.ی.د. حسن فخرالدین خالد) و (پ.د. سابیر بکر مصطفی) و پ.د. نظام عبدالجبار حسین) و (پ.ی.م وەفا محمد حسین) و (پ.د. سۆلاڤ فائق). وە هەروەها مامۆستایانم لە کۆلێجی هونەرە جوانەکان (پ.د ڕێبوار سەعید) و (پ.ی.د. ئازاد جەمال) و (پ.ی.د. نەعیمە محمد عبدالله) کە هاوکاری و ڕێنمایی کردووم بە سەرنج و ڕێنماییەکانی.

وە سوپاس بۆ (م. قادر میرخان) و (م. شێرکۆ محمد رضا) و فەرمانبەرانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت و فەرمانبەرانی کۆلێجی هونەرە جوانەکان و کتێبخانەی گشتی ناوەندی زانکۆی سلێمانی کە بەردەوام هاوکارم بوون لە دابینکردنی سەرچاوە زانستیەکاندا.

سوپاس بۆ دۆستان و هاوڕێیانم کە پشتیوان و هاوکارم بوون لە وەرگێڕان و دۆزینەوەی سەرچاوەکان بەتایبەت (دێرین ڕەمەزان) و (هۆگر یاسین).

سوپاس بۆ سەرجەم ئەو مامۆستا بەڕێزانەی وەک پسپۆڕی وەڵامی ڕاپرسیەکانیان داومەتەوە، کە بونەتە هۆکاری پێشخستنی ڕادەی زانستی توێژینەوەکە.

سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە بە هەر شێوەیەک بوبێت هاوکاریان کردوم جێگای ڕێز و خۆشەویستین.

سوپاسی وەزارەتی پەروەردە و پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ دەکەم کە مۆڵەتیان دام بۆ درێژەدان بە خوێندنم.

توێژەر

## پوختەی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە دیزاینی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی بابەتی دارِشتنی سیرامیک لای خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ لە بەشی شێوەکاری، کە بەپێی سروشتی بابەتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانی میتۆدی (وەسفی شیکاری) بەکار هێنراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە. هەروەها کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە وانەی دارِشتنی بابەتی سیرامیک، بۆ خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠ – ٢٠٢١)، کە پێکهاتبوو لە بابەتەکانی (رِەگەزەکانی دارِشتن – دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی – دروستکردنی سیرامیکی شێوە مێژوویی – دروستکردنی سیرامیکی شێوە رِووەکی – دروستکردنی سیرامیکی شێوە گیانەوەری – دروستکردنی سیرامیکی دیواربەند – دروستکردنی سیرامیکی شێوە تەعبیری – دروستکردنی سیرامیکی کاری سەربەست)، لە ئەنجامی خوێندنەوە و بەدواداگەرِان توێژەر هەستا بەدانانی بەرنامەیەکی فێرکاری بەپێی نمونەی مۆدێلی گشتی (ADDIE)، بۆ ئەنجامدانی توێژنەوەکە توێژەر ئامرازی رِاپرسی بەکارهێنا لەپێناو دەرهێنانی رِاست و دروستی پێکهاتەکانی بەرنامە فێرکاریەکە، و ئەنجامی توێژینەوەکە بریتیبوو لە بەرنامە فێرکاریەکە کە بە پێی رِێکارەکانی بەشی سێیەمی توێژینەوەکە ئەنجامدرا.

# پێرست


| ژ.لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| Ii | بڕیاری سەرپەرشتیار |
| Iii | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن |
| Iv | ووتە |
| V | پێشکەش |
| Vi | سوپاس و پێزانین |
| Vii | پوختەی توێژینەوە |
| Viii | پێرست |
| ١ | **بەشی یەکەم:** |
| ١ | پێشینەی توێژینەوەکە |
| ٢ | ١.١ کێشەی توێژینەوەکە |
| ٤ | ٢.١ گرنگی توێژینەوەکە |
| ٥ | ٣.١ ئامانجی توێژینەوەکە |
| ٥ | ٤.١ سنوری توێژینەوەکە |
| ٦ | ٥.١ پێناسەی زاراوەکان |
| ١٠ | **بەشی دووەم:** |
| ١١ | ١.٢ پێشینەی تیۆری |
| ١١ | ١.١.٢ دیزاینی فێرکاری و تایبەتمەندیەکانی |
| ٢٤ | ٢.١.٢ دەروازەیەک دەربارەی هونەری سیرامیک |
| ٢٧ | ٣.١.٢ ڕەگەزەکانی داڕشتن |
| ٣٠ | ٤.١.٢ پەیوەندیە جوانیەکانی داڕشتن |
| ٣٣ | ٢.٢ توێژینەوەکانی پێشوو |
| ٣٣ | ١.٢.٢ توێژینەوەی (الامام، ١٩٩٦) |
| ٣٤ | ٢.٢.٢ توێژینەوەی (البیاتی، ١٩٩٦) |
| ٣٥ | ٣.٢.٢ توێژینەوەی (الحدیثی، ١٩٩٧) |
| ٣٧ | ٤.٢.٢ توێژینەوەی (عباس، ٢٠٠٦) |
| ٣٨ | ٥.٢.٢ توێژینەوەی (محمد، ٢٠١٣) |

| | |
|---|---|
| ٦.٢.٢ توێژینەوەی (البیاتی، ٢٠١٣) | ٤٠ |
| ٧.٢.٢ توێژینەوەی (احمد، ٢٠١٥) | ٤١ |
| ٨.٢.٢ توێژینەوەی (محمد، ٢٠١٥) | ٤٣ |
| ٩.٢.٢ توێژینەوەی (حداد، ٢٠١٨) | ٤٤ |
| ١٠.٢.٢ توێژینەوەی (آل سعود، ٢٠٢٠) | ٤٦ |
| ٣.٢ بەراوردکردن لەنێوان توێژینەوەکانی پێشوو | ٤٧ |
| ٤.٢ سودەکانی توێژینەوەکانی پێشوو | ٥٤ |
| **بەشی سێیەم:** | ٥٥ |
| ڕێکارەکانی توێژینەوەکە | ٥٦ |
| ١.٣ میتۆدی توێژینەوەکە | ٥٦ |
| ٢.٣ کۆمەڵگای توێژینەوەکە | ٥٦ |
| ٣.٣ ڕێکارەکانی دانانی بەرنامەی فێرکاری پێشنیازکراو | ٥٩ |
| ٤.٣ هاوکێشە ئاماریەکان | ٧٢ |
| **بەشی چوارەم:** | ٧٣ |
| ١.٤ ئەنجامی توێژینەوەکە | ٧٤ |
| ٢.٤ ڕاسپاردەکان | ٧٥ |
| ٣.٤ پێشنیازەکان | ٧٥ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٧٦ |
| پاشکۆکان | ٨٨ |
| بەرنامەی فێرکاری | ١٠٨ |
| پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی | ب |
| پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی | B |

## پێرستی خشتە



| ژ.خشتە | ناونیشان | لا |
|---|---|---|
| ٣-١ | ڕاپرسی کراوە بۆ بڕگەکانی بابەتی وانەی بڕیارلێدراو بە ڕای شارەزایان | ٥٧ |
| ٣-٢ | ڕاپرسی کراوە بۆ بابەتی وانەی بڕیارلێدراو بە ڕای شارەزایان | ٥٨ |
| ٣-٣ | ڕاپرسی داخراو بۆ بابەتی وانەی بڕیارلێدراو بە ڕای شارەزایان بۆ شیاوی و نەشیاوی | ٥٩ |
| ٣-٤ | ڕاپرسی بۆ بابەتەکانی ناوەڕۆکی بەرنامە فێرکاریەکە بەڕای شارەزایان | ٦١ |
| ٣-٥ | شیاوی و نەشیاوی بۆ ئامانجە فێرکاریە گشتییەکان | ٦٢ |
| ٣-٦ | شیاوی و نەشیاوی بۆ ئامانجە ڕەفتاریەکان | ٦٣ |
| ٣-٧ | شیاوی و نەشیاوی بۆ تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بەرنامەکە | ٦٦ |
| ٣-٨ | شیاوی و نەشیاوی بۆ تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی هەر بابەتێک | ٦٦ |
| ٣-٩ | داتای شیکردنەوە و دیاریکردنی لایەنی (سوکی، گرانی، جیاکاری) بڕگەکانی تاقیکردنەوەی زانیاری | ٦٧ |
| ٣-١٠ | داتاکانی جێگیری (الاثبات) بۆ نمرەکانی زانیاری خوێندکارانی نمونەی سەرەتایی توێژینەوەکە | ٦٨ |
| ٣-١١ | شیاوی ڕێژەی سەدی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی بەرنامە فێرکاریەکە | ٦٩ |
| ٣-١٢ | ڕاوبۆچونی شارەزایان لەسەر ئامادەکردنی ناوەڕۆکی بەرنامە فێرکاریەکە | ٧٢ |



## پێرستی پاشکۆکان



| ژ.پاشکۆ | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | لیستی شارەزایان و هەڵسەنگێنەران بۆ ئامرازەکانی توێژینەوەکە | ٨٩ |
| ٢ | ڕاپرسی کراوە بۆ بابەتەکانی وانەی داڕشتنی سیرامیک/قۆناغی چوار | ٩١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣ | ڕاپرسی داخراو بۆ بابەتەکانی وانەی داڕشتنی سیرامیک/ قۆناغی چوار | ٩٣ |
| ٤ | ڕاپرسی بۆ ئامانجەکانی بابەتەکانی وانەی داڕشتنی سیرامیک/قۆناغی چوار | ٩٥ |
| ٥ | ڕاپرسی بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی وانەی داڕشتنی سیراامیک/قۆناغی چوار | ١٠٠ |
| ٦ | ڕاپرسی بۆ تاقیکردنەوەکانی پێشەکی و پاشەکی بابەتەکانی وانەی داڕشتنی سیرامیک / قۆناغی چوار | ١٠١ |
| ٧ | ڕاپرسی بۆ ڕێگاکانی وانەوتنەوەی بابەتەکانی وانەی داڕشتنی سیرامیک / قۆناغی چوار | ١٠٣ |
| ٨ | ڕاپرسی بۆ دیاریکردنی کاتی پێویستی بابەتەکانی وانەی داڕشتنی سیرامیک / قۆناغی چوار | ١٠٥ |
| ٩ | ڕاپرسی بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی وانەی داڕشتنی سیرامیک/قۆناغی چوار | ١٠٧ |
| ١٠ | بەرنامەی فێرکاری | ١٠٨ |


## پێرستی هێڵکاریەکان


| ژمارە | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٢-١ | کرداری پەیوەندیکردن و توخمەکانی | ١٤ |
| ٢-٢ | مۆدێلی گشتی (ADDIE) | ٢٣ |

# بەشی یەکەم

## (پێشینەی تووێژینەوەکە)

١ . ١ کێشەی توێژینەوەکە

١ . ٢ گرنگی توێژینەوەکە

١ . ٣ ئامانجی توێژینەوەکە

١ . ٤ سنوری توێژینەوەکە

١ . ٥ پێناسەی زاراوەکان

# بەشی یەکەم

## ١ . ١ کێشەی توێژینەوەکە:

لێهاتووی یەکێکە لەو ئەزموونە کردەییانەی خوێندکار لەناو هونەردا بەردەوام هەوڵی بۆ دەدات و پراکتیکی دەکات لەپێناو دەستکەتن و فێربوونی بابەتی ویستراو کە خوێندکار کارامەیی و لێهاتوویی خۆی دەنوێنێت تێیدا. بۆیە جێی ئاماژەیە لەم سەردەمەدا دیاردەیەکی فێرکاری بڵاوبۆتەوە لە گۆڕەپانی پەروەردە و فێرکردنی جیهانی ئەویش بریتیە لە دانان و دیزاینکردنی بەرنامەی فێرکاری و فێربوون بۆ بابەتەکانی خوێندن لە سەرجەم قۆناغەکانی فێرکردن بەشێوەیەکی گشتی، بۆیە بەشێک لە توێژەران و خوێندکارانی خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) لە زانکۆکانی جیهاندا بەشێوەیەکی گشتی سەرقاڵی ئەم بابەتەن، واتە دانان و دیزاینکردنی بەرنامەی فێرکاری و فێربوون بۆ بابەتە جۆراو جۆرەکانی خوێندن لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا، هەر لە باخچەی منداڵانەوە هاتاکو قۆناغی زانکۆ، بە مەبەستی زانینی کاریگەریەکان لەسەر گۆڕاوی پاشکۆی جۆراو جۆری وەک (بەدەستهێنانی زانیاری و لێهاتوویی، جۆرەکانی بیرکردنەوە و خولیا، وەک لێکۆڵینەوەکانی هەریەک لە توێژینەوەکانی پێشوو کە کاریان لەسەر کراوە.

لەم ڕوانگەوە توێژەر پەپێی ئەوەی یەکێکە لە دەستەی مامۆستایانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ بیری کردەوە لە دانانی بەرنامەیەکی فێرکاری بۆ یەکێک لە بابەتەکانی خوێندنی پەیمانگا و بەپێی بواری پسپۆڕیەکەی (سیرامیک) بەپێویستی زانی کرۆکی بەرنامەکە یەکێک بێت لە بابەتەکانی لقی سیرامیک. بەپێی ئەزمونی توێژەر لەناو ناوەندەکانی خوێندندا لەپەیمانگای هونەرە جوانەکاندا هیچ مەنهەجێکی دیاری کراو نیە کە سەرجەم پەیمانگاکان پابەند بن پێوەی، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی گەورەیە ڕووبەڕوی پەیمانگاکان دەبێتەوە.

ووتنەوەی بابەتەکان وابەستەیە بە ئاستی زانستی و لێهاتویی مامۆستاوە، بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوەی جیاوازی دەبێت لەسەر ئاستی فێربوونی خوێندکار بەپێی توانای مامۆستاکان, کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی فێرکاری ترە کە پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت, بۆیە لێرەوە بیرۆکیی ئەم توێژینەوەیە وەک پرسیارێک لای توێژەر گەڵاڵە بوو کە ئایا ئەگەر پرۆگرامێکی باش و فرە ڕاهێنراوی تۆکمە لەڕووی زانستی و پەروەردەیی و پیشەییەوە ئامادە بکرێت بۆ بابەتی داڕشتن لە بواری سیرامیکدا، کە

سەرجەم ڕەگەزەکانی پڕۆگرامی خوێندن لەخۆ بگرێت وەک ( ئامانجەکان، ناوەڕۆکی بابەتەکان، ڕێگاکانی وانەوتنەوە، هۆیەکانی فێرکردن، چالاکی و شێوازی هەڵسەنگاندن) بۆ ئەوەی مامۆستایان پشتی پێ ببەستن بۆ ووتنەوەی بابەتەکە بە خوێندکارەکانیان، ڕۆڵی دەبێت لەسەر پەرەپێدان بە تواناکانی خوێندکارەکان لەو بابەتەدا، لە ڕوانگەی شارەزایان و پسپۆڕانی بوارەکەوە؟

نەبونی لەم جۆرە پڕۆگرامانە لەبەشە هونەریەکاندا بە تایبەتی لەناو پایمانگاکانی هونەرە جوانەکاندا کەلێنێکی زانستی فێرکاری گەورەیە چونکە ناوەندەکانی فێرکاری دەبێت بە شێوازێکی سیستماتیکی و دروست وانەکان بە خوێندکاران بڵێنەوە لەکاتێکدا ئەوەی دەبینرێت ئەزمونێکی کۆن لە مەنهەج کە ساڵانی پێشتر دارێژراوە و ئێستاش کاری لەسەر دەکرێت، بەتایبەت لە بەشی شێوەکاریدا کە نوێبوونەوەیەک بەدی ناکرێت بەپێی بەدواداچونە سەرەتاییەکانی توێژەردا بەدەر لە هەبوونی ئەزموونی مامۆستا لەناو پەیمانگادا لە بەشی شێوەکاری، بەتایبەت بواری پسپۆڕی خۆی کە بابەتەکان بەشێوەیەک دەوترێتەوە کە ئامانجی دیاریکراوی تێدا نییە، بە نمونە گەر وانەی دارشتن وەربگیرێت وەک بابەتێکی سەرەکی و ئێجگار گرنگ لە پڕۆگرامی لقی سیرامیک لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بە شێوەیەکی گشتی ئەوە دەبینین کە بابەتەکان کردارین و بەپێی ئەزمونی پێشتری مامۆستا دەوترێتەوە، توێژەر پاش تێرامان لەو پڕۆگرامە لە بیرکردنەوەی ئەوەی گەر بابەتەکان لایەنی تیۆریشی بۆ زیاد بکرێت و شێواز و ڕێگای هونەری بەکار بهێنرێت ئامانجە گشتی و تایبەتیەکان دیاری بکرێت لەگەڵ بەکارهێنانی نمونەی شێوازی کارکردن ئەشێ ئاراستەیەکی باشتر وەربگرێت، بۆیە توێژەر لە ئەنجامی ئەو سەرنج و تێبینیانە کە کێشەی زانستین لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بەشی سیرامیک لە بابەتەکانی وانەی دارشتندا کە پێویستە بەڕێگای زانستی چارەسەر بکرێن بەم جۆرە چەن پرسیارێک لە لای توێژەر گەڵاڵە بوو وەک:

- ئایا ئەو بابەتە هونەریانە چین کە پێویستە لە بابەتی دارشتنی بڕیارلێدراودا بەسەر خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی سیرامیک بەشی شێوەکاری لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە میانەی ساڵێکدا بخوێنرێت ؟
- ئایا پڕۆگرامی بابەتەکە لەسەر چی بنەماو پێوەرێکی هاوچەرخ ئەنجامدراوە و ئامادە بکرت؟ بۆ ئەوەی مامۆستایانی بابەتەکە سودی لێ ببینن وەک ڕێبەرێک؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە توێژەر بڕیاریدا بە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بریتیە لە کێشەی توێژینەوەکە، بە مەبەستی دیزاینکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ بابەتی داڕشتن لە سیرامیکدا بۆ ئەوەی مامۆستایانی بابەتەکە لە پەیمانگاکان بەکاری بهێنن بۆ وتنەوەی بابەتەکە ئەمە ئەگەر پەسەندکرا لەلایەن شارەزایانی بوارەکە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بریتیە لە کێشەی توێژینەوەکە.

## ١ . ٢ گرنگی توێژینەوەکە:

ڕادەی گرنگی هەر توێژینەوەیەک بەندە بەگرنگی بابەتەکەیەوە بۆیە بابەتی توێژینەوەی ئێستامان جەخت دەکاتەوە لەسەر دانانی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیارکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتویەکانی خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ لە بابەتی وانەی داڕشتنی سیرامیک، بە شێوەیەکی زانستی کە زۆرینەی توێژینەوەکانی پێشوو لەم بوارەداسەلماندویەتی ئەگەر بەرنامەی فێرکاری بەشێوەیەکی زانستی دابنرێت دەربارەی هەر بابەتێکی خوێندن سودێکی کارا و کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی فێربوونی خوێندکاران و لێهاتوویيەکانیان لە بوارە جۆراو جۆرەکاندا، بۆ نمونە وەک هەریەک لە توێژینەوەکانی (الحدیثی، ١٩٩٧) و (عباس، ٢٠٠٦) و (محمد، ٢٠١٣) و (البیاتی، ٢٠١٣) و (احمد، ٢٠١٥) و (محمد، ٢٠١٥).

هەروەها هونەری سیرامیک لە دێر زەمانەوە هەبووە و وورده وورده بەپێی کات و قۆناغی مێژوویی گەشەی کردووە، وەک دەبینین بەپێی کلتوری شارستانیەتە جیاوازەکان لە سەرەتادا وەک پێداویستیەکی ژیانی ڕۆژانە بەکارهاتووە، بەڵام دواتر گەشیکردووە و بەتایبەت لە ئێستادا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە لە ڕووی شێواز و تەکنیکی دروستکردنی، جگە لە مەبەستی ئەو دروستکراوان کە ئێستا زیاتر بە مەبەستی جوانی و ئستاتیکاوە دروست دەکرێت هەروەک و تابلۆ و پەیکەر هەر بۆیە گرنگی توێژینەوەکەمان لەم خاڵانەی خوارەوەداکورت دەبێتەوە:

لە ڕووی پراکتیکیەوە سودی دەبێت بۆ:

أ. مامۆستایانی بابەتی سیرامیک لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە ڕێگای بەکارهێنانی بەرنامە پێشنیارکراوەکەوە بۆ ووتنەوەی بابەتەکانی وانەی داڕشتنی سیرامیک بە خوێندکارانیان.

ب. خوێندکارانی بەشی سیرامیک ئەگەر مامۆستاکانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بەکاری بهێنن بۆ ووتنەوەی بابەتی داڕشتن-سیرامیک بە خوێندکارەکانیان هەروەها سودی لێدەبینن دوایی تەواوکردنی خوێندنیان کاتێک وەک مامۆستا وانە دەڵێنەوە لە قوتابخانەکاندا.

ج. خوێدکارانی خوێندنی باڵا وەک توێژینەوەیەکی پێشوو لەکاتی ئەنجامدانی لەم جۆرە توێژینەوانەدا.

د. کتێبخانەی کوردی، لە ڕێگای دەوڵەمەند کردنی بە سەرچاوەیەکی زانستی ڕەسەن دەربارەی چۆنیەتی وتنەوەی بابەتی داڕشتن لە بواری سیرامیک بە خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان.

ه. لایەنی پەیوەندیدار بە پێشخستنی پرۆگرام و ڕێگاکانی وانەووتنەوە لە وەزارەتی پەروەردەی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕێگای سوود وەرگرتن لە شێوازی ئامادەکردنی پرۆگرامەکان.

## ١ . ٣ ئامانجی توێژینەوەکە:

دیزاینی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی بابەتی داڕشتنی سیرامیک لای خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ.

## ١ . ٤ سنوری توێژینەوەکە:

١.٤.١ سنوری بابەت: دیزاینکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو دەربارەی بڕگەکانی بابەتی داڕشتن لە بواری سیرامیکدا، کە پێکهاتووە لە (ڕەگەزەکانی داڕشتن، سیرامیکی شێوە ئەندازەیی، سیرامیکی شێوە مێژوویی، سیرامیکی شێوە ڕووەکی، سیرامیکی شێوە ئاژەڵی، سیرامیکی دیواربەند، سیرامیکی شێوە تەعبیری، سیرامیکی کاری سەربەست)

٢.٤.١ سنوری مرۆیی: خوێندکارانی قۆناغی چوارەم لە بەشی سیرامیک.

٣.٤.١ سنوری شوێن: پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ بەشی شێوەکاری

٤.٤.١ سنوری کات: ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠ - ٢٠٢١)

## ١ . ٥ پێناسەی زاراوەکان:

### ١ . ٥ . ١ بەرنامەی فێرکاری:

### ١ . ٥ . ١ پێناسەی زارەکی (الاصطلاحي)

بە چەند شێوازێک پێناسەکراوە وەک:

أ. (بابان، ٢٠١٢) کە بەم شێوەیە پێناسەی کردووە "پلانێکی دیزاینکراوە کە کۆمەڵێک لە یەکە فێرکاریەکان لەخۆ دەگرێت بەپێی ئاکامێکی ڕێکخراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی، کە ئامانجە فێرکاریەکان و ناوەڕۆک و چالاکی و هۆکارە فێرکاریەکان و ڕێگاو شێوازەکانی وانەوتنەوە و ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن لەخۆ دەگرێت". (بابان، ٢٠١٢، لا ١٣)

ب. پێناسەی(أحمد، ٢٠١٥) کە دەڵێت "نەخشەیەکی ئامادەکراوی فێربوونە یان ڕاهێنانی فێرخوازانە، کە بابەتەکانی بەشێوەی زنجیرەیی گرێدراوی یەکتر داڕێژراون، بەمەبەستی بەدەستهێنانی لێهاتوویی فێرخوازان بەکاردەهێنرێت بەشێوەیەکی گونجاو، لەگەڵ شێواز و جۆری وانەوتنەوەکە بگونجێت، کە پێکهاتووە لە ئامانج و ناوەڕۆک و چالاکی فێرکاری و کەرەسە و هۆیەکانی هەڵسەنگاندن بەشێوەیەکی ڕێک و پێک". (أحمد، ٢٠١٥، لا ٩)

### ١ . ٥ . ٢.١ پێناسەی تیۆری توێژەر:

پلانێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوە بۆ بابەتێکی دیاریکراو کە پێکدێت لە ئامانجە فێرکاری و پەروەردەییەکان و ناوەڕۆکی بابەتی دیاریکرا و ڕێگای وانە وتنەوە و هۆکارەکانی فێرکردن و دیاریکردنی شوێنی وانەوتنەوە و تاقیکردنەوەکان کە بە شێوازێکی ڕێکخراو ئامادە دەکرێت.

### ١ . ٥ . ٣.١ پێناسەی ڕێککاری:

دیزاینێکی فێرکاری داڕێژراوە، دەربارەی بابەتی داڕشتنە لە بواری سیرامیک، بۆ مامۆستایانی بابەتەکە بۆ ئەوەی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ بەکاری بهێنن بۆ ووتنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکە بە خوێندکارەکانیان.

**١ . ٥ . ٢ گەشەپێدان:**

**١ . ٥ . ١.٢ پێناسەی زارەکی:**

أ. (فرج، ٢٠١٥) پێناسەی کردووە "بە واتای پەرەسەندن و گۆڕانکاری و گەشەکردن دێت" (فرج، ٢٠١٥، لا ١٢)

ب. (ئەمین، ٢٠١٥) پێناسەی کردووە بە " واتای گواستنەوە لە بارێکی جێگیر و وەستاوەوە بۆ بارێکی بەرزتر و باشتر" ( ئەمین، ٢٠١٥، لا ١٤)

**١ . ٥ . ٢.٢ پێناسەی تیۆری توێژەر:**

گۆڕانکاریە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی باشتر، کە ئاستێکی بەرزتر دەبینێت بەخۆیەوە.

**١ . ٥ . ٣ لێهاتوویی:**

**١ . ٥ . ١.٣ پێناسەی زارەکی:**

**أ.** (أبراهیم، ٢٠٠٦) پێناسەی دەکات " چالاکیەکە، کارامەییەکی ڕێکخراو و ئەزمونێکی تۆکمەی پێویستە بۆ ئەنجامدانی کارێک بە پلەیەکی بەرز لە ووردی" (أبراهیم، ٢٠٠٦، لا ١٨٢٥)

**ب.** (میکە، ٢٠١٠) پێناسەی دەکات بەوەی " ئەو کردە و چالاکیەیە مامۆستا ئەنجامی دەدات لەکاتی وانەوتنەوەدا بە پلەیەکی بەرز لە ووردی و ووریایی و خێرایی و ئاسانی ئەنجامی دەدات، دەکرێت بەپێی ئامرازەکانی توێژینەوە پێوانە بکرێت" (میکە، ٢٠١٠، لا ١٢)

**١ . ٥ . ٢.٣ پێناسەی تیۆری توێژەر:**

بریتیە لە ئەنجامدانی کارێک یان چالاکیەک بە ووردی و خێرایی و مرونەت.

**١ . ٥ . ٤ سیرامیک:**

**١ . ٥ . ١.٤ پێناسەی زارەکی:**

أ. (حسێن، ٢٠١٧) بەم جۆرە پێناسەی دەکات " بریتیە لە گڵی جۆشدراوی شوشەکراو، ئەوەی لە قوڕ دروستبکرێت و بە ئاگر سوربکرێتەوە لە پلەی گەرمی پێویستدا" (حسێن، ٢٠١٧، لا ٦)

ب. (عەلی، ٢٠١٨) پێناسەی دەكات بەوەی كە " فۆڕمێكە پێك دێت لە كۆمەڵێك هەنگاوی یەك لەدوای یەك، كە سەرەتا لە ئامادەكردنی جۆری ماتریاڵی بەكارهاتوو(گڵ) و پاشان شێوازی بونیاتنانی فۆڕمەكە و دوا بادوای ئەوەش جوانكاری و ڕازاندنەوەی فۆڕمەكە پاشان میكانیزمی كۆتایی سوركردنەوەی ئەو فۆڕمە. (عەلی، ٢٠١٨، لا ٤٩)

**١ . ٥ . ٢.٤ پێناسەی تیۆری توێژەر:**

فۆڕمێكە لە گڵ دروست دەكرێت و دوای ووشكبوونەوە دەكرێتە فڕنەوە و سوردەكرێتەوە و پتەو دەبێت، دواتر ڕەنگ و شوشە دەكرێت بۆ دوو مەبەست بەكار دێت،ئەوانیش یان وەك فۆڕمێكی ئستاتیكی جوانكاری یان وەك ئامڕاز و پێداویستی و كاروباری ڕۆژانە.

## ١ . ٥ . ٥ دارِشتن:

## ١ . ٥ . ١.٥ پێناسەی زارەكی:

أ. (عبد، ٢٠١٢) پێناسەی دەكات بەوەی كە "پرۆسەی ڕێكخستنی توخمە هونەریەكانە بە ئامانجی دروستكردنی یەكەیەكی بیرۆكەیی، یاخود بریتیە لە شێوازی ڕێكخستن و گرێدانی بەشەكانە لە كارێكی هونەریدا بەشێوەیەكی هارمۆنی بەرهەم دێت". (عبد، ٢٠١٢، لا ٣١)

ب. (شودب، ٢٠٢٠) پێناسەی دەكات بەوەی كە "واتای پێكهاتەی هونەری دەگەیەنێت، دەكرێت بوترێت توخمێكی هونەرە جوانەكانە كە ناسراوە بە ڕێكخستن و بناغەی كاری هونەری كە هۆكارێكە بۆ توانای دەربڕین، هەروەها دارشتن واتای بەرجەستەكردنی كارە هونەریەكانە بۆ بەدەستهێنانی فۆڕمی دیاریكراو زۆرترین بابەتە گرنگەكانی وێنە و فۆڕمی پێدەر دەبڕدرێت كە گوزارشتە لە كەسایەتی هونەرمەند و توانای دەربڕینی جوانی و ڕۆشنبیری".(شودب، معنى التكوين الفني، ٢٠٢٠)

### ١ . ٥ . ٢.٥ پێناسەی تیۆری توێژەر:

بریتیە لە ڕێکخستنی ڕەگەزەکانی کارێکی هونەری لەسەر ڕووبەرێک یان پانتاییەک بەپێی کۆمەڵێک بنەما و پەیوەندی جوانی وەک: یەکە، زاڵبوونهاوسەنگی، ڕیتم، هارمۆنی، گونجاندن)

## ١ . ٥ . ٦ پەیمانگای هونەرە جوانەکان:

## ١ . ٥ . ٦. ١ پێناسەی زارەکی:

أ. لە یاسای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی عێراقیدا پێناسە کراوە بەوەی کە دەزگایەکی فێرکارییە لێپرسراوە لە بابەتی هونەری و ڕۆشنبیریەکان بەتایبەت بۆ پەروەردە و کارکردن لە بواری هونەردا، کە سەرجەم بەشەکانی پێکدێت لە (شێوەکاری، شانۆ، مۆسیقا) ماوەی خوێندن لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان پێنج ساڵە، دوای خویندنی قوتابخانەی ناوەندی یان هاوتاکەی، وەزارەتی پەروەردە بڕوانامەی هونەری لەبەشی لێهاتویی دەداتە ئەو خوێندکارانەی کە خوێندنیان لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان تەواو کردووە. (الوقائیع العراقیة، ، نظام معهد الفنون الجمیلة، ٢٠١١)

ب. (عطا، ٢٠١٥) پێناسەی کردووە بەوەی پەیڕەوێکی ناوخۆی وەزارەتی پەروەردەیە کە قۆناغێکی پەروەردەیی پێنج ساڵیە، خویندکارە سەرکەوتووەکانی پۆلی سێی ناوەندی وەردەگرێت، لە چەند بەشێکی تەکنیکی پێکدێت کە بابەتە تەکنیکیەکانی خوێندکاران ئامادە دەکات بۆ ثەروەردە یان کارکردن لەبوارەکانی هونەردا چی شانۆ بێت یان شێوەکاری یان مۆسیقا. (عطا، ٢٠١٥، لا ٣٧٠)

### ١ . ٥ . ٦. ٢ پێناسەی ڕێککاری:

پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ لە ساڵی (٢٠٠٧ – ٢٠٠٨) دامەزراوە، تەنها بەشی شێوەکاری تێدا کراوەتەوە  کە پێکدێت لە (وێنەکێشان، سیرامیک، پەیکەر) کە یەکێکە لەو پەیمانگایانەی سەر بە وەزارەتی پەروەردەیە، تاکو ئێستا بڕوانامەی دبلۆمی بە (١٠) خولی دەرچوان داوە، کە دوای تەواوکردنی پەیمانگا وەک هونەرمەند یان وەک مامۆستا لە قوتابخانە بنەڕەتیەکاندا وانە دەڵێنەوە.

# بەشی دووەم

## (پێشینەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو)

٢ . ١ چوارچێوەی تیۆری

٢ . ١ . ١ دیزاینی فێرکاری  و تایبەتمەندیەکانی

٢ . ١ . ٢  دەروازەیەک دەربارەی هونەری سیرامیک:

٢ . ١ . ٣ ڕەگەزەکانی داڕشتن:

٢ . ١ . ٤ پەیوەندیە جوانیەکانی داڕشتن:

٢ . ٢ توێژینەوەکانی پێشوو

٢ . ٣ بەراوردکردن لە نێوان توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی دووەم

# (پێشینەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو)

## ٢. ١ پێشینەی تیۆری:

### ٢ . ١ . ١ دیزاینی فێرکاری و تایبەتمەندیەکانی:

چەمکی دیزاینی فێرکـاری هەنـدێـک جـار بە (ISD) نـاودەبرێـت و بریتیە لە پەیڕەوکردنی ئەزمونی فێرکاری بەمەبەسـتی بەدەسـتهێنانی لایەنی مەعریفی و لێهاتویی بەشێوەیەکی کاریگەر و پێشکەوتوو. (أحمد، ٢٠١٥، لا ١٧)

(سـیلیس و ڕیتچی) پێناسـەی ئەکەن بەوەی ڕێککاریەکی ڕێکخراوە کە کۆمەڵێک چالاکی لەخۆ دەگرێت بەشێوەی توانای پلەبەندی. (الداوود، ٢٠١٤، لا٤٤)

زانسـتی دیزاینی فێرکاری زانسـتێکی مۆدێرنە کە لە کۆتا سـاڵەکانی سـەدەی بیسـتەمدا سەریهەڵدا کە بناغەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ بەشێک لە بزوتنەوە سایکۆلۆژیە پەروەردەییەکان، هەروەها بەشێک لە ڕەگەزەکانی دەرونناسی پەروەردەیی بریتی بووە لە بەرجەستەکردنی تیۆری سـیسـتمەکان لەپەروەردەدا. ئەم شـێوازە بووە هۆی دروسـتبونی جوڵانەوەی دیزاینی فێرکاری لە حەفتاکاندا.

زۆرێک لە زانـایـان کرداری دیزاینیـان دیـاریکردووە بە (پلاندانـان) کە لەسـەر ئەم پێناسـەیە دانراوە: کە زانسـتێکە ،وەسـفی ڕێکارەکانی تایبەت بە هەڵبژاردنی بابەتە پەروەردەییەکان دەکات وەک (پێداویسـتی و کەرەسـتە و بەرنامە و مەنهەجەکان) بۆ دیزاینکردن و شـیکردنەوە و ڕێکخسـتن و گەشـەپێدان و بەهێزکردنی دیزاینی پرۆگرامی فێرکاری، کە یارمەتیدەرە بۆ فێربونی باشتر و خێراتر. هەروەها یارمەتی مامۆستا دەدات لە پەیڕەوکردنیدا کە باشترین ڕێگایە بە کەمترین کات و کۆشش. (المزروع، ٢٠١٥، لا ١)

#### ٢ . ١ . ١ . ١ بناغە تیۆریەکانی دیزاینی فێرکاری:

سەرەتای دەرکەوتنی دیزاینی فێرکاری هاوکاتبوو لەگەڵ جێبەجێکردنی ڕێکخستنی گشتی جیهانی (بیرتنفی) لەماوەی ڕوداوەکانی جەنگی جیهانی دووەمدا (١٩٣٩-١٩٤٥)، هەروەها (جەیمس فێن) توانی تیۆری سیستمەکان و دیزاینی فێرکاری بەتەکنەلۆجیای فێرکردن ببەستێتەوە کە دواتر پێی دەوت (دیزاینی فێرکاری) وەک زانستێکی پێکەوەبەستراو لەسەر بنەمای کۆمەڵێک چەمک و بناغەی تیۆری کە پەیوەستە بە چەندین بابەتەوە لە دیارترینیان:

١. دەروازەی سیستەم، تیۆری سیستەمی گشتی (System Approach).
٢. تیۆری فێربون و فێرکردن (Learning & Instructional) و تیۆریە پەروەردەییە هاوچەرخەکانی پەیوەست بە تیۆری گاردنەر بۆ زیرەکی فرەیی.
٣. تیۆری پەیوەندی و مەوداکەی و لێکەوت و هۆکارەکانی بینین و بیستن (Communication Theory).

**یەکەم: دەروازەی سیستەم:** یەکێکە لە گرنگترین دامەزراوەکانی دیزاینی فێرکاری کە هەنگاوەکانی بریتیە لەمانەی خوارەوە:

أ. دیاریکردنی ئامانج.
ب. شیکردنەوەی ڕەگەزەکانی سیستەمەکە.
ج. دیزاینکردنی سیستەمەکە (هێڵکاری).
د. جێبەجێکردنی سیستەمەکە.
ه. هەڵسەنگاندنی سیستەمەکە.
و. پێداچونەوە و چاودێریکردنی (التغذية الراجعة). (الداوود، ٢٠١٤، لا٦ - ١٠)

**دووەم: دیزاینی فێرکاری و تیۆریەکانی فێربون و فێرکردن:** بەدواداچونی پێشـــکەوتنی زانســـتی دیزاینی فێرکاری بۆی دەردەکەوێت کاریگەری لە مەیدانی دەرونناســـی و تیۆریەکانی قوتابخانە جیاوازەکانی لەســـەر بووە کە دەکرێت قوتابخانەکان بەم شـــێوەیە سنوردار بکرێن:

أ. **دیزاینی فێرکاری و قوتابخانەی ڕەفتاری:** دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی مەزهەبی فەلســـەفەی ڕەفتاری کە کۆکراوەی فەلســـەفەی واقعی و فەلســـەفەی جەوهەرییە لەیەک چوارچێوەدا. (عبدالعـاطی، ٢٠١٠، لا٩) زانســـتی دیزاینی فێرکـاری لەســـەرەتای دامەزراندنیەوە لەژێر کاریگەری تێڕوانینە تیۆری و ئەزمونیەکانی قوتابخانەی ڕەفتاری بووە، (ســـیگنەر و گانیە و برجز) یەکەم نوســـەری ئەم زانســـتەن کە بەژداریان کرد لە ئەگەری گونجاندنی پەروەردە و باشـــترکردنی بەڕێوەبردن و کاریگەرتر و کاراتر، بەدامەزراندنی بنەماکانی فێربونی ڕەفتاری، کە تێیدا جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕوداوە دەرەکیەکانی پەروەردە و پشتگوێخستنی ئەو پرۆسە هزریانەی کە فێرخوازان لەکاتی پرۆسەی فێرکردندا پەیڕەوی دەکەن.
ب. **دیزاینی فێرکاری و قوتابخانەی زانین (معرفی):** تیۆری زانین لەســـەر ئەو بنەمایە ســـەرچاوەی گرتووە کە فێربون ماناداردەبێت ئەگەر هاتوو ئەزمونە نوێیەکان و ڕەمزەکان پەیوەســـت بکرێنەوە بەو ئەزمونە کۆنانەی کە هەیە بەمەبەســـتی

ماناداركردنيان و هەڵگرتنيان لە يادەوەريدا لەكاتى پێويســـــتدا لەڕێگەی يادگەوە دەگوازرێنەوە بۆ دۆخی نوێ، تیۆری زانین جەخت لەســـــەر ئەوە دەکاتەوە کە چۆن پێشـــــوازی لە زانیاریەکان دەکرێت و چارەســـــەردەکرێت و ڕێکدەخرێت و پـارێزگـاری لێدەکرێت و بیردێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ یـادی فێرگە، واتە گرنگی دەدات بەوەی کە خەڵـک چۆن بیردەکـاتەوەو گرنگی دەدات بەوەی لەســـــەری مرۆڤدایە. دیزاینی فێرکاری وەک بەشـــێک لە تەکنەلۆجیای فێرکاری ســـودی لە تیۆری زانین وەرگرتووە و ڕۆڵی (گانیە و وایت) ی دەستنیشـان کردووە. تیۆری زانین لەلێکدانەوەی پەروەردەدا کاتێک هەوڵ دەدات پەیوەندی نێوان بناغەیی و بیر و ئەنجامەکانی ڕونبکاتەوە. (الداوود، ٢٠١٤، لا١٥)


ج. **دیزاینی فێرکـاری و قوتـابخـانەی بینـائی:** بەهۆی ڕەخنەگرتن لەڕوانگەی ڕەفتارییەوە چەمکی نوێی پەروەردەیی دەرکەوت کە بانگەشـــەی گەشـــەســـەندنی زانین و لێهـاتوویی فێرخواز نـاکـات، بەڵکو دەبێت بزانێت چۆن فێردەبێت ؟ وە چۆن بیردەکاتەوە ؟ بۆیە تێڕوانینی بینائی یەکێکە لە دەروازەکانی چارەســـــەری ئەم جۆرە کێشـــــانە، کەلەگەڵ ئەو ســـــەردەمەدا دێت کە تێیدا دەژین . ئامانجی پەروەردە گواســـتنەوەی زانیارییە بۆ فێرخوازان کە چۆن زانیاری خۆیان بونیات بنێن، بۆیە کەســـانێکی زۆر گرنگی دەدەن بەوەی پرۆســـەی فێربوون و فێرکردن لەسەر بنەمای بینائی بێت، لەم ڕوانگەیەوە کەسەکان خۆیان زانیاری باشتر پەیدا دەکەن ئەگەر فێرخواز خۆی چارەسەری بکات و ستایشی پێکهاتەی بینائی خۆی بکات، کە زۆرجار جیاوازە لەو کەســـــانەی لەڕی مامۆســـــتاوە زانیاری بۆ دابین دەکرێت یاخود ســـــەرچاوەیەکی ترەوە، ئەمە واتای ئەوەیە کە بەدەســـــتهێنانی زانیاری لەڕێگای بونیاتنانی ناوەوەیە لەدەرەوە وەرنەگیراوە، (عبدالعاطی، ٢٠١٠، لا١٢)

د. **دیزاینی فێرکاری و تیۆری فرە زیرەکی:** لە تیۆریە مۆدێرن و گاشـەســەندوەکانی بواری زیرەکی .. تیۆری فرەزیرەکی (گاردنەر) ە، کەکاریگەری بەرچاوی هەبووە لەباشـــکردنی بواری دیزاین و گەشـــپێدانی فێرکاری، دوای ئەوەی ناوەڕۆک و ئاراســتەکانی بەشـێوەیەکی گشـتی لەبواری فێربون و فێرکردندا بەکارهێنران. بە ووتەی خاوەنەکەی (هوارد گاردنەر) هەر فێرخوازێک کەمتر لە دە جۆر زانیاری هەیە (زمـانەوانی، مـاتمـاتیکی، شـــوێن، بینین، جوڵەیی، فیزیکی، میوزیک، ۆ،دی، ســروشــتی) و زیرەکی بونی تازە زیادکراو و زیرەکی ڕۆح. زوربەی فێرخوازان

دەتوانن هەریەک لە زیرەکی پێشـــویان پەرەپێبدەن تاکو توانایەکی گونجاو لەماوەی تەواوکردنی خوێندندا لەنێوانی فرەزیرەکی و شێوازاکانی تری فێربوون. (سرایا، ٢٠٠٧، لا٥٤)

**سـێیەم: دیزاینی فێرکـاری و تیۆری پەیوەنـدیکردن:** ئەسـڵی زمـانەوانی ووشـەی پەیوەندیکردن دەگەڕێتەوە بۆ ووشـەی لاتینی (commuis) بەواتای گشـی یان باو دێت، کە لە ئینگلیزیدا یەکسـانە بە وشـەی (common) (باو) واتە هاوبەشـیکردن یان بەژداریکردن، ئەم وەرگێڕانە پشـتگیری ئەو بیرۆکەیە دەکات کە پەیوەنـدی تەنیـا بە پرۆسـەی گواسـتنەوەی زانیاریەوە نییە لەکەسـێکەوە بۆ کەسـێکی تر، بەڵکو پرۆسـەی کارلێککردنێکی کۆمەڵایەتییە. بۆیە پەیوەندیکردن بریتیە لە گواسـتنەوەی زانیاری ، بیرۆکە یان نامەیەک لەکەسـێکەوە بۆ کەسـێکی تر، وە دروسـتکردنی کەشـو هەوای تێگەیشـتن لەنێوانیاندا. پەیوەندیەکە بریتیە لە ناردنی زانیاری لە کەسێک یان گروپێک بۆ کەسێکی تر یان کەسانی تر بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕێگای هێماوە. (الداوود، ٢٠١٤، لا١٨)

توخمەکانی پرۆسـەی پەیوەندیکردن و گەیاندن کورتدەکرێنەوە بۆ (نێرەر، پەیام، کەناڵی پەیوەندیکردن، وەرگر، کاردانەوە (التغذیە الراجعە).




هێڵکاری (٢-١)

کرداری پەیوەندیکردن و توخمەکانی

(الدعکس، ٢٠٠٩، لا ٣١)

## ٢ . ١ . ١ . ٢ بنەماکانی دیزاینی فێرکاری:

جەخت دەکاتاوە لەسەر حەوت بنەمای سەرەکی کە چواریان پەیوەندی بە چالاکی و کەرەسـتەی پەروەردیەوە هەیە ، بەڵام سـیانەکەی تریان پەیوەنـدی بە ژینگەی پەروەردەییەوە هەیە.

**بنەمای یەکەم:** ڕێکخراو و ئاسان بێت.

**بنەمای دووەم:** قابیلیەتی گۆڕانی هەبێت.

**بنەمای سێیەم:** بەشێوەی هارمۆنی بەردەوامبێت.

**بنەمای چوارەم:** ڕون بێت و شیکردنەوەی بۆ کرابێت.

**بنەمای پێنجەم:** پشتگیری لەفێرخوازان بکات.

**بنەمای شەشەم:** پشتبەستبێت بە سنوری هەوڵی توانای فێرخواز.

**بنەمای حەوتەم:** مامۆستای گونجاو، کە پشت ببەستێت بە هۆکاری فێرکردنی جیاواز.(الحیلة، ١٩٩٩، لا٤١).

## ٢ . ١ . ١ . ٣ گرنگیەکانی دیزاینی فێرکاری:

دیزاینی فێرکاری بەرجەستە دەکرێت بەشێوەیەکی پراکتیکی لەبواری پەروەردەدا بە گرنگیەکی زۆرەوە، لەپێناوی ئەوەی سیستمێکی پەروەردەیی باشتر پەیڕەوبکرێت، بۆیە بەردەوام کار لەسەر پەرەپێدانی دەکرێت و گەشەی پێدەدرێت، بۆیە گرنگی دیزاینی فێرکاری لەم چەند خاڵەدا کۆدەکاینەوە:

أ. زانستی دیزاینی فێرکاری بەدوای پێکەوەبەستن لەنێوان بیرۆکەکان و بنەماکانی تیۆری و بواری زانستی جێبەجێکردندا دەگەڕێت، وەکو ئەو زانستەیە کە ئەڵقەی بەستنەوەی نێوان تیۆری و پراکتیکی بێت.

ب. دیزاینی فێرکاری بەیەکپارچەیی لە پێکهاتەکانی پرۆسەی فێرکردن دەڕوانێت، بۆ ئەوەی هەوڵبدات ناوەڕۆکاکانی ڕێکبخات و وە کۆنترۆڵی پرۆسەکە بکات و ئامانجەکانی بەدیبهێنێت.

ج. دیزاینی فێرکاری بەدوای هێنانەدی گۆڕانکاری و گەشەکردنی تەواوی فێرکردندا دەگەڕێت، واتا گۆڕان لە هەموو بوارەکانیدا نەک تەنها لایەنێکی. (أبو سویرح، ٢٠٠٩، لا ١٦)

د. ڕوبەڕوبونەوەی ئەو گۆڕنکارییە خێرایانەی کەلەدونیای هاوچەرخدا ڕوو دەدات، ئەو پێشکەوتنە تەکنیکیەی کە هەمو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە، بۆیە دەبێت بەدوای باشترین شێواز و ستراتیژی پەروەردەیی بگەڕێین کەدەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان لەکەمترین کاتتدا.

ه. دیزاینی فێرکاری چەندین نمونەی ڕێنویی فێرکاری بۆ مامۆستا دابین دەکات بۆ پلانی وانەوتنەوە یان یەکەی فێرکاری لەسەر بنەمایەکی ڕاست.

و. زانستی دیزاینی فێرکاری پلانی هەڕەمەکی و شێواو کەمدەکاتەوە لای مامۆستا، بەڵکو وێنە و شێوەو نەخشەی ڕێنوێنی بۆ مامۆستا دابین دەکات لەناو بەشەکانی خوێندندا. (حداد، ٢٠١٨، لا ٢٠٦)

ز. باشترکردنی کارامەیی وانەوتنەوە.

ح. گرنتی چێژوەرگرتنی فێرخواز لە فێربونی وانەکە.

ط. گرنتی کردنی پلانی وانەوتنەوەی گونجاو لەکاتی دیاریکراودا. (الموسوی، الحضری، ٢٠٠٧، لا ١٢)

## ٢ . ١ . ١. ٤ توخمەکانی دیزاینی فێرکاری:

أ. دەستنیشانکردنی پێداویستیەکانی فێربوون بۆ دیزاینی بەرنامەی فێرکاری و داڕشتنی ئامانجەکان و دیاریکردنی بەربەستەکان.

ب. دیاریکردنی بابەتە سەرەکیەکان یان ئامانجە گشتیەکانی بەکار دێت لە پرۆسەی فێرکردندا.

ج. تایبەتمەندیەکانی فێرخواز ڕەچاوبکرێت لە پرۆسەی پلاندانانی دیزاینەکەدا.

د. دیاریکردنی ناوەڕۆکی بابەت و شیکردنەوەی ئەرکەکانی پەیوەست بە داڕشتنی ئامانج.

ه. دیزاینکردنی چالاکیەکانی فێرکردنی پەروەردەیی کە لەڕێیەوە ئامانجەکان بەدیبهێنێت.

و. ئامادەکردن و دیزاینکردنی پێداویستیەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی فێرکاریەکە.

ز. دیزاینکردنی تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ زانینی ئامادەباشی فێرخوازان کە بابەتەکە دەخوێنن. (حتروش، ٢٠١٩، لا١١)

## ٢ . ١ . ١ . ٥ هەنگاوەکانی دانانی دیزاینی فێرکاری:

**هەنگاوی یەکەم: دیاریکردنی ئامانجە فێرکاریەکان:** ئامانجی فێرکاری دەربڕینێکە بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی لە هەڵسوکەوتی فێرخوازدا ڕوودەدەن، وەک ئەو ڕەفتارەی لەکۆتایی پرۆسەی فێربووندا بەدیدێت وە کاریگەری پرۆسەی پەروەردە لەسەر هەڵسوکەوتی فێرخواز.

**هەنگاوی دووەم: شیکردنەوەی تایبەتمەندیەکانی فێرخواز:** جیاوازی تاکایەتی و تایبەتمەندی فێرخواز کاریگەری لەسەر فێربونیان هەیە، ئەم تایبەتمەندیانە یارمەتی

مامۆســـتا دەدەن بۆ کێشـــانی نەخشـــەی ســـەرکەوتوو، بەتایبەتی لەکاتی دانانی ئامانجی پەروەردەیی و دیاریکردنی چالاکی پەروەردەییگونجاو. (عبدالحمزة، ٢٠١٢، ل٩٧)

**هەنگاوی ســێیەم: شــیکردنەوەی ناوەڕۆکی فێرکاری:** پێناســەدەکرێت بەوەی شــێوازێکە بەکاردێت بۆ ئامانجە پەروەردەییەکان لەپێناو دیاریکردنی ئەرکە لاوەکی و گونجاوە داواکراوەکاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجی پەروەردەیی.

**هەنگاوی چوارەم: دیاریکردنی ڕەفتاری ناوەوە:** ئەو ڕێگا ڕاستەی کە پەیڕەوی ناوەڕۆکی فێرکاری دەکات لە دەســتنیشــانکردنی کارامەیی فێرخواز پێش دەســتپێکردنی پرۆســەی فێرکردن، بۆ ئەوەی بابەتە پەروەردەییەکان کاریگەربێت دەبێت پلە بەرزەکانی گونجاندن لەنێوان بابەتەکە و فێرخواز و هەڵسوکەوتی ناوەوەی هەبێت. (الحیلة، ٢٠٠٨، ل٩٠)

**هەنگاوی پێنجەم: نوسـینی ئامانجە ڕەفتارییەکان:** ئامانجی ڕەفتاری پێناسـەدەکرێت بەوەی کە گوزارشـــت دەکات لەوەی مامۆســـتا چاوەڕوانی دەکات لە ئەدای فێرخواز لەدوای خوێندن لە ناوەوەو دەرەوەی پۆل. (ابو الضبعان، ٢٠٠٧، ل٣٣٢)

**هەنگاوی شەشەم: دیزاینی ژینگەی فێربوون:** ئەمیش پەیوەستە بە سێ تەوەرەوە:

١) **دیاریکردنی شـــێوازی فێربون و فێرکردن:** هەســـتانی دیزاینەر بەشـــیکردنەوەی ناوەڕۆکی فێرکردن و دیاریکردنی ئامانجی فێرکاری و دیاریکردنی ڕەفتاری ناوەوەی فێرخواز .

٢) **ڕێکخســتنی پۆل:** بەگشــتی شــوێنی نمایشــتکردنی وانەکەیە و مامۆســتا بابەتەکانی تیادا ڕوندەکاتەوە.

٣) **ڕێکخســتنی کاتی وانەوتنەوە:** ڕێکخســتنی کاتی فێرکردن و دابەشــکردنی بەســەر چالاکیەکاندا لە کاتی فێرکردندا، یارمەتی مامۆســتا دەدات بۆ پێدانی کاتی تەواو بۆ هار بەشــێک، مامۆســتای ســەرکەوتوو کاتی گونجاو دیاریدەکات بۆ گەیشــتن بە ئامانجی پەروەردەیی. (جامع، ٢٠١٠، ل١٧٥)

**هەنگاوی حەوتەم: بنیاتنانی تاقیکردنەوە وەک ســـەرچاوە:** واتە ئەو تاقیکردنەوانەی کە بۆ پێوانەکردنی کۆمەڵێک ئامانجی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت، ئەم تاقیکردنەوانە زۆر گرنگن بۆ پێوانەکردن و هەڵسـەنگاندنی فێربون و پێشکەوتنی خوێندکاران، وە هەڵسـەنگاندنی ئەو کەرەستە پەروەردەییانەی لەلایەن مامۆستاوە بەکاردێت.

**هەنگاوی هەشــتەم: دیاریکردنی ســتراتیژی فێرکاری:** ســتراتیژ لە بواری پەروەردەدا دوو مانای هەیە:

**یەکەم:** هونەری بەکارهێنانی توانا بەردەستەکان بە شـێوەیەکی نمونەیی بۆ گەیشـتن بەو ئامانجەی بە پلەی بەرزی لێهاتویی مەزەندەدەکرێت.

**دووەم:** پلانی بنیـاتنـانی گونجـاو بۆ جێبەجێکردن لەمـاوەی دیـاریکراودا، بە هەمو توانـا بەردەستەکان بەشێوەیەکی گونجاو.

بۆیە ســــتراتیژی پەروەردەیی بریتیە لە کۆمەڵێک هۆکارو چالاکی و ئامراز کەبەکاردێت لەپرۆسـەی فێرکردندا، کە باسـی پێکهاتە سـەرەکیەکانی ڕێکخسـتنی کەرەسـتەی فێرکاری دەکـات کەبەکـار دێت بۆ دەرکەوتنی دەرەنجـامی پەروەردەی تـایبەت لای مـامۆســــتـا. (عبدالحمزة، ٢٠١٢، لا٢١)

**هەنگاوی نۆیەم: ڕێکخســــتنی ناوەڕۆکی فێرکای:** ئەو شــــێوازەیە کە کۆی بەشــــەکانی ناوەڕۆکە فێرکاریەکەی تێدا بەکار هاتووە، کە پەیوەندیەکی ناوەکی لەنێوان بەشـە دەرەکی و بابەتە تـازاکەدا دەدۆزێتەوە بە جۆرێک بۆ ئەوەی بە کەمترین کـات و تێچوو ئـامـانجە پەروەردەییەکان بەدەست بهێنرێت.

**هەنگاوی دەیەم: هەڵبژاردنی هۆیەکانی فێرکردن و دیزاین کردنی:** هۆکـارەکـانی فێرکردن ســەرجەم ســەرچاوە بەردەســتەکانی فێربون لە کەرەســتە و ئامێر و تابلۆکان دەگرێتەوە جگە لە کاغەزی ئشکردن و ئامرازەکانی تاقیگە ..... هتد.

یان کۆمەڵێک هاڵسـوکەوت و کەرەسـتە و ئامێری فێرکارییە کەسـەکان بەکاری دەهێنن لە وانەوتنەوەدا بۆ ئاسانکاری پرۆسەی فێرکردن و فێربوون، کە بەژداریدەکات لە بەدیهێنانی ئامانجە فێرکاریەکاندا. (الحیلة، ٢٠٠٨، لا١٧٣)

### ٢ . ١ . ١ . ٥ . ١ چەمکی مۆدێل:

ناسـراوە بەوەی شـێوازێکە لە بیرکردنەوە کە ڕێگا بەیەکخسـتن دەدات لەنێوان تیۆری و پراکتیکی. (الحوامدة والعدوان، ٢٠١١، لا١٦٣) هەروەها پێناســــەیەکیتر بۆ مۆدێل بریتیە لەوەی کە نوێنەرایەتیەکی گریمانەییە، جێگەی ڕاسـتی شـتەکان و دیاردەکان و کردارەکان دەگرێتەوە کە وەســــفی دەکەن یان خوێندنەوەی بۆ دەکات کە ئاســــانکاری دەکات بۆ تەگەیشتن. (ابو سویرح، ٢٠٠٩،لا٢٤).

چەمکی مۆدێل (خمیس) پێناســــەی کردووە بەوەی تێگەیشــــتنێکی ئەقڵییە تەنیا بۆ وەســـفکردنی شــتەکان یان ڕووداوەکان یان بارودۆخەکان یان پرۆســـە واقعیەکان وەک خۆیان، ئەمە بەشـێوەیەکی سـادە یان بینراو یان زارەکییە، کە لەوانەیە شـێوەی هاوکێشـە یان وێنەیەکی بەرجەستە یان وێنەکێشانی هێڵی وەربگرێت. (خمیس، ٢٠٠٣، لا٥٨)

### ٢ . ١ . ١ . ٥. ٢ ئامانجەکانی مۆدێلی دیزاینی فێرکاری:

١) باشـــترکردنی فێربون و فێرکردن لەڕێگای چارەســـەرکردنی کێشـــەکان، وەک بنەمایەک بۆ چوونە ناو سیستمەوە.

٢) باشــترکردنی بەڕێوەبردنی دیزاین بۆ گەشـــەپێدانی فێرکردن لەڕێگای کردارەکانی ئاراستەکردن و کۆنترۆلکردنی چونە ناو سیستمەوە.

٣) باشـــترکردنی پرۆســـەی هەڵســـەنگاندن، لەڕێگای (التغذية الراجعة) و پێداچونەوە پیایدا.

٤) تــاقیکردنەوەی تیۆریەکــانی فێربوون و فێرکردن کە دیزاینەکەی لەســـەر بنیاتدەنرێت.(عبید، ٢٠١٢، لا٦٦)

### ٢. ١ . ١ . ٥ . ٣ گرنگی مۆدێلی دیزاینی فێرکاری:

أ. ڕوبەڕوبونەوەی ئەو گۆڕنکاریە خێرایانەی دەیبینین لە دنیای هاوچەرخدا و ئەو پێشـــکەوتنە تەکنیکیانەی کە هەمو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە، بۆیە دەبێت بەدوای باشـــترین شـــێواز و باشـــترین تەکنیکەکانی فێرکردندا بگەڕین کە دەبێتە هۆی هێنـانەدی ئـامـانجە فێرکـاریە داواکراوەکـان بە کەمترین کـات و هەوڵ، دیزاینی فێرکاری ئەو شــێوازەیە کە ڕێگاو ســتراتیژەکانمان لە فۆرم و نەخشــەدا بۆ دابین دەکات.

ب. دیزاینی فێرکاری چەند مۆدێلێکی ڕێنویی فێرکاری بۆ مامۆســـتا ئامادە دەکات بۆ پلانی وانەکان یان یەکەکانی فێرکردن لەسەر بنەمای پرۆسەیەکی ڕاست.

ت. دیزاینی فێرکاری باشترین ڕێگاکانی فێرکردن بۆ مامۆستا دابین دەکات.

ث. زانســـتی دیزاینی فێرکاری نەخشـــەی هەڕەمەکی و پلانی شـــێواوی مامۆســـتا کەمدەکاتەوە و وێنە و شـــێواز و نەخشـــەی ڕێنویی بۆ مامۆســـتا دابین دەکات کە چۆن کاربکات لەکاتی چونە ناو باشەکانی خوێندنەوە.

ج. زانســتی دیزاینی فێرکاری ســەرنج دەخاتە ســەر ئامانجەکانی وانەوتنەوە ئەویش بەگرنگیدان بە ئامانجە گشـــتیەکانی بابەتی خوێندن و ئامانجە ڕەفتاریەکان بۆ هەریەک لە بابەتەکەنی پەیوەســـت بە ئەنجامەکانی فێرکردن و دەرهاویشـــتەکانی. (حداد، ٢٠١٨، لا٢٠٦)

ح. هـاوکـاری فێرخواز دەکـات زانیـاری وەرگرن و بیرۆکە و لێهـاتویی و توانـای ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی و داهێنان فێربن لە چوارچێوەیەکی یەکخراودا.

خ. هاوکاری فێرخواز دەکات بەباشی فێربین. (عبید، ٢٠١٢، لا٧)

### ٢ . ١ . ١ . ٥. ٤ جۆرەکانی مۆدێلی دیزاینی فێرکاری:

**مۆدێلی ئــاراســــتەکراو (Prescriptive Model):** ئــامــانجی دیــاریکردنی ڕێککــاریە ئاراستەکراوەکانە بۆ گەیشتن بە بەرهەمە فێرکارییە دیاریکراوەکە لەژێر مەرجی فێرکاری، بۆیە ئەم مۆدێلە ئاراســــتەکراوە لەگەڵ ئامانجەکان و مەرجەکاندا یاکدەگرێتەوە. (المؤتمر الدولی (التصمیم التعلیمی)، ٢٠١٥، لا٢٠)

**مۆدێلی وەســــفی (Descriptive Model):** ئامانج لێی وەســــفکردنی بەرهەمە فێرکاریە ڕاســــتیەکانە لەکاتی بونی مەرجەکانی فێرکردنی دیاریکراو، وەک مۆدێلی تیۆریەکانی فێربوون.

**مۆدێلی پرۆســــەیی (Procedural Model):** ئامانجی ئەوەیە ئەدا گرنگەکانی پرۆســــەکا ڕونبکاتەوە بە زنجیرەیەک کارلێک لە پرۆسە و کردارەکاندا. (شحاتة، ٢٠١١، لا١)

### ٢ – ١ – ١ – ٥ – ٥گرنگترین مۆدێلەکانی دیزاینی فێرکاری:

چەندین مۆدێلی دیزاینی فێرکاری هەیە. هەندێک ئاڵۆز و هەندێکیان ســــادەن، لەگەڵ ئەوەشــدا هەمویان هاوبەشــن لە چەند توخمێکی پێویســتدا لەلایەنی پەروەردەییەوە، ئەو جیاوازیەش کە هەیە لەنێوانیاندا دەگەڕێتەوە بۆ دروستکەرانی ئەم مۆدێلانە بەسەرنجدان لەســەر توخمەکانی هەر قۆناغێک لە دیزاینەکە بەڕێکخســتنێکی دیاریکراو، نەرمی هەیە لە ئاراستەکردنی ئەم توخمانە وەک دیزاینەرەکە ئەیبینێت بەپێی سروشتی پێداچونەوەکانی، وە دواتر چاککردنی پێویســت ئەنجام دەدات، هەموو مۆدێلەکان بەشــێکن لە ســیســتمی دیزاینی فێرکاری کە پێکهاتووە لە چەند توخمێکی ڕێکخراو کە دەیبینین. (خلیل، ٢٠١٣، لا٥٠)

بۆیە مۆدێلەکانی فێرکردن لەســــەر بنەمای بیردۆزی دەرونی فێرکاری، وەک تیۆری هەڵســــوکەوت، تیۆری بینایی، تیۆری مەعریفی و هەندێکی تریش. مۆدێلی فێرکاری بریتیە لە پلانێکی ئــاراســــتەکراو کە وەرگیراوە لە تیۆری فێربوونەوە بەدیــاریکراوی، بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێک بەرهەمی فێرکاری و ڕێوشوێن و چالاکیەکانی پێشتر، ئاسانکاری بۆ مامۆستا دەکات لە پرۆسەی دانانی پلانی چالاکی فێرکردن لەسەر ئاستی (جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن).

ژمارەیەک مۆدێلی دیزاینی فێرکاری هەیە بەپێی تیۆریە (ڕەفتاری و مەعریفی و بناغەیی) دانراوە، بەپێی ئەو ئامانجەی بۆی داڕێژراوە بە پشتبەستن بە پێداویستیەکانی پرۆسەی فێرکردن، دەکرێت جیاوازی هەبێت لە مۆدێلەکاندا بەپێی فراوانی لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تر. لەوانە: (صبح، ٢٠١٨، لا٥٩–٦٠)

- مۆدێلی گشتی (ADDIE)
- مۆدێلی کەمپ (Kemp)
- مۆدێلی دیک و کاری (Dick & Care)
- مۆدێلی جریلاک و ئیلی (Gerlach & Ely)
- مۆدێلی هاینک و مولندا و راسل (ASSURE Model)
- مۆدێلی گۆدوین (Model Goodwin)
- مۆدێلی هامیرۆس (Hamerous)
- مۆدێلی داڤیس (Davis)
- مۆدێلی کیلەر (Killer)
- مۆدێلی ڤار (Var)

## ٢ . ١ . ١ . ٥ . ٦ مۆدێلی گشتی :(ADDIE)

مۆدێلی گشتی (ADDIE) بۆ یەکەمجار لەلایەن سەنتەری تەکنەلۆجیای فێرکردنەوە لە زانکۆی ویلایەتی (فلۆریدا) لە ناوەڕستی (١٩٧٠) کاندا پێشکەشکرا، مۆدێلی (ADDIE) بەم شێوەیە بووە مۆدێلێکی تەکنیکی کە بە فراوانی لە جیهاندا بەکاردێت، هەندێک لە توێژەران پێیان وایە ئەم مۆدێلە زۆر گونجاوە بۆ ژینگە پەروەردەییە جیاوازەکان. (آل جدیع، ٢٠٢١، لا ٧١) هەر بۆیە ئاڵۆزیەک هەیە بۆ بنچینەی ناوی مۆدێلی (ADDIE) بەڵام تێگەیشتنە سەرەتاییەکانی فێرکردنیی کارامەیی مۆدێل گەشەی پێدرا لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ئەمریکاوە لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا، کە دەگەڕێتەوە بۆ (برانسۆن) ساڵی (١٩٧٨)، کاری ئەکرد لە ناوەندی تەکنەلۆجیای فێرکاری لە زانکۆی ویلایەتی فلۆریدا لە لەگەڵ بەشک لە جەیشی ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی مۆدێلەکە، گەشەی بە ڕێکاریە خزماتگوزاریە هاوبەشەکان دەدا بۆ بەهێزکردنی سیستمی فێرکاری(IPISD) ، کە بۆ هێزی دەریایی، چەکدار، ..... دیزاینکراوە، (برانسون) گەشەی بە شێوازە گشتیەکەی (IPISD) دا بۆ پێنج بەشی سەرەکی ئەوانیش (شیکردنەوە، دیزاینکردن، گەشەکردن، جێبەجێکردن، کۆنترۆلکردن). بەڵام دەستەواژەی (ADDIE) دەرکەوت بۆ یەکەمجار لەساڵی (١٩٧٥) دا. بەڵام دواتر مۆدێلەکە گۆڕا بۆ ئەم پێنج هەنگاوە (شیکردنەوە، دیزاینکردن، گەشەکردن، جێبەجێکردن، هەڵسەنگاندن). (عواد، ٢٠١٨، لا ٣٨) ئەم مۆدێلە لێکدانەوەی پێویست بۆ ڕێکاریەکانی سەرجەم قۆناخەکان دەکات کە دەتوانرێت لە سەرچاوەی جیاوازی ترەوە بەکاربهێنرێت بۆ نمونە مۆدێلی بەرنامەی فێرکاری جیاواز. (الصالح، ٢٠٠٥، لا ١٢) مۆدێلی دیزاینی فێرکاری نوێنەرایەتی کۆمەڵێک بەربەستە لەنێوان ئەو توخمانەی کە بابەتی وانەکە پێکدەهێنن، لە

شێوەی وێنە یان نەخشە یان تۆڕ، دەبێت مۆدێلی دیزاینی فێرکاری چەند تایبەتمەندیەکی وەک (کورتکردنەوە، جەختکردنەوە، دۆزینەوە)ی تێدا بێت. (آل جدیع، ٢٠٢١، لا ٧٠) مۆدێلی گشتی بنەمای هەموو مۆدێلەکانی دیزاینی فێرکارییە، بۆ دڵنیابوونی دیزاینەر لەوەی کە گەیشتن بە ئامانجەکان کارایە، سەرجەم مۆدێلەکانی دیزاینی فێرکاری بەدەوری پێنج قۆناخی سەرەکیدا ئەسورێنەوە کە هەمویان لە مۆدێلی گشتی دیزاینی فێرکارییەوە وەرگیراوە ئەوانیش: (محمد ،٢٠٢١ ، لا ٦٤٨)

**٢ . ١ . ١ . ٥ . ٦. ١ شیکردنەوە :(Analyze)**

شیکردنەوەی پێداویستیەکانی پرۆسەی دیزاینە وەک: شیکردنەوەی کارو ئەرکەکان، ئامانجی خوێندکاران، پێداویستیەکانی کۆمەڵگا، دیاریکردنی کات و شوێن، کەرەستە و مەزەندەکردنی توانای خوێندکاران، بەمەبەستی دابینکردنی بنەما و زانیاری بۆ قۆناغی دواتر.(الحربی، الحجلان، ٢٠١٦، لا ٩٣)

**٢ . ١ . ١ . ٥ . ٦ . ٢ دیزاین:(Design)**

بریتیە لە پرۆسەی وەرگێرانی دەرهاویشتەکانی قۆناغی شیکردنەوە بۆ هەنگاوێک شایانی جێبەجێکردن بیت، ئەمەش لەکاتی پلان و تێبینیە سەرەتاییەکانەوە دەبێت بۆ پەرەپێدانی کەرەستەکانی فێرکاری و دیاریکردنی هۆکار و تەکنیکە بەکارهاتووەکان بۆ بەرهەمهێنان. (العتیبی، البلوی، ٢٠١٩، لا ٥٩٦)

**٢ . ١ . ١ . ٥ . ٦ . ٣ پەرەپێدان:(Development)**


لە قۆناغی پەرەپێداندا بەرهەمەکانی پرۆسەی دیزاینەکە وەردەگێڕدرێن بۆ کەرەستەی فێرکاری ڕاستەقینە، هەروەها لەم قۆناغەدا ئەنجامی بەرهەمە فێرکاریەکە دەنوسرێت و پەرە بە فێرکردن دەدرێت و سەرچەم ئامرازە فێرکاریەکان بەکار دەهێنرێت تیایدا. (محمد ،٢٠٢١ ، لا ٦٤٨)

**٢ . ١ . ١ . ٥ . ٦ . ٤ جێبەجێکردن:(Implementation)**

لەم قۆناغەدا کرداری جێبەجێکردن و بەکارهێنانی کەرەستە پەروەردەییەکان گەشەیان پێدەدرێت بە واقعی، بۆیە ئەم قۆناغە قۆناغی جێبەجێکردنە. (آل جدیع، ٢٠٢١، لا ٧٠)

**٢ . ١ . ١ . ٥ . ٦ .٥ هەڵسەنگاندن :(Evaluation)**

لەم قۆناغەدا کارایی پرۆسەکانی فێرکردن و فێربوون دەپێورێن، هەروەها کاریگەریەکەشی، پرۆسەی هەڵسەنگاندن قۆناغی کۆتایی کرداری دیزاینی فێرکاری نییە، بەڵکو پەیڕەوی قۆناغەکانی پێشووە، واتە هەڵسەنگاندنەکە لە قۆناغی یەکەمەوە دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت تا دوا قۆناغەکانی کۆتایی دیزاینەکە. (صبح، ٢٠١٨، لا ٦٩)




(آل جديع، ٢٠٢١، لا ٧٢)

هێڵکاری (٢-٢)        مۆدێلی گشتی (ADDIE)

### ٢ . ١ . ١ . ٦ بەرنامە:

کۆمەڵێک چالاکیە تاکەکان ئەنجامی دەدەن، لەیەککخستن و هەماهەنگیدا کاردەکەن لەپێناو ڕێکخستنەوەی ووزەکانیان و تواناکانیان کە پەیوەستە بە مەیل و پێداویستی و توانا و ئامادەییانەوە لە کەش و هەوایەکی پارێزرا و ئارامدا. (زمرة، ٢٠١٨، لا ٦١) بە واتایەکی تر بریتیە لە کۆمەڵێک میکانیزم بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێک بنەما و مەعریفە و چالاکی ، لەپێناو بەدەستهێنانی دەرەنجامی فێربوونی خوازراو لەماوەیەکی دیاریکراودا. (الجبوري، ٢٠١٤، لا ٤٢)

### ٢ . ١ . ١ . ٦ . ١ بەرنامەی فێرکاری:

بەو بەرنامانەن دەوترێت کە پەیوەستن بە پرۆگرامێکی دیاریکراوەوە، بە ئامانجی دەوڵەمەندکردنی خوێندنی فەرمی لە قوتابخانەکاندا. (الاكلبي، ٢٠١٥، لا ٢٤٦) یان کۆمەڵێک ڕێککاری فێرکارییە بەشێوەیەک ڕێکدەخرێت کە ڕێگە بە خوێندکارانی نمونەی لێکۆڵینەوە دەدات، کە دەرفەت بۆ فێربوون و گەیاندنی کاریگەری ڕاهێنانەکان لە شوێنی خوێندنەکە لەسەر کارامەیی دەربڕینی نوسراو، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم کارامەییانە کارامەیی دەرونین. (حورية، الهام ، ٢٠٢١، لا ٢٣) مەبەست لێی سادەترین شێوەی ڕێکخستنی بونیادی چالاکی پەروەردەییە، بەرنامەی فێرکاری بریتیە لە ڕێکخستنی بوارەکانی چالاکی فێربوون، لەسەر بنەمای ئامانجی پێشوەختە لەناو قەوارەیەکی گەورەدا

وەک مەنهەجی خوێندن، کە یەکێکە لە پێکهاتەکانی کە پەیوەندیەکەیان پەیوەندیەکی گشتی و تایبەتییە، پرۆگرامی خوێندن لەوانەیە چەندین بەرنامەی تێدا بێت، کە دەکرێت جیاواز بن بەپێی ئامانجەکانیان و بەهاکانیان. (الخطاط، ٢٠١٦، لا ١) هەر بۆیە بەرنامەی فێرکاری بە لیستی زانست و بابەتەکان دەناسرێت بەپێی بوارێکی دیاریکراو یان لۆژیکی لەماوەی بابەتی خوێندنی دیاریکراودا، کە ئەو زانیاریانەی وەریگرتووە خوێندکار لەو ماوە دیاریکراوەدا، دەبێت ئامانجە دیاریکراوەکە بەدەست بهێنێت. (بن علي، حمد، ٢٠١٥، لا ١٠)

### ٢ . ١ . ١ . ٦ . ١ . ١ جۆرەکانی بەرنامەی فێرکاری:

١. **بەرنامەی زانیاری.**
- بەرنامەی سەرچاوە.
- بەرنامەی کتێب.
- بەرنامەی چیرۆکی.

٢. **بەرنامەی فێرکاری بەهاوکاری کۆمپیوتەر.**
- بەرنامەی وانەی تایبەت.
- بەرنامەی مەشقکردن و ڕاهێنان.
- بەرنامەی هاوشێوە.

٣. **بەرنامەی داهێنانی.**
- بەرنامەی چارەسەرکردنی دەقەکان.
- بەرنامەی چارەسەرکردنی بڵاوکراوەکان.
- بەرنامەی پێشکەوتوی هۆکاری جیاواز. (الموسوي، الحضرمي، ٢٠٠٧، لا ٣)

## ٢ . ١ . ٢ دەروازەیەک دەربارەی هونەری سیرامیک:

هونەری سیرامیک هەر لە دێر زەمانەوە بەکارهێنراوە لەلایەن مرۆڤەوە بەپێی قۆناغەکانی مێژوو، لە شارستانیەتە جیاوازەکانی وەک، میزۆپۆتامیا و دۆڵی نیل (میسری کۆن)، یۆنانی کۆن، چینیەکان، کە باسکردنیان پانتاییەکی زۆری دەوێت، بەڵام لێرەدا جەخت دەکەینە سەر هونەری سیرامیک لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

### ٢ . ١ . ٢ . ٦ هونەری سیرامیکی هاوچەرخ لە عێراق:

سەرهەڵدانی هونەری هاوچەرخ لە عێراق دوای دامەزراندنی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بەغداد کە یەکەم کورەی سادە دروستکرا لە ساڵی (١٩٥٤) و دواتر بناغەی بەشی سیرامیک دامەزرا لە ساڵی (١٩٥٥) کە (ئایان کۆڵد) وانەی لێ دەوتەوە، و فاکەڵتی

هونەرە جوانەکان لە ساڵی (١٩٥٧) دامەزرا کە بەشی سیرامیک یەکێک بوو لە لقەکانی. ( مجهول، ٢٠١٩، لا ٢٧٣) ئەمە جگە لە دامەزراندنی سەنتەری مەشقی حیرفی لە بەغداد لە ساڵی (١٩٧٠) دا کە دواتر ناوی نرا (بەڕێوبەرایەتی کەلەپوری میللی)، کە تێیدا بەشی سیرامیک لە گرنگترین بەشەکانی بوو بەناوی بەشی گڵکاری میللی. بۆیە دەبینین گڵکارە عێراقیەکان گۆڕانکاریەکانیان لە سیرامیکدا پەیوەستە بە تاکایەتی هونەرمەندەکەوە، کە بەهرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توانایەی لە کۆگای کلتوری هونەرمەندا بووە بەهۆی چالاکیەکانی لەناو کۆمەڵگادا. (نفل ،٢٠١٢ ، لا ٣٩) بۆیە دەبینین ئیلهامی کەلەپوری سیرامیکی هاوچەرخی عێراق بابەتەکانی پێکهاتووە لە ئایینای و جەماوەری، بە جۆرێک کە هەندێک جار لە هێمایی (سیمبولیزم) نزیکدەبێتەوە و هەندێک جار بە شێوازیتر بە تێکەڵکردنی ئایکۆنی و ئاماژەیی، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شوناسی کەسایەتی داهێنەرانەی هونەرمەندی سیرامیک ی هاوچەرخ. (البیاتي، ٢٠١٦، لا ٧)

بناغەی چەمکی گوتاری هونەری عێراقی هاوچەرخ شەرعیەتی وەرگرتووە لە کەلەپوری عێراقی کۆن و کەلەپوری ئیسلامی وەک واقعێکی کۆمەڵایەتی و کلتوری، ئەمە بەدڵنیاییەوە بێ کاریگەری جیهانی نییە لەسەر ئاستی وەرگرتن و جێبەجێکردنی تەکنیکی. بۆیە مانای هاوچەرخ لە هونەری عێراقیدا بەستراوە بە دوو فاکتەرەوە ئەوانیش:

یەکەم: لاساییکردنەوەی هونەری ئەوروپی بە شێوەیەکی گشتی.

دووەم: هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی توخمی نوێ و هاوچەرخ و ئیلهامی کەلەپوری کلتوری ناوخۆیی عەرەبی، کە پێی دەوترێت قوتابخانەی هاوچەرخی هونەری عێراقی. (محمود و ئەوانی تر، ٢٠١٩، لا ١١)

ئەوان حەزیان لە شێوازی تایبەت بە سیرامیکی عێراقی بوو، هاوچەرخ کار لەسەر میکانیزمی نوێگەری دەکات لە تێگەیشتنە تازەکان کە هاوکاری هونەرمەندانی سیرامیکی عێراقی دەدات بۆ داهێنانی بەهای جوانی نمونەیی نوێ کە دواتر دروست بوون کە بووە هۆی بەهای زانیاری جیاکەرەوە لە بەرهەمە سیرامیکیەکاندا، بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێکی کاری سیرامکی سەربەخۆ کە جوانی خۆی هەبێت و هاوتا نەبێت لەگەڵ ئەوەی کە لە جیهاندا بینراوە. ( مجهول، ٢٠١٩، لا ٢٧٤)

### ٢ . ١ . ٢. ٧ هونەری سیرامیکی هاوچەرخ لە کوردستان:

هاوچەرخ وەک یەکێک لە چەمکەکانی (پۆس مۆدێرنە) لێیدەڕووانرێت و چەمکێکی گشتگیر ترە، چونکە مامەڵە لەگەڵ چەندین بنەما و پێواژۆیەکی فراوانی وەک مۆدێرنەی

ڕۆژئاوا دەکات، یان قوولکردنەوەیەکە بۆ مۆدێرنە بەو مانایەی بەردەوامییەکە بۆ لۆجیکی مۆدێرنە و قوولبوونەوە تیایدا، بۆیە هاوچەرخی بوون ڕێبازێکە بەرەو جۆرێک لە لێکدانەوەی تاکگەرایی بۆ پەرەسەندنی جیهانی دەڕوات. (مەحمود، ٢٠١٧، لا ١١)

هونەری سیرامیک کارلێک دەکات لەگەڵ سەرجەم بزوتنەوەی شێوەکاری لە جیهاندا، پێویستی مرۆڤ بۆ ئیستاتیکا و دەرچوون لە لایەنی پیشەیی و بەکارهێنانی سیرامیک وەک پێداویستیەکی ژیانی ڕۆژانە، کە هیچ لەمانەش بە ڕێکەوت نەهاتونەتە ئاراوە، بەڵکو ماتریاڵە سروشتیەکان کاریگەری خۆی لەسەر هزر و بیری هونەرمەندی سیرامیکی هەیە لەکاتی بەرهەمهێنانی کاری سیرامیکی دوور لە فۆرمە بازرگانیەکان و پێداویستی رۆژانە. (حسێن، ٢٠١٧، لا ٧٧)

دروستکردنی گڵجۆش و مامەڵەکردنی لە کوردستان لەلایەن کۆمەڵێکەوە ئەم کارە ئەنجام دەدرا و ئەم ناوچەیەی پێ ناودار بوو، بەڵام گڵجۆش لەدوایدا وەک پیشەیەکی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا پەرەی پێدرا، لە گرنگترین ئەو ناوچانەی کە گڵێنەسازی ناوچەی تێدا دەرکەوت ناوچەی (هێرۆ) لە سلێمانی، هەروەها (قۆریتان) لە هەولێر و (توز خورماتو) لە کەرکوک و (ئامێدی، قەرەقوش، عمادیە و درکینە) لە دهۆک. بۆیە ڕەوتی هونەری لای هونەرمەندانی کوردستان بەرەوە پێشچونی بەخۆوە بینیوە، هاوکات لەگەڵ ئەم بەرەو پێشچونەشدا لەناو سنورێکی داخراودا نەماوەتەوە ئێستا جیاوازتر لەهەر کاتێکی دیکە کارە هونەرەیەکان دەتوانن سنورەکان ببڕن لەڕێگەی ئەو تۆڕە بەهێزانەی کە ،تەکنەلۆژیا بۆی فەراهەم کردن و یاخود لە ڕێگای میدیاکانەوە دەتوانرێت پەیامی کارە هونەرییەکانیان بڵاو بکەنەوە، لە ئێستادا سۆشیاڵ میدیا ئەو نێوەندگیرە گەرمەیە کە ،هونەرمەندانی هەموو دنیای پێکەوە گرێداوە و دەتوانن لەڕێگەیەوە ئاڵوگۆری فیکیر و مەعریفی تەکنیکی تێدا بکەن، هونەرمەندانی کوردستانیش بێبەش نین لە هەموو ئەم پەیوەندیە هونەریانە ،ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لەڕووی بەرەوە پێشچونی دونیابینی ڕەوتە هونەرییە هاوچەرخەکان، هونەرمەندانی کوردیش هاوشانی هونەرمەندانی جیهانی هاوچەرخ بونی خۆیان و کارەکانیان دەخەنەڕوو، ئەم تێڕوانینە لەڕوی فیکرییەوە بێت یاخود لەڕوی تەکنیکی و شێواز گەرایەتی بێت دەرئەنجامەکەی ڕوون و ئاشکرایە. (علی، ٢٠١٨، لا ٧٣-٧٨)

هونەری سیرامیک لەڕووی بەرجەستەکردنی بابەت و ناوەڕۆکەوە بۆتە بەشێکی کارا لە هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا بەجۆرێک هاوتەریب بە هونەرەکانی دیکە، هەڵگری بابەتگەلێکی زیندووە و تەنیا هۆکارێک نییە بۆ لایەنی ئیستاتیکی، بەڵکو بارگاوییە بە بابەتە

مرۆیی و نەتەوەیی و کلتوری و سایکۆلۆجی  و خودییەکان، لەم ڕوانگەیەشەوە هەر هونەرمەندە و بە دیدگایەکی جوداوە کاری لەسەر فۆڕمە سیرامیکیەکان کردووە. (حسێن، ٢٠١٧، لا ١٤٨)

## ٢ . ١ . ٣ ڕەگەزەکانی داڕشتن:

١. **خاڵ:** شوێنێکە لە بۆشاییدا درێژی و پانی و قوڵی نییە، یەکێکە لە سادەترین توخمەکان کە دەتوانێت بچێتە ناو هەر بونێکەوە. بچوکترین ووزەی هەیە لەنێو ڕەگەزەکانی شێوەکاریدا. هەروەها ماوەی درێژی هێڵ دیاریدەکات. (موسی، ٢٠١٠، لا ٢٥٤)، بۆیە خاڵ جوڵەیەکی جێگیرە، کە هیچ ڕەهەندێکی نییە، بەکاردەهێنرێت بە قەبارەی دیاریکراو، گۆڕانکاری بەسەردا دێت بەپێی ڕووکاری پەڕەکە، خاڵەکە ناهاوسەنگ دەرەکەوێت کاتێک دەکەوێتە ناوەڕاستی بەشی خوارەوەی ڕوکارەکە. (عبدالوهاب، ٢٠١٢، لا ١١١)  هەروەها بەبەکارهێنانی خاڵ دەتوانرێت شێوە دەربڕێت کە ئیقاعی تێدا بێت هەروەها جوڵەشی هەبێت و ببێتە جێی سەرنج، وە دەتوانرێت خاڵ بەکاربهێنرێت بۆ جوڵانەوەی چاو وە شێوەشی پێ دروستبکرێت واتا کاتێک سەیری بۆشایی دەکرێت چاو دەگەڕێت بۆ ئەوەی لە شوێنێکدا گلبخواتەوە کاتێک خاڵێک دەبینێت لەسەری دەوەستێت، گەر بوو بە دوو خاڵ لەسەر ڕووبەرێک ئەوا بەتەواوی ڕووبەرەکە ئەگۆڕێت، ئەو پەیوەندی و جێگیربوونە لەگۆشەکانەوە دەستپێدەکات بۆ ئەو دوو خاڵە دیاریکراوە، گەر سێ خاڵ دەستنیشان کرا دەتوانرێت سێگۆشەیەک دروست بکات بەهامان شێوە چوار خاڵ چوارگۆشە یان بازنە یان گەلێک واتای تر بە خاڵ بدرێت بەتایبەت لەزیادکردنی خاڵەکاندا. (جۆلا، ١٩٩٩، لا ١١)

٢. **هێڵ:** پێناسە دەکرێت بەوەی کە زنجیرە خاڵێکی پێکەوە بەستراوە بە ئاراستەیەکی دیاریکراو، هێڵ واتای تایبەتی هەیە لە چوارچێوەی هونەری شێوەکاریدا، کە ڕەنگە مەبەستی دەرەوەی فۆڕمێکی دیاریکراو بێت، (حسن و ئەوانیتر، ٢٠٢١، لا ٣٦٩) ڕۆڵی گرنگی هەیە لە پێکهاتەی ڕازاندنەوەی کاری سیرامیک لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ توخمەکانی تردا، توخمێکی گرنگە لە پێکهاتەی کاری سیرامیکدا کە لە زوربەی قۆناغەکانی پێکهاتەکەدا پشتی پێدەبەسترێت، لە یەکەم پلاندا بۆ بەرجەستەکردنی بیرۆکەی هونەرمەندی سیرامیکی (گڵجۆشکار)، هێڵ هۆکارە بۆ دەربڕینی خەیاڵ و کردەی کاری هونەری. (الخفاجي، ٢٠١٦، لا ١٢٣) هێڵ واتای

هێمایی هەیە بۆ نمونە هێڵی شکاوە هێمایە بۆ ناسەقامگیری، هێڵی ستونی هێمایە بۆ هەڵکشانی هێز و سەقامگیری، هەروەها هێڵی ئاسۆیی هێمایە بۆ سەقامگیری و ئاسودەیی و گوزارشت لە هێمنی و ئارامی دەکات، بەڵام هێڵی لار هێمایە بۆ هاستی بەرزی و نزمی. (عبدالفتاح، ١٩٧٤، لا ٧٧)

هێڵ چەند جۆرێکی هەیە ئەوانیش:

- هێڵی ئاسۆیی.
- هێڵی ستونی.
- هێڵی سێگۆشە (هەڕەمی).
- هێڵی چەماوە.
- هێڵی بازنەیی.
- هێڵی لار. (عبد، ٢٠١٢، لا ٣٣)

٣. **شێوە:** پێکدێت لە ڕێکخستن و یەکتربڕینی هێڵەکان بە ئاراستەی جیاوازدا، شێوە دوو ڕەهەندیەکان واک وێنەکێشان بەڵام سێ ڕەهەندی وەک پەیکەر و سیرامیک . (الزبيدي، ٢٠١٦، لا ٦) بۆیە کاری سیرامیک تەنها ڕوکەش یان شێوە نییە، بەڵکو ناوەڕۆک و ئاماژە و بوونە، هونەرمەندی سیرامیک لەکاتی جێبەجێکردنی کاری گڵجۆشیدا تەنها شێوە بەرجەستە ناکات، بەڵکو دەیەوێت لەڕێگەی شێوەوە ڕستی ناوەڕۆک ببینرێت، کاری سیرامیک تەنها یاریکردن نییە بە ڕەنگ و هێڵەوە، بەڵکو پێکەوەبەستنی پەیوەندی نێوان توخمەکانە لە کاری هونەریدا، لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ بوونی شێوە ناتوانرێت واتا بگەیەنرێت بە بینەر، چونکە شێوە یەکەم شتە کە مرۆڤ فێری دەبێت لە ژیاندا. (الخفاجي، ٢٠١٦، لا ١٢٤)

پێکهاتە بنەڕەتیەکانی شێوە:

- هێڵ.
- ڕووناکی.
- ڕەنگ.
- بەربینا (منظور) (جۆلا، ١٩٩٩، لا ٢٠)

٤. **ساو:** ئاماژەیە بە تایبەتمەندی ڕوکاری بەکارهاتوو لە جێبەجێکردنی کاری هونەریدا، ساو لە مادەیەکەوە بۆ مادەیەکی تر دەگۆڕێت بەپێی سروشتی خەسڵەت و پێکهاتەکانی، ساو بە شێوەیەکی کاریگەر بەژداری لە پێکهاتەی کاری سیرامیکیدا دەکات بەدابەشکردنی بەشەکانی بە ساوی نەرم یان زبر بەشێوەیەکی ڕێکخراو،

ئەو بیرۆکەیە دەوڵەمەندتر دەکات کە هونەرمەندەکە مەبەستیەتی پێی بگات. (عبدالفتاح، ١٩٧٤، لا ٢٨٨) هەندێک ساوی ڕوتەختی دەرەوەی کەرەستە جیاوازەکان دەتوانن کارێکی تریان هەبێت لەلایەنی جوانیەوە بۆ نمونە:

- ساوی سپی نەرم هێمایە بۆ پاکوخاوێنی.
- ساوی کانزایی پۆڵیشکراو هێمایە بۆ ساردی.
- ساوی ڕەقی دلگیر هێمایە بۆ زیندویەتی. (الناطوح، ٢٠١٧، لا ١٨٠)

٥. **ڕەنگ:** قسەکردن لەسەر ڕەنگ دەبێت لەڕێگەی تێگەیشتنێکی هۆشیارانەوە بێت لە سروشتی ڕووناکی چونکە ڕەنگەکان لەڕاستیدا هی ڕوناکین، توانای بەهێز بۆ جیاکردنەوەی ڕەنگەکان دووەم تایبەتمەندی گرنگی بینینە، دەبینین جەستەکان ڕەنگاو ڕەنگن چونکە هەر لەشێک پشتبەستە بە کاردانەوەی ڕوناکی خۆی. (الدفاك، ١٩٩٩، لا ١٠٣) بۆشاییە ڕەنگەکان چەند ئامانجێکی هونەری بەدەست دەهێنن، چی مەبەستی ڕازاندنەوە یان دەربڕین یان ڕەمزی بێت. ڕوبەری ڕەنگی توانای خۆی دیاریدەکات لە پڕکردنەوەی بۆشایی و ڕوتەختەکان لە چەندین سیستمدا، کە ئەو ڕیتمە داینامیکیە زیندووە جوڵەییە مێشکی هونەرمەند لە فەزای ڕاستەقینەی سروشتی دەردەهێنێت بۆ دنیای ئەبستراکت. (بيومي، ٢٠١٢، لا ٨)

ڕەنگی سەرەکی کە هونەرمەندی سیرامیکی پشتی پێدەبەستێت بۆ گەیشتن بە پرۆسەی کۆتاییهێنان بە دیوی دەرەوەی شێوە سیرامیکیەکە، لە لایەنی تەکنیکیەوە بەکاردێت بۆ شوشەکردن، ڕەنگی سیرامیک پێویستیەکی جوانکارییە لە کارە سیرامیکیەکاندا، بۆیە ڕەنگ ڕەگەزێکی سەرەکییە لە ڕەگەزەکانی شێوەکاری کە هەستەکانی وەرگر دەوڵەمەنددەکات بەهۆی ئەو کاریگەرییە نەفسی و ئەو دەربڕینانەی دروستیدەکات. بۆیە پێناسەی ڕەنگ دەکرێت بەوەی ئەو تێڕوانینەیە کە ڕوناکی دەیدات بە چاو، واتە ئەو ڕوناکیەی کە لەلایەن ئۆبجێکتێکەوە دروستدەبێت بەشێوازی ڕوناکی پیشان دەدرێت، کە کاریگەریەکی فیسیۆلۆجییە لەسەر تۆڕی چاو لە ئەنجامی بونی مادەکە یان ڕوناکی ڕەنگاو ڕەنگ. (الناطوح، ٢٠١٧، لا ١٧٧)

٦. **بۆشایی:** مەبەست لێی ئەو بۆشاییە گەردونیەیە کە مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی هەیەتی، بۆشایی لەڕووی تیۆریەوە بەواتای بوون بەبێ مادده، گرنگی بۆشایی ئەوەیە جەستە بەناویدا دەڕوات کە ئەو جەستەیەش بەشێک لەو بۆشاییە داگیر دەکات،(البواب، ٢٠١٣، لا ٦٩٦ ) بۆیە سەرجەم ئۆبجێکتە مادییەکان هیچ بەهایەکیان نابێت بەبێ بوونی بۆشایی، لەبەر ئەوەی ڕێگە بە قەبارە و فۆڕمەکان دەدات بۆ

دۆزینەوەی خۆیان بەئاسانی بۆ بینراوی ڕوکەش بە یارمەتی ڕووناکی، بۆشایی کارەکتەری خۆی دەدات بە شتەکان، بۆیە پێناسە دەکرێت بەوەی (بۆشایی داگیرکراوە بە قەبارە)، بەرژەوەندی مرۆڤ لەگەڵ بۆشاییدا لە پێویستی ناسینەوەی پەیوەندییە گرنگەکانە لە ژینگەی خۆیدا بۆ بەخشینی مانا و بەها بە جیهانی ڕاستی، بەم پێیە کارلێککردنی مرۆڤ لەگەڵ بۆشاییدا دەرەنجامی ئەو ئەزموونە کەڵەکەبوانەیە کە ڕێگا بە خۆی و هونەرمەند دەدات فۆڕمی بینراو لەناو بۆشاییدا نیشان بدات بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ هەردوو مەبەستی فکری و جوانیدا. (دفاک، ١٩٩٩، لا ١٠٦) بۆشایی دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە ئەوانیش:

- بۆشایی هەڵخەڵەتاندن.
- بۆشایی ئەرێنی و نەرێنی.
- بۆشایی ئاست.
- بۆشایی ناکۆتا.
- بۆشایی بەربینا.
- بۆشایی ئاڵوگۆڕ.
- بۆشایی بەرزایی.
- بۆشایی بەردەم.
- بۆشایی چوار ڕەهەندی. (البواب، ٢٠١٣، لا ٦٩٩)

### ٢ . ١ . ٤ پەیوەندیە جوانیەکانی داڕشتن:

چەمکێکە ئاماژە بەو بەهایە دەکات کە لەکاری هونەریدایە چی لە ڕوی ناوەڕۆکەوە بێت یان فۆڕم، کە بەها و ئاستی کارەکە پشتی پێدەبەستێت. یاخود زاراوەیەکە بۆ مۆدێلە نمونەییەکان کە دەتوانین تێیدا کارە هونەریەکان بپێوین بەبەها جوانیەکان لەڕووی نمونەیی و پێکهاتەییەوە بە جێبەجێکردنی یاساکان بەسەریدا، لەڕووی پێکەوەبەستنی فۆڕمەکان و بونی هارمۆنیەت لە توخمە هونەریەکاندا و هاوسەنگی تیایاندا. (صدیق، ٢٠١٧، لا ٣)

أ. **یەکە:** هەمو کارێکی هونەری دەبێت یەکەیەکی دیاریکراوی هەبێت کە بەشە جیاوازەکانی پێکەوە دەبەستێتەوە، بۆیە سەرجەم توخمەکانی کاری هونەری پەیوەندی ناوەکیان پێکەوە هەیە، یەکە مەرجی بنچینەییە بۆ سەرکەوتنی هەر کارێکی هونەری، کەواتە یەکەی کاری هونەری بریتیە لە (ڕێکخستنی پەیوەندیە

ئاڵوگۆڕەکان و ڕێکخستنی ڕێژە ی نێوان یەکەکانی شێوەکاری بە ئامانجی دیاریکردنی ڕیتم و هاوسەنگی و بۆ گەیشتن بە بەهای یەکە لە کاری هونەریدا). (عبدالعزیز، ٢٠١٦، لا ٦) فاکتەرێکی گرنگە لە بەدیهێنانی هاوئاهەنگی گشتی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی هەموو کارە هونەریەکان و هەروەها توخمێکی سەرەکیشە بۆ بەدیهێنانی بەهای جوانی لە بەستنەوەی بەشەکانی کاری هونەری پێکەوە، یەکە لە ئەنجامی هەستی کامڵبووندا سەرهەڵدەدات، لە بەستنەوەی بەشەکان بەیەکەوە بە شێوەی دووبارەبوونەوەی شێوە یان بەهای ڕەنگ یان هێڵ یان بەهای ڕوتەخت، یەکە لەبواری هونەری شێوەکاریدا دەربڕینێکی فراوانە کە چەند توخمێک لەخۆ دەگرێت لەوانە یەکەی شێوە و یەکەی شێوازی هونەری. (موسی، ٢٠١٠، لا ٢٥٦)

ب. **هاوسەنگی:** ئەو هەستە غەریزەییەیە کە لەناوماندا گەشەی کردووە کە پەیوەندی بە کارلێکی نێوان مرۆڤ و سروشتەوە هەیە، هاوسەنگی یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی کە ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە هەڵسەنگاندنی کاری هونەریدا، چونکە هاوکارە لە بەدەستهێنانی شێوازی کاری هونەری و بەهای هونەری جوان، ئەوەی بەدەست دەهێنرێت لە هاوسەنگیدا فۆڕمدا لەڕێگای دابەشکردنی توخمەکانەوە بەدی دەهێنرێت، هیچ یاسایەکی جێگیر نییە بۆ بەدەستهێنانی هاوسەنگی بۆیە ئەوە گرفتێکە پەیوەندی بە هەستی هونەرمەندەوە هەیە وە شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ توخمەکانی کاری هونەریدا، لەڕێگەی تەبایی یان ناتەبایی لە بەشێک لە شێوەی کارەکەدا کە بەڕیتمێکی دیاریکراو ڕێکبخرێت ئەوا بەهای جوانی پێ ببەخشێت، جەمکی هاوسەنگی تەنها مەبەست لێی هاوسەنگی بۆشایی نییە، بەڵکو هاوسەنگی هەموو بەش و بڕگەو پێکهاتەکانی کاری هونەری دەگرێتەوە. (عبدالعزیز، ٢٠١٦، لا ٧)

ج. **ڕیتم:** بەوە دەناسرێت کە ڕێکخەری مەوداکانی نێوان یەکەکانی کاری هونەرییە، ئەم ڕێکخستنە بۆ مەوداکانی نێوان قەبارە یان ڕەنگەکان یان ڕێکخستنی ئاراستەی توخمەکان، و دەکەوێتە نێوان هەر یەکەیەک و مەودای نێوانیان کە بە (ماوە) ناسراوە. (یەکە) ڕەگەزێکی ئەرێنییە، (ماوە) ڕەگەزێکی نەرێنییە، ڕیتم لە دوو توخمی سەرەکی پێکدێت ئەوانیش ماوە و یەکەیە کە یەک لەدوای یەک دەگۆڕێت بەشێوازێکی زۆر یان کەم دووبارە دەبێتەوە، بەبێ بونی ئەوان ناتوانرێت ڕیتم وێنا بکرێت. زۆر دەگمەنە لە کاری هونەریدا ڕیتمێکی یەک جۆری بدۆزرێتەوە، بەگشتی

چەندین ڕیتم لەخۆ دەگرێت کە ئەمە دەبێتە هۆی دروستکردنی کاری جۆراو جۆر کەبێزاری کەمدەکاتەوە لە ئەنجامی ڕێکخستنی ڕیتمەکە. (درويش،٢٠٠٠ ، لا ٢٢)

د. **زاڵبوون:** بەواتای کۆنترۆڵکردنی بەشێک لە پێکهاتەکەی لەسەر حسابی بەشەکانی تر، کە بەشی زاڵ وەک چەقی دیار و گرنگ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، جەوهەری ئەم چەمکە لەسەر بنەمای دورخستنەوە و جیاکاری و جەختکردنە سەر ئەو بەشەی لە کارە هونەریەکەدا گرنگی هەیە بۆ ئەوەی ببێتە تەوەرێکی ناوەند کە سەرنجی بۆ دەچێت، زاڵبوون لە بنەماکانی کاری هونەرییە کە ڕۆڵێکی کارای هەیە لە تیشکخستنە سەر بەها جوانیەکان لە پێکهاتەی هونەردا، هەر کارێکی هونەری تەوەرێک یان شێوەیەکی زاڵی هەیە کە سەرجەم بابەتاکانی کارە هونەریەکە لەخزمەتیدان، کە سەرنجی وەرگر ڕادەکێشێت بۆخۆی. (معتز، ٢٠٠٦، لا ٧٦)

گرنگترین ئەو ڕێگایانەی کە دەکرێت زاڵبوونی بابەتەکە بەهێز بکات لەمانەدا کۆدەکرێنەوە:

- هێڵەکان بە ئاراستەی ناوەندی زاڵبوون.
- زاڵبوون لەڕێگای پیشاندانی ڕەنگەکان یان پلەبەندی ڕەنگ.
- زاڵبوون لە ڕێگای نزیکی.
- زاڵبون لە ڕێگای ساو.
- زاڵبوون لەڕێگای جوڵە و واستانەوە.
- زاڵبوون لە ڕێگای یەکخستنی ئاراستەی چاو.
- زالبوون لە ڕێگای جیاوازی شێوە و هێڵ.(دفاك، ١٩٩٩، لا ١١١)

ه. **دوپاتکردنەوە:** فاکتەری دوپاتکردنەوە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەدروستکردنی کاری هونەریدا، دوپاتکردنەوە جیاوازەکان لەکاری هونەریدا جۆرەها ڕیتمی بینراو بەدەست دەهێنێت، لەکاری هونەریدا دوپاتکردنەوە بۆمان ڕوونە کە پێویستی بە یەک توخم یان دوو توخمە وەک دوپاتکردنەوەی شێوەکان یان یەکەکان بەبێ مانەوەی توخمەکانی تر، بۆ نمونە پلەبەنی سێبەر و ڕوناکی یان ڕەنگ یان ساو. دەتوانرێت هەمە چەشنەیی بەدەست بهێنرێت سەرەڕای بەکاری هێنانی دوپاتکردنەوە لە کاری هونەریدا، بەبێ ئەوەی جۆرێک لە بێزاری دروستبکات، (التهامي، ٢٠٠٩، لا ١٢٧)

و. **ڕێژەیی:** چەمکێکە ئاماژە بە گرنگی پەیوەندیەکانی نێوان بەشەکانی یەک قەوارە دەکات لەسەر ڕێژەی بیرکاری، بەم شێوەیە دەکرێت بەهایەکی ژمارەیی ڕەچاو بکرێت کە چۆن ئامادەیە لە توخمەکانی کاری هونەریدا، بنەما بیرکاریەکان لە

هونەردا هاوكاری مێشكی مرۆڤ دەكەن بۆ تێگەیشتن و زانینی پەیوەندیەكانی نێوان فۆڕم و بۆشایی بە شێوەیەكی سادە و ئاسان. (المحاضرة، ٢٠٢٠، لا ١١)

ز. **دژیەک:** سروشتی ژیان وەهایە شتەكان كۆدەكاتەوە و دژیەكیشیان دەكات، بۆ ئەوەی تاک زانیاری هەبێت لەسەر پێچەوانەكان، بۆیە چەمكی دژیەک واتا كۆكردنەوەی لایەنە دژەكان، كە گواستنەوەیەكی خێراو لەناكاوە لە دۆخێكەوە بۆ پێچەوانەكەی، پلە بەندی نابەخشێت لەكاتی پێكهێناندا بۆیە بووە بە ئامڕازێكی گرنگ و پێویست بۆ كارە هونەریەكان بۆ توانای ڕاكێشانی سەرنج. چەند جۆرێكی جیاوازی هەیە ئەوانیش: دژیەک لە هێڵ، شێوە، قەبارە، ڕەنگ. پێكهاتەی ڕازاندنەوەی سیرامیک بەبێ دژیەک دەبێتە پلەبەندیەكی بێزاركەر. (ابو هنطش، ٢٠٠٠، لا ١٠٠)

## ٢ . ٢ توێژینەوەكانی پێشوو:

توێژەر ئاماژە بە چەند توێژینەوەیەک دەدات كە پێشتر ئەنجام دراوە نزیک لە توێژینەوەی ئێستامان كە پەیوەستە بە بابەتەكانی دانانی بەرنامەی فێركاری و بابەتی سیرامیک:

### ١.٢.٢ توێژینەوەی (الامام، ١٩٩٦)

بەناونیشانی (دیزاینی فێركاری – فێركردنی یاساكانی پێكهێنان لە هونەرەكانی شێوەكاریدا)

ئەم توێژینەوەیە لە زانكۆی بغداد، كۆلێجی هونەری شێوەكاری، بەشی پەروەردەی هونەر ئەنجامدراوە.

ئامانجی توێژینەوەكە بریتیە لە:

١. بەكارهێنانی شێوازی بنەمای نمونەیی لە دیزاینی فێركاری - فێركردنی بناغەكانی داڕشتن لە كۆلێجی هونەری شێوەكاری پشتبەست بە بناغەی تیۆری ئاراستەكراوی مەعریفی لە تیۆری (لاندا).
٢. هەڵسەنگاندنی كاریگەری نمونە ڕاستیەكە لە ماوەی دەستكەوتنی مەعریفەدا، وە توانای فێرخوازان لە شیكردنەوەی كاری هونەریدا.

سنوری توێژینەوە:

خوێندكارانی ساڵی سێیەم – پسپۆڕی پەروەردەی تەشكیلی/ بەشی پەروەردەی هونەری لە كۆلێجی هونەری شێوەكاری/ زانكۆی بەغداد.

توێژەر میتۆدی ئەزمونی بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی.

کۆمەڵگای توێژینەوەکە: پێکهاتبوو لە (٥٨) خوێندکار کە کرابوون بە دوو گروپی یەکسانەوە لە بەشی پەروەردەی هونەری /کۆلێجی هونەری شێوەکاری/ زانکۆی بەغداد.

ئامرازەکانی توێژینەوەکە: توێژەر (تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی، تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری، تاقیکردنەوەی شیکردنەوەی کاری هونەری) بەکار هێناوە.

هۆکارە ئاماریەکان: (تاقیکردنەوەی تائی، هاوکۆلکەی جیاکاری) ی بەکارهێناوە.

ئەنجامی توێژینەوەکە:

ئەنجامی توێژینەوەکە کە بۆ دەرهێنانی تاقیکردنەوەی (تائی) و شیکاری جیاوازی بەکارهێنرا، دەریخست کە ئەو گروپە تاقیکارییەی کە بەپێی قۆناغەکانی مۆدێلی دیزاینی (فێربوون – فێرکاری) بە ئاراستەی مەعریفی بۆ یاساکانی پێکهاتن باشترین بوون لە دەستکەوتدا لە چاو گروپی کۆنترۆڵ (١)، و گروپی تاقیکاری زیاتر توانیبووی شیکاری کارە هونەریەکان بکات لە گروپی کۆنترۆڵ (٢) توانای پاراستنی ستراتیژییەکانی شیکاری زیاتری هەبوو لە چاو ئەوانی تر بە بەکارهێنانی شێوازە تەقلیدیەکان.

## ٢.٢.٢ توێژینەوەی (البياتي، ١٩٩٦)

بەناونیشانی (دیزاینی بەرنامەی فێرکاری بۆ بابەتی دارشتنی وێنە لە کۆلێجەکانی هونەرە جوانەکان)

ئەم توێژینەوەیە لە زانکۆی بەغداد، کۆلێجی هونەرە جوانەکان، بەشی پەروەردەی هونەری ئەنجامدراوە.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە:

١. دیزاینکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری بۆ بابەتی دارشتنی وێنە.
٢. زانینی کاریگەری بەرنامە فێرکاریەکە لە سەر دەستکەوتی خوێندکاران و بەراوردکردنی بە رێگا ئاساییەکە.

سنوری توێژینەوە:

خوێندکارانی قۆناغی سێی بەشی پەروەردەی تەشکیلی - پەروەردەی هونەری – کۆلێجی هونەرە جوانەکان – زانکۆی بەغداد، بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٩٥ – ١٩٩٦)

توێژەر میتۆدی ئەزمونی بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی.

کۆمەڵگای توێژینەوەکە: پێکهاتبوو لە نمونەی خوێندکارانی قۆناغی سێی بەشی پەروەردەی تەشکیلی - پەروەردەی هونەری – کۆلێجی هونەرە جوانەکان – زانکۆی بەغداد، بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٩٤ – ١٩٩٥) و (١٩٩٥ – ١٩٩٦) کە ژمارەیان لە ساڵی یەکەمدا (٥١) خوێندکار بووە و لە ساڵی دووەمدا (٤٣) خوێندکار بووە.

ئامرازەکانی توێژینەوەکە: توێژەر (تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی، تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری) بەکار هێناوە.

هۆکارە ئاماریەکان: (تاقیکردنەوەت تائی) ی بەکارهێناوە.

ئەنجامی توێژینەوەکە:

گەیشتن بە ئامانجی یەکەم لە ڕێگەی ئەو ڕێکارانەوە بوو کە توێژەر پەنای بۆ برد لە ڕووی کۆکردنەوەی مادده فێرکاریەکان و پێناسەکردنی ئەو ئامانجە پەروەردەیی و فێرکاری و ڕەفتاریانەی کە پێویستن بۆ فێرکردن و فێربوون و ڕێکخستنیان بەپێی چەمکە گشتیەکانی تیۆری فێربوون(جەشتاڵت) و دیزاینی پەروەردەیی و پشکنینیان لە توێژینەوەیەکی ڕاپرسیدا بۆ زانینی ڕادەی جیاکردنەوەی بڕگەکانی و ڕادەی سەختی یان ئاسانکارییان و ڕادەی ڕوونی و خوێندنەوەیان و گونجاوییەکەی بۆ ئاستی خوێندکار و فێربوونی لەسەر ئاستی زانکۆ.

ئامانجی دووەم لە جێبەجێکردنی بەرنامەی پەروەردەیی و بەراوردکردنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی پێش و دوای تاقیکردنەوەکانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵەوە ڕوون بووەتەوە، کە ئەنجامەکانی بەراوردکردنەکە لە ئاستی دەستکەوتی ئەو گروپە تاقیکارییە زیاترە کە بەکارهێنانی بەرنامەی فێرکاریی لە خۆفێرکردن و لە ژێر چاودێری مامۆستا.

## ٣.٢.٢ (الحديثي، ١٩٩٧)

بەناونیشانی (بناغە و جێبەجێکردنی بەرنامەی فێرکاری لە گەشەپێدانی لێهاتوویە هونەریەکان بۆ بابەتی بنەماکانی دیزاین)

ئەم توێژینەوەیە لە زانکۆی بەغداد ئەنجامدراوە.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە:

١. بناغه و جێبەجێکردنی بەرنامەی فێرکاری لە گەشەپێدانی لێهاتوویە هونەریەکان بۆ بابەتی بنەماکانی دیزاین.
٢. هەڵسەنگاندنی کاریگەری بەرنامەکە لە لایەنی زانیاری و کارامەیی و ئەگەری لێهاتووی فێرخواز لە کارامەیی هونەری داواکراو لە وانەی بنەماکانی دیزایندا.

سنوری توێژینەوە:

بناغە و جێبەجێکردنی بەرنامەی فێرکاری بۆ خوێندکارانی ساڵی یەکەم – پسپۆڕی دیزاین – لە بەشی دیزاین – پەیمانگای هونەری جێبەجێکردن – پێکهاتەی پەیمانگای هونەر کە بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٩٥ – ١٩٩٦).

توێژەر میتۆدی ئەزمونی بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی.

کۆمەڵگای توێژینەوەکە: پێکهاتبوو لە خوێندکارانی قۆناغی یەکەم – پسپۆڕی دیزاین – لە بەشی دیزاین – پەیمانگای هونەری جێبەجێکردن – پێکهاتەی پەیمانگای هونەر کە ژمارەیان (٤٥) خوێندکار بوو.

ئامرازەکانی توێژینەوەکە: توێژەر (تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی، تاقیکردنەوەی لێهاتووی ئەدا، تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری) بەکار هێناوە.

هۆکارە ئاماریەکان: (تاقیکردنەوەت تائی، تاقیکردنەوەی (توکی)، هاوکۆلکەی جیاکاری) ی بەکارهێناوە.

ئەنجامی توێژینەوەکە:

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە شیوەکانی پێشکەشکردن کە بەپێی تیۆری پێشکەشکردنی دەستکرد (C.D.T) پێشکەش بە فێرخوازان دەکرێت، کە ئامانجە پەروەردەییە دوو ڕەهەندییەکان (ئەدا و ناوەڕۆک)ی لەخۆگرتبوو و لە چوارچێوەی ئاستە جیاوازەکانیدا، جووتبوون و هاوئاهەنگی نێوانیان، ڕێکخراو، چالاکییە پەروەردەییەکان و ڕووداوە بەرنامە بۆ داڕێژراوەکان، بە شێوەیەکی لۆژیکی و ڕووەکی ڕێکخراو، و تاقیکردنەوەکانی فیدباک (F.B)بۆ هەڵسەنگاندنی چالاکییەکان و ئامانجەکانیان .ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەنجامەکانی گروپی تاقیکاری لە دوو تاقیکردنەوەی دەستکەوت و ئەدای کارامەییدا بەسەر گروپی کۆنترۆڵ یەکەم و دووەمدا سەرکەوتووتر بن .ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ستراتیژی دیزاینی فێرکاری لە ئەنجامەکانیدا لەگەڵ شێوازە ئاساییەکانی فێرکردنی بنەماکانی بابەتی دیزاین یەکدەگرێتەوە، چونکە هاوسەنگی لە نێوان ڕەهەندە مەعریفی و لێهاتووییەکانی پرۆسەی پەروەردەدا دروست دەکات.

### ٤.٢.٢ توێژینەوەی (عباس، ٢٠٠٦)

بەناونیشانی (کاریگەری بەرنامەی فێرکاری بۆ لێهاتوییەکانی پیشەسازی قاڵبکردن و بەکارهێنانی لای خوێندکارانی پەروەردەی هونەری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی گۆزەگەریدا)

ئەم توێژینەوەیە لە زانکۆی دیالی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی پەروەردەی هونەر ئەنجامدراوە.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە:

١. دیزاینکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری بۆ لێهاتوویەکانی پیشەسازی قاڵبکردن لە بابەتی گۆزەگەریدا و بەکارهێنانی لە پۆلی سێی بەشی پەروەردەی هونەری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی دیالی.
٢. لێکۆڵینەوە لە کاریگەری بەرنامە فێرکاریەکە بۆ لێهاتوویەکانی پیشەسازی قاڵبکردن و بەکارهێنانی لە بابەی گۆزەگەری بۆ دەستکەوتی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەرت زانکۆی دیالی.

سنوری توێژینەوە:

سنوری شوێن: خوێندکارانی قۆناغی دووی بەشی پەروەردەی هونەر / کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەرت / زانکۆی دیالی (خوێندنی بەیانیان).

سنوری کات:ساڵی خوێندنی (٢٠٠٥ – ٢٠٠٦)

سنوری بابەت: بەرنامەی فێرکاری لە پیشەسازی قاڵبی بۆرەک و بەکارهێنانی بڕیارلێدراو لە بەشی پەروەردەی هونەر، بۆ وەرزی خوێندنی دووەم.

توێژەر میتۆدی ئەزمونی بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی.

کۆمەڵگای توێژینەوەکە: پێکهاتبوو لە خوێندکارانی پۆلی دوو لە بەشی پەروەردەی هونەر لەناو کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی دیالی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٥ – ٢٠٠٦) کە ژمارەیان (٨٨) خوێندکار بوو، لە دوو هۆڵدا، (٤٧) خوێندکار لە هۆڵی یەکەم و (٤١) خوێندکار لە هۆڵی دووەم.

ئامرازەکانی توێژینەوەکە: توێژەر (فۆڕمی هەڵسەنگاندن، تاقیکردنەوەی لێهاتووی، تاقیکردنەوەی دەستکەوت) بەکار هێناوە.

هۆکارە ئامارییەکان: (تاقیکردنەوەی مان - وتنی، هاوکۆلکەی جیاکاری، هاوکۆلکەی جیاکاری قوررسی، هاوکۆلکەی کیودر ڕیتشادرسون، هاوکۆلکەی جێگیری کوپەر) ی بەکارهێناوە.

ئەنجامی توێژینەوەکە:

پشتبەستن بەو بەرنامە فێرکارییە دیزاینکراوەی کە لە توێژینەوەکەدایە لەسەر ڕاهێنانی و وانەوتنەوە داڕێژراوە بۆ (خوێنداکار/ مامۆستا) شایستە بۆ پیشەی وانەووتنەوە لە پەروەردەی هونەری لە قوتابخانە ناوەندتەکان، ئەویش کارامەیی هونەری لەخۆ دەگرێت لەسەر بنەمای زانستی و تیۆری دامەزراندن و ئامانجی فێرکاری، لەسەر بنەمای پێداویستی خوێندکاران.

سودوەرگرتن لە فۆڕمی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی مەعریفي و فۆڕمی هەڵسەنگاندنی ئەدای کارامەیی، کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتووییەکانی ئەدای کارکردن (بۆ خوێندکار/ مامۆستا) پێش و لەکاتی خزمەتدا.

## ٥.٢.٢ توێژینەوەی (محمد، ٢٠١٣)

بەناونیشانی (کاریگەری بەرنامەیەکی فێرکاری لە پەرەپێدانی تواناکانی وێنەی سروشت لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر)

ئەم توێژینەوەیە لە زانکۆی دیالی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی پەروەردەی هونەر ئەنجامدراوە.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە:

پەرەپێدانی تواناکانی وێنەی سروشت لەسەر مۆدێلی پەرەپێدراوی (کانیە – برجز) ١٩٨٨.

زانینی کاریگەری بەرنامە فێرکاریەکە لە ماوەی جێبەجێکردنیدا لەسەر نمونەی ئەزمونی خوێندکارانی قۆناغی سێ – بەشی پەروەردەی هونەری – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت – زانکۆی موستانصریە.

سنوری توێژینەوە:

سنوری شوێن:  خوێندکارانی قۆناغی سێ – بەشی پەروەردەی هونەری – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت – زانکۆی موستانصریە – خوێندنی بەیانیان.

سنوری کات: ساڵی خوێندنی (٢٠١٢ – ٢٠١٣)

سنوری بابەت: بەکارهێنانی بۆیەی زەیتی لە وێنەی سروشت  لەسەر مۆدێلی پەرەپێدراوی (کانیە – برجز) ١٩٨٨.

توێژەر میتۆدی ئەزمونی بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی.

کۆمەڵگای توێژینەوەکە: پێکهاتبوو لە خوێندکارانی قۆناغی سێ – بەشی پەروەردەی هونەری – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت – زانکۆی موستانصریە – خوێندنی بەیانیان – بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٢ – ٢٠١٣) کە سەرجەمیان پێکهاتبون لە (٩٤) خویندکار، (٤٥) کوڕ و (٤٩) کچ.

ئامرازەکانی توێژینەوەکە: توێژەر (تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی، تاقیکردنەوەی توانای بینینی ڕەنگ، تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری) بەکار هێناوە.

هۆکارە ئاماریەکان: (تاقیکردنەوەت تائی، هاوکۆلکەی جێگرەوە، هاوکۆلکەی جیاکاری، هاوکۆلکەی جیاکاری قوررسی، هاوکۆلکەی ڕێتشادرسون) ی بەکارهێناوە.

ئەنجامی توێژینەوەکە:

خوێندکارانی گروپی تاقیکاری کە ناوەڕۆکی بەرنامە فێرکاریەکەیان بەسەردا جێبەجێکرا لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکی سەرکەوتوو تر بوون بەرامبەر بە خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزموونە فێرکاریانەی لەناو بەرنامەکەدا هاتووە.

خوێندکارانی گروپی تاقیکاری کە ناوەڕۆکی بەرنامە فێرکاریەکەیان بەسەردا جێبەجێکرا لە تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی بینراوی ڕەنگی پاشەکی سەرکەوتوو تر بوون بەرامبەر بە خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزموونە فێرکاریانەی لەناو بەرنامەکەدا هاتووە.

خوێندکارانی گروپی تاقیکاری کە ناوەڕۆکی بەرنامە فێرکاریەکەیان بەسەردا جێبەجێکرا لە تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی لێهاتوویی هونەری جیاوازی پاشەکی سەرکەوتوو تر بوون بەرامبەر بە خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکوپێکی کارامەیی جۆراوجۆر کە لە ناوەڕۆکی بەرنامەکەدا هاتووە.

### ٦.٢.٢ توێژینەوەی (البیاتي، ٢٠١٣)

بەناونیشانی (کاریگەری بەرنامەیەکی دەوڵەمەندکراو لە بابەتی دیزاین بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر)

ئەم توێژینەوەیە لە زانکۆی دیالی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی پەروەردەی هونەر ئەنجامدراوە.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە:

١. کاریگەری بەرنامەی دەوڵەمەندکراو، کە چالاکی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەخۆ دەگرێت لەڕێگای پەرەپێدانی (بیری بەهێز، نەرمی، ڕەسەنایەتی، توانای بیرکردنەوەی داهێنەرانە)
٢. باشترکردنی دەستکەوتی خوێندن لە ماوەی جێبەجێکردنی بەرنامە دەوڵەمەندکراوەکە لە گەشپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە بابەتی بنەماکانی دیزایندا لای خویندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری (قۆناغی سێیەم) لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت.

سنوری توێژینەوە:

١. خویندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری (قۆناغی سێیەم) لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت – زانکۆی دیالی، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٢ – ٢٠١٣) خوێندنی بەیانیان بۆ هار دوو ڕەگەز.
٢. بابەتی بنەماکانی دیزاینی بڕیارلێدراو کە بەشێکە لە بابەتەکانی وەرزی یەکەمی خوێندن.

توێژەر میتۆدی ئەزمونی بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی.

کۆمەڵگای توێژینەوەکە: پێکهاتبوو لە خویندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری – لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت – زانکۆی دیالی، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٢ – ٢٠١٣) کە ژمارەیان (٨٥) خوێندکار بوو، کە دابەش بوون بەسەر دوو پۆلی خوێندندا (٤٥) خوێندکار لە پۆلی (أ) و (٤٠) خوێندکار لە پۆلی (ب).

ئامرازەکانی توێژینەوەکە: توێژەر (تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی، تاقیکردنەوەی گریمانەی تەندروستی، تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری، تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە) بەکار هێناوە.

هۆکارە ئامارییەکان: (هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسون، تاقیکردنەوەی تائی، هاوکۆلکەی جێگرەوە، هاوکۆلکەی هەڵەی پێوانەیی، هاوکۆلکەی قوررسی، هاوکۆلکەی کوپەر، هاوکۆلکەی کودر - ڕێتشادرسون) ی بەکارهێناوە.

ئەنجامی توێژینەوەکە:

هەمەچەشنکردنی ئەزموونە پەروەردەییەکان و شێوازەکانی پێشکەشکردنیان لە ڕێگەی دابینکردنی چالاکییەکانی دەوڵەمەندکردنی پەروەردەیی فرە و هەمەچەشن، بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی ژینگەی خوێندکار-مامۆستا، و ڕەخساندنی دەرفەت بۆی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەزامەندی فرە و جۆراوجۆر، کە گونجاو بێت لەگەڵ قۆناغی گەشەکردنی.

تواناکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە کە بە (ڕوانگەیی، نەرمی، ڕەسەنایەتی، و هەموو توانا) نوێنەرایەتی دەکرێن، زیاتر بەدەست دەهێنرێن، واتە کەوتوونەتە ژێر ڕاهێنانەوە، و دەتوانرێت لە ڕێگەی بەرنامەی دەوڵەمەندکردنی کاریگەرەوە پەرەی پێبدرێت کە بەشێوەیەکی زانستی بە سەرکەوتوویی لە ئاستی خوێندنی زانکۆدا دارێژراون.

ڕاهێنانی خوێندکار - مامۆستا بۆ فێرکردنی کارامەیی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە بوارە جیاوازەکانی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان (مەعریفە- لێهاتوویی) لە بواری بناغەکانی دیزاین، کە هەموو ئەمانە بێ گومان کاریگەری ئەرێنییان هەبووە لەسەر ڕەخساندنی دەرفەت بۆ خوێندکارانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ نیشاندانی ڕەفتاری داهێنەرانە لە بوارێک یان چەند بوارێکی چالاکییدا.

## ٧.٢.٢ توێژینەوەی (احمد، ٢٠١٥)

**به ناونیشانی (کاریگەری پرۆگرامێکی پێشنیازکراو لەسەر گەشەکردنی لێهاتویی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری لە بابەتی ڕەخنە و چێژی هونەریدا و ئاراستەکانیان لە بەرامبەریاندا)**

ئەم توێژینەوەیە لە زانکۆی سلێمانی، سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی پەروەردەی هونەری ئەنجام دراوە.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە:

١) زانینی کاریگەری پرۆگرامێکی فێرکاری پێشنیازکراو دەربارەی بابەتی ڕەخنە و چێژی هونەری، لە سەر ئاستی بەدەستهێنانی زانیاری خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری لە سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی لەبابەتەکەدا.

٢) زانینی کاریگەری پرۆگرامە فێرکارییەکە، لە سەر گەشەی لێهاتوویی پراکتیکی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری لە سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی لە بابەتەکەدا.

٣) زانینی کاریگەری پرۆگرامە فێرکارییەکە لەسەر ئاراستەی ( إتجاهات ) خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری لە سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی بەرامبەر بە بابەتی ڕەخنە و چێژی هونەری.

سنوری توێژینەوە: خوێندکارانی قۆناغی (چوارەم) لە بەشی پەروەردەی هونەری لە سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠١٤ –٢٠١٥) .

توێژەر میتۆدی ئەزموونی (التجريبي) بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی .

کۆمەڵگای توێژینەوەکە: پێکهاتووە لە خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی بەشی پەروەردەی هونەری لە سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی، ساڵی خوێندنی (٢٠١٤ – ٢٠١٥)، کە ژمارەیان پێکهاتبوو لە ( ٣٠) خوێندکاری کچ.

ئامڕازەکانی توێژینەوە: توێژەر (تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی، ڕاپرسی) بەکار هێناوە.

هۆکارە ئاماریەکان: (هاوکۆلکەی ئاماری کوهەر ، هاوکۆلکەی ئاماری تی تێست، هاوکۆلکەی ئاسانی، هاوکۆلکەی جیاکاری، هاوکۆلکەی ئاماری سپێرمان براون، هاوکۆلکەی ئاماری جلاس، هاوکۆلکەی ئاماری کۆهن، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن) ی بەکار هێناوە.

ئەنجامی توێژینەوەکە:

لەکاتی پەیڕەوکردنی بەرنامە فێرکارییە پێشنیازکراوەکەدا، بەمەبەستی گەشەکردنی لایەنی زانیاری و لێهاتوویی خوێندکاران لەبابەتی ڕەخنە و چێژی هونەریدا، گەشەکردنی خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی زیاتر بوو، بەبەراوورد بە ڕێگای ئاسایی کۆمەڵەی خوێندکارانی کۆنترۆڵکراودا کە بەرزترە لە ئاستی (٠،٠١) دا.

ئەگەر ئامادەکاری تەواو بۆ ووتنەوە و فێرکردنی بابەتی چێژی هونەری بکرێت، لەدوای بەکارهێنانی بەرنامەکە، کاریگەری لەسەر ئاراستەی خوێندکاران بەشێوەیەکی ئەرێنی بەهێزتری دەبێت بەرامبەر بابەتەکە.

### ٨.٢.٢ توێژینەوەی (محمد، ٢٠١٥)

بە ناونیشانی (**کاریگەری بەرنامەیەکی ڕاهێنانی لەسەر گەشەی کارامەیی سیرامیک لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری لە سکوڵی پەروەردەی بنەڕەت**)

ئەم توێژینەوەیە لە زانکۆی سلێمانی، سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی پەروەردەی هونەری ئەنجام دراوە.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە:

١) دروستکردنی بەرنامەیەکی ڕاهێنانی بۆ گەشەی کارامەیی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری لە سکوڵی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی سلێمانی بۆ وانەی سیرامیک.
٢) زانینی کاریگەری بەرنامە ڕاهێنانیەکە لەسەر گەشەی کارامەیی خوێندکاران لە ماوەی ئەزمونەکەدا لەسەر نمونەیەک لە خوێندکارانی پۆلی سێ لە بەشی پەروەردەی هونەری لە سکوڵی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی سلێمانی، وە بەراورد بە ڕێگا ئاساییەکە لە وانەکەدا.

سنوری توێژینەوە: خوێندکارانی قۆناغی (سێ) لە بەشی پەروەردەی هونەری لە سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠١٤ –٢٠١٥) .

توێژەر میتۆدی ئەزموونی (التجريبي) بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی .

کۆمەڵگای توێژینەوەکە: پێکهاتووە لە خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی پەروەردەی هونەری لە سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی، ساڵی خوێندنی (٢٠١٤ – ٢٠١٥)، کە ژمارەیان پێکهاتبوو لە (٥٨) خوێندکار، (١٥) خوێندکاری کوڕ و (٤٣) خوێندکاری کچ.

ئامڕازەکانی توێژینەوە: توێژەر (تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی، ڕاپرسی) بەکار هێناوە.

هۆکارە ئاماریەکان: ( هاوکۆلکەی ئاماری تی تێست، هاوکۆلکەی ئاسانی و قورسی، هاوکۆلکەی جیاکاری، هاوکۆلکەی ئاماری جلاس، هاوکۆلکەی ئاماری (مربع ايتا)، هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن) ی بەکار هێناوە.

ئەنجامی توێژینەوەکە:

دارشتنی بەرنامەی ڕاهێنان بۆ پەرەپێدانی تواناکانی سیرامیک بۆ خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری دانابوو .ئەم ئامانجە لە ڕێگەی ئەو ڕێکارانەی کە لە بەشی سێیەمی توێژینەوەکەدا باسکراون، بەدی هاتووە.

پێوانەکردنی کاریگەریی پرۆگرامی ڕاهێنان لە پەرەپێدانی تواناکانی سیرامیک لە نێو قوتابیاندا، بە بەکارهێنانی بۆ نمونەیەکی تاقیکاریی خوێندکارانی پۆلی سێیەم لە بەشی پەروەردەی هونەر - قوتابخانەی پەروەردەی بنەڕەتی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥).

### ٩.٢.٢ توێژینەوەی (حداد، ٢٠١٨)

بە ناونیشانی (**بەکارهێنانی بنەماکانی بەرنامەی فێرکاری لەگەشەپێدانی نمونەی پێشنیارکراو لە بایەخدان بە خوێنکارانی بەهرەمەند ئەوانەی بەهرەی تایبەتیان هەیە**)

ئەم توێژینەوەیە لە زانکۆی عین شمس، کۆلێجی ئادابی کچان و زانستی پەروەردە ئەنجام دراوە.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە:

١) زانینی مۆدێلێکی تایبەت لای مامۆستایانی بەهرەمەندان بۆ یارمەتیدان لە دیزاین و بنیاتنانی بەرنامە لە بایەخدان بە خوێنکارانی بەهرەمەند ئەوانەی بەهرەی تایبەتیان هەیە.

٢) زانینی بەشداریکردنی بەرنامەکە بۆ گرنگیدان بە خوێندنگاکان بۆ گەشەکردنی بەهرە لای خوێندکارانی بەهرەمەند ئەوانەی بەهرەی تایبەتیان هەیە بەشێوەیەکی تایبەت.

٣) زانینی سەردانیکردنی مامۆستایانی بەهرەمەندان لە دروستبوونی ئاستەنگی و بەربەست بۆ دیزاین و بنیاتنانی بەرنامە لە بایەخدان بە خوێنکارانی بەهرەمەند ئەوانەی بەهرەی تایبەتیان هەیە.

٤) زانینی بەدواداچونی بەرنامەی بایەخدانی بەهرەمەندان لە خوێندنگاکاندا و ئامانجەکانی تایبەتی بایەخدان بە خوێنکارانی بەهرەمەند ئەوانەی بەهرەی تایبەتیان هەیە.

٥) پێشکەشکردنی نمونەیەکی پێشنیارکراو لە دیزاین و بنیاتنانی بەرنامە لە بایەخدان بە خوێنکارانی بەهرەمەند ئەوانەی بەهرەی تایبەتیان هەیە بەپێی بنەماکانی بەرنامەی فێرکاری.

سنوری توێژینەوە: سنوری خوێندنی مامۆستایانی بەهرەداران لە شاری ریاض، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١١ - ٢٠١٢) .

توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی .

کۆمەڵگای توێژینەوەکە: پێکهاتووە لە سەرجەم مامۆستایانی بەهرەمەندان لە خوێندنگا حکومی و ئەهلیەکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردە و فێرکردن لە شاری ریاض، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١١ – ٢٠١٢)، کە ژمارەیان بریتي بووە لە (٨٩) مامۆستا.

ئامرازەکانی توێژینەوە: توێژەر (ڕاپرسی) بەکار هێناوە.

هۆکارە ئاماریەکان: (بەرنامەی ئاماری (SPSS)، هاوکۆکەی ئاماری کرونباخ،) ی بەکار هێناوە.

ئەنجامی توێژینەوەکە:

لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە مامۆستای بەهرەمەندەکان مەنهەجێکی ڕوونی نییە بۆ بەرنامەی چاودێریکردنی بەهرەمەندانی خاوەن بەهرەمەندی تایبەت، بە ڕێژەی لەسەدا (٨٧.٦٠) .

مامۆستای بەهرەمەندەکان ڕووبەڕووی کێشە و بەربەست دەبێتەوە لە دیزاینکردن و دروستکردنی بەرنامەیەک بۆ گرنگیدان بە خوێندکارە بەهرەمەندەکان کە بەهرەمەندی تایبەتیان هەیە بە ڕێژەی (٨٦.٣٠).

مامۆستای بەهرەمەند مۆدێلێکی تایبەتی نییە کە یارمەتی بدات بۆ دیزاینکردن و دروستکردنی بەرنامەیەک بۆ گرنگیدان بە خوێندکارە بەهرەمەندەکان بەهرەمەندی تایبەت (٧٣.٨٠).

پرۆگرامی سپۆنسەری بۆ خوێندکارانی بەهرەمەند بە بەهرەی تایبەت کە لە ئێستادا لە قوتابخانەکاندا داواکاری پێشکەش دەکرێت بە ستانداردی کوالیتی بە ڕێژەی (٧٣.٨٠)

مامۆستای بەهرەمەندەکان بەڵگەی ڕێکارەکانی ڕوونی نییە لەکاتی پلاندانان بۆ دیزاینکردن و دروستکردنی بەرنامەیەک بۆ گرنگیدان بە خوێندکارە بەهرەمەندەکان کە بەهرەمەندی تایبەتیان هەیە بەڕێژەی (٧٢.٥٠) .

مامۆستای بەهرەمەند زانیاری و توانای بەکارهێنانی بنەماکانی دیزاینی فێرکاری (شیکاری، دیزاین، پەرەپێدان، بەکارهێنان، و هەڵسەنگاندن)ی نییە لە کاتی دیزاینکردن و دروستکردنی

بەرنامەیەک بۆ گرنگیدان بە خوێندکارە بەهرەمەندەکان کە بەهرەی تایبەتیان هەیە بەڕێژەی (٧١.٣٠)

## ١٠.٢.٢ توێژینەوەی (آل سعود، ٢٠٢٠)

بە ناونیشانی (**دیزاینکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیارکراو لەسەر بنەمای مۆزەخانەی مەجازی و کاریگەری لەسەر گەشەپێدانی هۆشیاری شوێنەوارناسی و دەستکەوتی مەعریفی لە بابەتی خوێندنی کۆمەڵایەتی و هاوڵاتیبوون لای خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی لە شانشینی عەرەبی سعودی**)

ئەم توێژینەوەیە لە زانکۆی الامام محمد بن سعود الاسلامیة، کۆلێجی پەروەردە، بەشی مەنهەج و ڕێگای وانەوتنەوە ئەنجام دراوە.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە:

١) دیزاینکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیارکراو لەسەر بنەمای مۆزەخانەی مەجازی لە بابەتی خوێندنی کۆمەڵایەتی و هاوڵاتیبوون لە گەشەکردنی هۆشیاری شوێنەوارناسی و دەستکەوتی مەعریفی لای خوێندکارانی پۆلی سێی ناوەندی.
٢) ئاشکراکردنی کاریگەری بەرنامە فێرکاریە پێشنیارکراوەکە لەسەر بنەمای مۆزەخانەی مەجازی لە گەشەکردنی هۆشیاری شوێنەوارناسی لە بابەتی خوێندنی کۆمەڵایەتی و هاوڵاتیبوون لای خوێندکارانی پۆلی سێی ناوەندی.
٣) ئاشکراکردنی کاریگەری بەرنامە فێرکاریەکە پێشنیارکراوەکە لەسەر بنەمای مۆزەخانەی مەجازی لە گەشەکردنی ئاستی دەستکەوتی مەعریفە لە بابەتی خوێندنی کۆمەڵایەتی و هاوڵاتیبوون لای خوێندکارانی پۆلی سێی ناوەندی.
٤) دیاریکردنی شێوازی پەیوەندی پەیوەست و پشتبەست بە پێشبینیکردن لەنێوان ماوەی گەشە لە نمرەی هۆشیاری شوێنەوەرناسی و ئاستی دەستکەوت مەعریفی لای خوێندکارانی پۆلی سێی ناوەندی.

سنوری توێژینەوە: خوێندکارانی پۆلی سێی ناوەندی لە شاری ریاض لە ناوچەی بەڕێوبەرایەتی ریاض لە ناوەندی شانشینی عەرەبی سعودی، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨ – ٢٠١٩).

توێژەر میتۆدی شێوە ئەزموونی بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی .

کۆمەڵگای توێژینەوەکە: پێکهاتبوو لە (٣٤٥١٠) خوێندکار کە دابەشکراون بەسەر (٧٣) خوێندنگەی ناوەندیدا، لە بابەتی خوێندنی کۆمەڵایەتی و هاوڵاتیبوون، بەردەوام (٣) بەشەوانە خوێندراوە هەفتانە، لە ناوچەی بەڕێوبەرایەتی ریاض لە ناوەندی شانشینی عەرەبی سعودی ،بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨ – ٢٠١٩).

ئامڕازەکانی توێژینەوە: توێژەر (پێوانەکردن، تاقیکردنەوەی دەستکەوت) بەکار هێناوە.

هۆکارە ئامارییەکان: (هاوکۆلکەی ئاماری (ETA)، هاوکۆکەی بلانک، هاوکۆکەی بیتا، تاقیکردنەوەی (کولمجروف – سمیرنوف)، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، هاوکۆکەی ئاماری تی تێست، هاوکۆکەی ئاماری کرونباخ) ی بەکار هێناوە.

ئەنجامی توێژینەوەکە:

ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە کە جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە ئاستی بەڵگەکان(٠،٠١) لە نێوان مامناوەندی نمرەکانی گروپی توێژینەوەکە لە پێش و دوای بەکارهێنان لە پێوەرەکانی هۆشیاری شوێنەواریی و تاقیکردنەوەی دەستکەوتی مەعریفی لە بەرژەوەندی جێبەجێکردنی پاشەکی.

ئەنجامەکان کاریگەرییەکی بەرزی بەرنامەی فێرکاری پێشنیازکراویان لەسەر پەرەپێدانی هۆشیاری شوێنەواریی و دەستکەوتی زانیاری لە نێوان نمونەکەدا ئاشکرا کرد، وەک ڕێژەی کاریگەری لەسەر (٠.٦٨، ٠.٨٧) وابەستەی دوو گۆڕاوەکە، بە ڕێککەوت .ڕێژەی ڕەش بە قازانجی ڕێکخراو لە دوو گۆڕاوە وابەستەکراوەکە، بە ڕێککەوت، گەیشتە (٢.٠٦٪، ٣.٣٢٪)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاریگەرییەکی بەرزی گۆڕاوە سەربەخۆکە لە پەرەپێدانی دوو گۆڕاوە وابەستەکراوەکەدا.

## ٣.٢ بەراوردکردن لە نێوان توێژینەوەکانی پێشوو:

أ. لە ڕووی ڕەهەندی کات و شوێنەوە توێژینەوەکانی پێشوو لە وڵات و کاتی جیادا ئەنجامدراون، هەریەک لە توێژینەوەکانی (الامام، ١٩٩٦) و (البیاتی، ١٩٩٦) و (الحدیثی، ١٩٩٧) لە عێراق زانکۆی بەغداد، کۆلێجی هونەری شێوەکاری بەشی پەروەردەی هونەری ئەنجامدراون، بەڵام هەریەک لە توێژینەوەکانی (عباس، ٢٠٠٦) و (محمد، ٢٠١٣) و (البیاتی، ٢٠١٣) لە زانکۆی دیالی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی پەروەردەی هونەر ئەنجامدراون، هەروەها توێژینەوەکانی (احمد، ٢٠١٥) و (محمد، ٢٠١٥) لە سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی پەروەردەی هونەری ئەنجام

دراون. بەڵام توێژینەوەی (حداد، ٢٠١٨) و (آل سعود، ٢٠٢٠) لە شانشینی عەرەبی سعودی ئەنجامدراون، بەڵام توێژینەوەی ئێستامان لە هەرێمی کوردستان زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی هونەرە جواناکان ئەنجام دەدرێت بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١ – ٢٠٢٢) .

ب. لەڕووی میتۆدی توێژینەوەوە توێژینەوەکانی (الامام، ١٩٩٦) و (البياتي، ١٩٩٦) و (الحديثي، ١٩٩٧) و (عباس، ٢٠٠٦) و (محمد، ٢٠١٣) و (البياتي، ٢٠١٣) و (احمد، ٢٠١٥) و (محمد، ٢٠١٥) شێوازی ئەزمونیان بەکارهێناوە، بەڵام توێژینەوەی (حداد، ٢٠١٨) شێوازی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، هەروەها (آل سعود، ٢٠٢٠) بەشێوازی شێوە ئەزمونی بە ئەنجامی گەیاندووە، وەک دەبینین توێژینەوەی ئێستامان بە شێوازی وەسفی شیکاریە.

ج. لە توێژینەوەکانی پێشوودا جۆری کۆمەڵگە و نمونەکان بریتی بوون لە کەرەستە و کۆمەڵگەی مرۆیی وەک خوێندکارانی ئاستە جیاوازەکانی خوێندن و مامۆستایان بەپێی پێداویستی توێژینەوەکە نمونە وەرگیراوە وەک توێژینەوەی (الامام، ١٩٩٦) کە کۆمەڵگای توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە (٥٨) خوێندکار کە کرابوون بە دوو گروپی یەکسانەوە لە بەشی پەروەردەی هونەری /کۆلێجی هونەری شێوەکاری/ زانکۆی بەغداد. هەروەها (البياتي، ١٩٩٦) کۆمەڵگای توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە نمونەی خوێندکارانی قۆناغی سێی بەشی پەروەردەی شێوەکاری - پەروەردەی هونەری – کۆلێجی هونەرە جوانەکان – زانکۆی بەغداد، بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٩٤ – ١٩٩٥) و (١٩٩٥ – ١٩٩٦) کە ژمارەیان لە ساڵی یەکەمدا (٥١) خوێندکار بووە و لە ساڵی دووەمدا (٤٣) خوێندکار بووە. و توێژینەوەی (الحديثي، ١٩٩٧) کۆمەڵگای توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە خوێندکارانی قۆناغی یەکەم – پسپۆڕی دیزاین – لە بەشی دیزاین – پەیمانگای هونەری جێبەجێکردن – پێکهاتەی پەیمانگای هونەر کە ژمارەیان (٤٥) خوێندکار بوو. (عباس، ٢٠٠٦) کۆمەڵگای توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە خوێندکارانی پۆلی دوو لە بەشی پەروەردەی هونەر لەناو کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی دیالی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٥ – ٢٠٠٦) کە ژمارەیان (٨٨) خوێندکار بوو، لە دوو هۆڵدا، (٤٧) خوێندکار لە هۆڵی یەکەم و (٤١) خوێندکار لە هۆڵی دووەم.وە (محمد، ٢٠١٣) کۆمەڵگای توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە خوێندکارانی قۆناغی سێ – بەشی پەروەردەی هونەری – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت – زانکۆی موستنصریە – خوێندنی بەیانیان – بۆ ساڵی

خوێندنی (٢٠١٢ – ٢٠١٣) كە سەرجەمیان پێكهاتبون لە (٩٤) خویندكار، (٤٥) كوڕ و (٤٩) كچ. هەروەها توێژینەوەی (البیاتی، ٢٠١٣) كۆمەڵگای توێژینەوەكەی پێكهاتبوو لە خویندكارانی بەشی پەروەردەی هونەری – لە كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت – زانكۆی دیالی، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٢ – ٢٠١٣) كە ژمارەیان (٨٥) خوێندكار بوو، كە دابەش بوون بەسەر دوو پۆلی خوێندندا (٤٥) خوێندكار لە پۆلی (أ) و (٤٠) خوێندكار لە پۆلی (ب). بەڵام (احمد، ٢٠١٥) كۆمەڵگای توێژینەوەكەی پێكهاتبوو لە خوێندكارانی قۆناغی چوارەمی بەشی پەروەردەی هونەری لە سكوڵی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانكۆی سلێمانی، كە ژمارەیان پێكهاتبوو لە ( ٣٠) خوێندكاری كچ. هەروەها توێژینەوەی (محمد، ٢٠١٥) كۆمەڵگای توێژینەوەكەی پێكهاتبوو لە خوێندكارانی قۆناغی سێی بەشی پەروەردەی هونەری لە سكوڵی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانكۆی سلێمانی، كە ژمارەیان پێكهاتبوو لە (٥٨) خوێندكار، (١٥) خوێندكاری كوڕ و (٤٣) خوێندكاری كچ. و (حداد، ٢٠١٨) كۆمەڵگای توێژینەوەكەی پێكهاتبوو لە سەرجەم مامۆستایانی بەهرەمەندان لە خوێندنگا حكومی و ئەهلیەكانی بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردە و فێركردن لە شاری ریاض، كە ژمارەیان بریتي بووە لە (٨٩) مامۆستا. وە توێژینەوەی (آل سعود، ٢٠٢٠) كۆمەڵگای توێژینەوەكەی پێكهاتبوو لە (٣٤٥١٠) خوێندكار كە دابەشكراون بەسەر (٧٣) خوێندنگەی ناوەندیدا، لە بابەتی خوێندنی كۆمەڵایەتی و هاوڵاتیبوون، بەردەوام (٣) بەشەوانە خوێندراوە هەفتانە، لە ناوچەی بەڕێوبەرایەتی ریاض لە ناوەندی شانشینی عەرەبی، بەڵام توێژینەوەی ئێستامان بریتیە لە بابەتەكانی وانەی سیرامیك / داڕشتن بۆ قۆناغی چوارەمی پەیمانگای هونەرە جوانەكان كە پێكهاتووە لە (٨) بابەت.

د. توێژینەوەكانی پێشوو چەندین ئامڕازیان بەكار هێناوە بۆ كۆكردنەوەی زانیاری وەك دەبینین (احمد، ٢٠١٥) و (محمد، ٢٠١٥) و (حداد، ٢٠١٨) (ڕاپرسی) ان بەكارهێناوە، جگە لەوەی (الامام، ١٩٩٦) و (البیاتی، ١٩٩٦) و (الحدیثی، ١٩٩٧) و (عباس، ٢٠٠٦) و (محمد، ٢٠١٣) و (البیاتی، ٢٠١٣) و (احمد، ٢٠١٥) و (محمد، ٢٠١٥) و (آل سعود، ٢٠٢٠) شێوازی (تاقیكردنەوە) شیان لەگەڵ بەكار هێناوە، سەر باری ئەوانە ، جگە لەوەی (آل سعود، ٢٠٢٠) (پێوانەكەردن) یشی بەكاەهێناوە، بەڵام توێژینەوەی ئێستامان ئامڕازی (ڕاپرسی) بەكاردەهێنرێت بۆ كۆكردنەوەی زانیاریەكان.

ه. توێژینەوەکانی پێشوو بۆ چارەسەرکردنی داتاکان لەڕووی ئامارییەوە چەندین هۆکاری ئاماری هەمەجۆریان بەکار هێناوە، وەک دەبینرێت سەرجەمیان (هاوکۆکەی ئاماری تی تێست) یان بەکار هێناوە، (حداد، ٢٠١٨) بەرنامەی ئاماری (SPSS) ی بەکارهێناوە، وە هەریەک لە (البياتي، ٢٠١٣) و (احمد، ٢٠١٥) و (محمد، ٢٠١٥) و (آل سعود، ٢٠٢٠) (هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن) یان بەکارهێناوە، و (محمد، ٢٠١٥) و (آل سعود، ٢٠٢٠) هەریەکەیان (هاوکۆلکەی ئاماری (ETA)) یان بەکارهێناوە، ئەمە جگە لەوەی (البياتي، ١٩٩٦) و (الحديثي، ١٩٩٧) و (عباس، ٢٠٠٦) و (محمد، ٢٠١٣) و (احمد، ٢٠١٥) و (محمد، ٢٠١٥) هاوکۆلکەی جیاکاریان بەکار هێناوە، و (احمد، ٢٠١٥) (هاوکۆلکەی ئاماری کوهەر ،هاوکۆلکەی ئاسانی، هاوکۆکەی ئاماری سپێرمان براون، هاوکۆلکەی ئاماری جلاس، هاوکۆلکەی ئاماری کۆهن) ی بەکارهێناوە و (محمد، ٢٠١٥) (هاوکۆکەی ئاسانی و قورسی، هاوکۆلکەی ئاماری جلاس) ی بەکارهێناوە، هەروەها (حداد، ٢٠١٨) و (آل سعود، ٢٠٢٠) (هاوکۆکەی ئاماری کرونباخ) یشی بەکار هێناوە، هەریەک لە (عباس، ٢٠٠٦) و (محمد، ٢٠١٣) و (البياتي، ٢٠١٣) (هاوکۆلکەی کودر – رێتشادرسونیان) بەکار هێناوە و (عباس، ٢٠٠٦) (تاقیکردنەوەی (مان ٠ وتنی، هاوکۆلکەی جێگیری کوپەر) ی بەکار هێناوە، و (الحديثي، ١٩٩٧) (تاقیکردنەوەی توکی) بەکار هێناوە و (البياتي، ٢٠١٣) (هاوکۆلکەی جێگرەوە، هاوکۆلکەی هەڵەی پێوانەیی، هاوکۆلکەی قوررسی) بەکارهێناوە، جگە لەوەی (آل سعود، ٢٠٢٠) ( هاوکۆکەی بلانک، هاوکۆکەی بیتا، تاقیکردنەوەی کولمجروف – سمیرنوف) یشی بەکار هێناوە، بەڵام لە توێژینەوەی ئێستاماندا هاوکۆلکەی کۆپەر بەکارهاتووە.

و. سەرجەم توێژینەوەکان ئەنجامی دەستکەوتویان هەبووە بەپێی ئامانجی توێژینەوەکانیان، بۆیە ئەنجامی توێژینەوەی (الامام، ١٩٩٦) بریتی بوو لە (ئەنجامی توێژینەوەکە کە بۆ دەرهێنانی تاقیکردنەوەی (تائی) و شیکاری جیاوازی بەکارهێنرا، دەریخست کە ئەو گروپە تاقیکارییەی کە بەپێی قۆناغەکانی مۆدێلی دیزاینی (فێربوون – فێرکاری) بە ئاراستەی مەعریفی بۆ یاساکانی پێکهاتن باشترین بوون لە دەستکەوتدا لە چاو گروپی کۆنترۆڵ (١)، و گروپی تاقیکاری زیاتر توانیبووی شیکاری کارە هونەریەکان بکات لە گروپی کۆنترۆڵ (٢) توانای پاراستنی ستراتیژییەکانی شیکاری زیاتری هەبوو لە چاو ئەوانی تر بە بەکارهێنانی شێوازە تەقلیدیەکان، بەڵام توێژینەوەی (البياتي، ١٩٩٦) پێکهاتبوو لە (گەیشتن بە ئامانجی

یەکەم لە ڕێگەی ئەو ڕێکارانەوە بوو کە توێژەر پەنای بۆ برد لە ڕووی کۆکردنەوەی مادده فێرکاریەکان و پێناسەکردنی ئەو ئامانجە پەروەردەیی و فێرکاری و ڕەفتاریانەی کە پێویستن بۆ فێرکردن و فێربوون و ڕێکخستنیان بەپێی چەمکە گشتیەکانی تیۆری فێربوون(جەشتاڵت) و دیزاینی پەروەردەیی و پشکنینیان لە توێژینەوەیەکی ڕاپرسیدا بۆ زانینی ڕادەی جیاکردنەوەی بڕگەکانی و ڕادەی سەختی یان ئاسانکارییان و ڕادەی ڕوونی و خوێندنەوەیان و گونجاوییەکەی بۆ ئاستی خوێندکار و فێربوونی لەسەر ئاستی زانکۆ. ئامانجی دووەم لە جێبەجێکردنی بەرنامەی پەروەردەیی و بەراوردکردنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی پێش و دوای تاقیکردنەوەکانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵەوە ڕوون بووەتەوە، کە ئەنجامەکانی بەراوردکردنەکە لە ئاستی دەستکەوتی ئەو گروپە تاقیکارییە زیاترە کە بەکارهێنانی بەرنامەی فێرکاریی لە خۆفێرکردن و لە ژێر چاودێری مامۆستا. هەروەها توێژینەوەی (الحديثي، ١٩٩٧) ئەنجامەکای بەم جۆرە بوو کە (لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە شیوەکانی پێشکەشکردن کە بەپێی تیۆری پێشکەشکردنی دەستکرد (C.D.T)پێشکەش بە فێرخوازان دەکرێت، کە ئامانجە پەروەردەییە دوو ڕەهەندییەکان (ئەدا و ناوەڕۆک)ی لەخۆگرتبوو و لە چوارچێوەی ئاستە جیاوازەکانیدا، جووتبوون و هاوئاهەنگی نێوانیان، ڕێکخراو، چالاکییە پەروەردەییەکان و ڕووداوە بەرنامە بۆ داڕێژراوەکان، بە شێوەیەکی لۆژیکی و ڕووەکی ڕێکخراو، و تاقیکردنەوەکانی فیدباک (F.B) بۆ هەڵسەنگاندنی چالاکییەکان و ئامانجەکانیان .ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەنجامەکانی گروپی تاقیکاری لە دوو تاقیکردنەوەی دەستکەوت و ئەدای کارامەییدا بەسەر گروپی کۆنترۆڵ یەکەم و دووەمدا سەرکەوتووتر بن .ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ستراتیژی دیزاینی فێرکاری لە ئەنجامەکانیدا لەگەڵ شێوازە ئاساییەکانی فێرکردنی بنەماکانی بابەتی دیزاین یەکدەگرێتەوە، چونکە هاوسەنگی لە نێوان ڕەهەندە مەعریفی و لێهاتووییەکانی پرۆسەی پەروەردەدا دروست دەکات). وە توێژینەوەی (عباس، ٢٠٠٦) بریتی بوو لە (پشتبەستن بەو بەرنامە فێرکارییە دیزاینکراوەی کە لە توێژینەوەکەدایە لەسەر ڕاهێنانی و وانەوتنەوە داڕێژراوە بۆ (خوێنداکار/ مامۆستا) شایستە بۆ پیشەی وانەووتنەوە لە پەروەردەی هونەری لە قوتابخانە ناوەندتەکان، ئەویش کارامەیی هونەری لەخۆ دەگرێت لەسەر بنەمای زانستی و تیۆری دامەزراندن و ئامانجی فێرکاری، لەسەر بنەمای پێداویستی خوێندکاران،

سودوەرگرتن لە فۆڕمی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی مەعریفي و فۆڕمی هەڵسەنگاندنی ئەدای کارامەیی، کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتووییەکانی ئەدای کارکردن (بۆ خوێندکار/ مامۆستا) پێش و لەکاتی خزمەتدا). هەروەها ئەنجامی توێژینەوەی (محمد، ٢٠١٣) بریتی بوو لە (خوێندکارانی گروپی تاقیکاری کە ناوەڕۆکی بەرنامە فێرکاریەکەیان بەسەردا جێبەجێکرا لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشەکی سەرکەوتوو تر بوون بەرامبەر بە خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزموونە فێرکاریانەی لەناو بەرنامەکەدا هاتووە. خوێندکارانی گروپی تاقیکاری کە ناوەڕۆکی بەرنامە فێرکاریەکەیان بەسەردا جێبەجێکرا لە تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی بینراوی ڕەنگی پاشەکی سەرکەوتوو تر بوون بەرامبەر بە خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزموونە فێرکاریانەی لەناو بەرنامەکەدا هاتووە. خوێندکارانی گروپی تاقیکاری کە ناوەڕۆکی بەرنامە فێرکاریەکەیان بەسەردا جێبەجێکرا لە تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی لێهاتوویی هونەری جیاوازی پاشەکی سەرکەوتوو تر بوون بەرامبەر بە خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکوپێکی کارامەیی جۆراوجۆر کە لە ناوەڕۆکی بەرنامەکەدا هاتووە). هەروەها (البياتي، ٢٠١٣) ئەنجامەکەی بەم شێوەیە بوو (هەمەچەشنکردنی ئەزموونە پەروەردەییەکان و شێوازەکانی پێشکەشکردنیان لە ڕێگەی دابینکردنی چالاکییەکانی دەوڵەمەندکردنی پەروەردەیی فرە و هەمەچەشن، بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی ژینگەی خوێندکار-مامۆستا، و ڕەخساندنی دەرفەت بۆی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەزامەندی فرە و جۆراوجۆر، کە گونجاو بێت لەگەڵ قۆناغی گەشەکردنی. تواناکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە کە بە (ڕوانگەیی، نەرمی، ڕەسەنایەتی، و هەموو توانا) نوێنەرایەتی دەکرێن، زیاتر بەدەست دەهێنرێن، واتە کەوتوونەتە ژێر ڕاهێنانەوە، و دەتوانرێت لە ڕێگەی بەرنامەی دەوڵەمەندکردنی کاریگەرەوە پەرەی پێبدرێت کە بەشێوەیەکی زانستی بە سەرکەوتوویی لە ئاستی خوێندنی زانکۆدا داڕێژراون. ڕاهێنانی خوێندکار - مامۆستا بۆ فێرکردنی کارامەیی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە بوارە جیاوازەکانی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان (مەعریفە-لێهاتوویی) لە بواری بناغەکانی دیزاین، کە هەموو ئەمانە بێ گومان کاریگەری ئەرێنییان هەبووە لەسەر ڕەخساندنی دەرفەت بۆ خوێندکارانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ نیشاندانی ڕەفتاری داهێنەرانە لە بوارێک یان چەند بوارێکی

چالاكييدا). هەروەها (احمد، ٢٠١٥) ئەنجامەكەی بریتی بوو لە (لەكاتی پەیڕەوكردنی بەرنامە فێركارییە پێشنیازكراوەكەدا، بەمەبەستی گەشەكردنی لایەنی زانیاری و لێهاتوویی خوێندكاران لەبابەتی ڕەخنە و چێژی هونەریدا، گەشەكردنی خوێندكارانی كۆمەڵەی ئەزموونی زیاتر بوو، بەبەراوورد بە ڕێگای ئاسایی كۆمەڵەی خوێندكارانی كۆنترۆڵكراودا كە بەرزترە لە ئاستی (٠،٠١) دا. ئەگەر ئامادەكاری تەواو بۆ ووتنەوە و فێركردنی بابەتی چێژی هونەری بكرێت، لەدوای بەكارهێنانی بەرنامەكە، كاریگەری لەسەر ئاراستەی خوێندكاران بەشێوەیەكی ئەرێنی بەهێزتری دەبێت بەرامبەر بابەتەكە). وە ئەنجامی توێژینەوەی (محمد، ٢٠١٥) بریتی بوو لە (داڕشتنی بەرنامەی ڕاهێنان بۆ پەرەپێدانی تواناكانی سیرامیک بۆ خوێندكارانی بەشی پەروەردەی هونەری دانابوو .ئەم ئامانجە لە ڕێگەی ئەو ڕێكارانەی كە لە بەشی سێیەمی توێژینەوەكەدا باسكراون، بەدی هاتووە. پێوانەكردنی كاریگەریی پرۆگرامی ڕاهێنان لە پەرەپێدانی تواناكانی سیرامیک لە نێو قوتابیاندا، بە بەكارهێنانی بۆ نمونەیەكی تاقیكاریی خوێندكارانی پۆلی سێیەم لە بەشی پەروەردەی هونەر – قوتابخانەی پەروەردەی بنەڕەتی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥). هەروەها توێژینەوەی (حداد، ٢٠١٨) ئەنجامەكانی بریتی بوون لە (لە ئەنجامی توێژینەوەكەدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی كە مامۆستای بەهرەمەندەكان مەنهەجێكی ڕوونی نییە بۆ بەرنامەی چاودێریكردنی بەهرەمەندانی خاوەن بەهرەمەندی تایبەت، بە ڕێژەی لەسەدا (٨٧.٦٠) . مامۆستای بەهرەمەندەكان ڕووبەڕووی كێشە و بەربەست دەبێتەوە لە دیزاینكردن و دروستكردنی بەرنامەیەک بۆ گرنگیدان بە خوێندكارە بەهرەمەندەكان كە بەهرەمەندی تایبەتیان هەیە بە ڕێژەی (٨٦.٣٠). مامۆستای بەهرەمەند مۆدێلێكی تایبەتی نییە كە یارمەتی بدات بۆ دیزاینكردن و دروستكردنی بەرنامەیەک بۆ گرنگیدان بە خوێندكارە بەهرەمەندەكان بەهرەمەندی تایبەت(٧٣.٨٠) . پرۆگرامی سپۆنسەری بۆ خوێندكارانی بەهرەمەند بە بەهرەی تایبەت كە لە ئێستادا لە قوتابخانەكاندا داواكاری پێشكەش دەكرێت بە ستانداردی كوالیتی بە ڕێژەی (٧٣.٨٠) مامۆستای بەهرەمەندەكان بەڵگەی ڕێكارەكانی ڕوونی نییە لەكاتی پلاندانان بۆ دیزاینكردن و دروستكردنی بەرنامەیەک بۆ گرنگیدان بە خوێندكارە بەهرەمەندەكان كە بەهرەمەندی تایبەتیان هەیە بەڕێژەی (٧٢.٥٠) . مامۆستای بەهرەمەند زانیاری و توانای بەكارهێنانی بنەماكانی دیزاینی فێركاری (شیكاری، دیزاین، پەرەپێدان،

بەکارهێنان، و هەڵسەنگاندن)ی نییە لە کاتی دیزاینکردن و دروستکردنی بەرنامەیەک بۆ گرنگیدان بە خوێندکارە بەهرەمەندەکان کە بەهرەی تایبەتیان هەیە بەڕێژەی (٧١.٣٠). وە دوا ئەنجام توێژینەوەی (آل سعود، ٢٠٢٠) کە ئەنجامەکەی بریتی بوو لە (ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە کە جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە ئاستی بەڵگەکان(٠،٠١) لە نێوان مامناوەندی نمرەکانی گروپی توێژینەوەکە لە پێش و دوای بەکارهێنان لە پێوەرەکانی هۆشیاری شوێنەواریی و تاقیکردنەوەی دەستکەوتی مەعریفی لە بەرژەوەندی جێبەجێکردنی پاشەکی.

ئەنجامەکان کاریگەرییەکی بەرزی بەرنامەی فێرکاری پێشنیازکراویان لەسەر پەرەپێدانی هۆشیاری شوێنەواریی و دەستکەوتی زانیاری لە نێوان نمونەکەدا ئاشکرا کرد، وەک ڕێژەی کاریگەری لەسەر (٠.٦٨، ٠.٨٧) وابەستەی دوو گۆڕاوەکە، بە ڕێککەوت .ڕێژەی ڕەش بە قازانجی ڕێکخراو لە دوو گۆڕاوە وابەستەکراوەکە، بە ڕێککەوت، گەیشتە (٢.٠٦٪، ٣.٣٢٪)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاریگەرییەکی بەرزی گۆڕاوە سەربەخۆکە لە پەرەپێدانی دوو گۆڕاوە وابەستەکراوەکەدا).

## ٤.٢ سودەکانی توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژەر سودێکی بەرچاوی بینی لە توێژینەوەکانی پێشوو لەم ڕووانەی خوارەوە:

١) چوارچێوە تیۆریەکانیان.
٢) شێوازی نوسینی بەشەکانی توێژینەوە.
٣) شێواز و ڕێکارەکانی ئامادەکردنی بەرنامەی فێرکاری.
٤) گۆڕاوە سەربەخۆ و پاشکۆکانی توێژینەوەکان.
٥) ئەنجامەکانی توێژینەوەکان.
٦) سەرچاوەکانی توێژینەوەکان.
٧) بۆ لێکدانەوەی ئەنجامەکان.
٨) بەراووردکردنی ئەنجامەکان.

# بەشی سێیەم

## (ڕێكارەكانی توێژینەوەكە)

٣ . ١ میتۆدی توێژینەوەكە

٣ . ٢ كۆمەڵگای توێژینەوەكە

٣ . ٣ ڕێكارەكانی دانانی بەرنامەی فێركاری پێشنیازكراو

٣ . ٤ هاوكێشە ئامارییەكان

# (ڕێکارەکانی توێژینەوەکە)

## ٣ . ١ میتۆدی توێژینەوەکە:

بەپێی سروشتی بابەتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانی میتۆدی (وەسفی شیکاری) بەکار هێنراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

## ٣ . ٢ کۆمەڵگای توێژینەوەکە:

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتی بوو لە بابەتی داڕشتن بۆ وانەی سیرامیکی خوێندکارانی قۆناغی چواری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ، بەو پێیەی کە مەنهەجێکی دیاریکراو نییە بۆ بابەتەکانی وانەی داڕشتنی سیرامیک لە پەیمانگاکاندا بۆیە توێژەر هەوڵیداوە بە شێوازێکی زانستی بابەتی پەیوەست بەدەست بهێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هاوڵیدا سەرەتا لەڕێگای ڕاپرسیەکی کراوەوە، پاش وەرگرتنەوە (١٣) بابەتیان دیاریکرد وەک خشتەی (٣-١) دا ڕوونکراوەتەوە. سود لە ئەزمونی شارەزایانی بواری سیرامیک وەرگرێت، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی ئەو بابەتانەی کە پێویستە بخوێنرێت لەلایەن خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠ – ٢٠٢١) و پاشان لەڕێگای ڕاپرسییەکی داخراو (پاشکۆی : ٣) توانرا (٨) بابەتی سەرەکی دەستنیشان بکرێت وەک پرۆگرامی خوێندنی بابەتەکە لە ساڵێکی خوێندن وەک لە خشتەی (٣-٢) دا خراوەتە ڕوو، توێژەر کاری کردووە لە سەرجەم بابەتەکانی توێژینەوەکەدا. کە بەپێی دابەشکردنی وانەکان بەسەر ساڵی خوێندندا دابەشکراوە وەک لە پاشکۆی ( ٢ ) خراوەتە ڕوو، دواتر بابەتەکان کەمکراونەتەوە بۆ هەشت بابەت وەک لە خشتەی (٣-٢) ئاماژەی پێکراوە، کە بابەتەکان ڕێکخراوە بە شێوازێک لە بابەتە ئاسانەکانەوە بۆ بابەتە قورسەکان بەپێی ئەزمونی شارەزایان.

**خشتەی (٣-١)**

**ڕاپرسی کراوە بۆ بڕگەکانی بابەتی وانەی بڕیارلێدراو بە ڕای شارەزایان**

| ژ | ناوی بابەت |
|---|---|
| ١ | دروستکردنی سیرامیکی دیواربەند |
| ٢ | فێرکردنی دیزان بۆ بەرهەمهێنانی فۆڕمی نوێ |
| ٣ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە مێژوویی |
| ٤ | زیادکردنی ژێدەری نوێ بۆ فۆڕمی سیرامیکی |
| ٥ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی |
| ٦ | ئازادکردنی خوێندکار بۆ بەرهەمهێنانی فۆڕمی نابینراو |
| ٧ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە تەعبیری |
| ٨ | دروستکردنی سیرامیکی کاری سەربەست |
| ٩ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە ڕووەکی |
| ١٠ | ڕەگەزەکانی داڕشتن |
| ١١ | دوستکردنی کۆمەڵێک بابەت وەک پڕۆژە |
| ١٢ | دروستکردنی سیرامیکی پەیکەری |
| ١٣ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی |

ڕاوەرگرتنی شارەزایان دەربارەی ناوەڕۆکی مادەی بڕیارلێدراو بەشێوازی ڕاپرسی کراوە و داخراو کە پێشتر ئاماژەی پێدا قۆناغ بە قۆناغ لەپێناو دیاریکردنێکی ووردەکاری بابەتەکانی مادەکە کە لەگەڵ توانا و ئەزمونی خوێندکاراندا بگونجێت، بەو شێوەیە ئەزمونی شارەزایان بووە بناغەی دانانی ناوەڕۆکی بابەتەکانی بەرنامەکە ئەویش خۆی لە دوو قۆناغدا دەبینێتەوە بۆ هەڵبژاردنی بابەتەکان:

**قۆناغی ڕاپرسی کراوە:** توێژەر هەستا بە دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر شارەزایاندا بۆ دیاریکردنی بابەتەکانی وانەی داڕشتنی سیرامیک بۆ خوێندکارانی قۆناغی چوارمی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە پاش گەڕانەوەی فۆڕمەکان بەپێی ئەزمونی شارەزایان و دیاریکردنی بابەتەکان (١٣) بابەتیان پێشنیار کرد بۆ وانەی بڕیارلێدراو وەک لە خشتەی (٣-١) دا ئاماژەی پێ دراوە.

**خشتەی (٣-٢)**

**ناوی یەکەی بابەتە هەڵبژێردراوەکان بە ڕای شارەزایان بۆ وانەی داڕشتنی سیرامیک**

| ژ | ناوی بابەت | ژمارەی هەفتە |
|---|---|---|
| ١ | ڕەگەزەکانی داڕشتن | ٢ هەفتە |
| ٢ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی | ٣ هەفتە |
| ٣ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە مێژوویی | ٣ هەفتە |
| ٤ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە ڕووەکی | ٤ هەفتە |
| ٥ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی | ٤ هەفتە |
| ٦ | دروستکردنی سیرامیکی دیواربەند | ٤ هەفتە |
| ٧ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە تەعبیری | ٤ هەفتە |
| ٨ | دروستکردنی سیرامیکی کاری سەربەست | ٤ هەفتە |
| | کۆ | ٢٨ هەفتە |

**قۆناغی ڕاپرسی داخراو:** لە پاش گەڕانەوەی فۆڕمەکان توێژەر سەرجەم بابەتەکانی داڕشتەوە و پاشان بە شێوازی ڕاپرسی داخراو فۆرمەکانی بەسەر شارەزایاندا دابەشکردەوە لە کۆی (١٣) بابەت کە پێشوەختە شارەزایان دیاریان کردبوو پاش دەرهێنانی شیاوی و نەشیاوی بابەتەکان لەلایەن شارەزایانەوە تەنها (٨) بابەت مایەوە کە بەلای شارەزایانەوە پەسەند بوو بۆ وانەووتنەوەی بابەتی بڕیارلیدراو کە لە خشتەی (٣-٣) دا ئاماژەی پێدراوە، لەڕووی شیاوی و نەشیاوی بابەتەکانەوە بەپێی ڕیزبەندی قورسی و سوکی بابەتەکان.

**خشتەی (٣-٣)**

**ڕاپرسی داخراو بۆ بڕگەکانی بابەتی وانەی بڕیارلێدراو بە ڕای شارەزایان بۆ شیاوی و نەشیاویان**

| ژ | ناوی بابەت | ژمارەی پسپۆڕ | ڕێژەی سەدی | ڕادەی شیاوی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕەگەزەکانی داڕشتن | ٧ | ١٠٠ ٪ | شیاوە |
| ٢ | فێرکردنی دیزان بۆ بەرهەمهێنانی فۆڕمی نوێ | ٢ | ٢٨.٥٧ ٪ | نەشیاوە |
| ٣ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی | ٧ | ١٠٠ ٪ | شیاوە |
| ٤ | زیادکردنی ژێدەری نوێ بۆ فۆڕمی سیرامیکی | ١ | ١٤.٢٨ ٪ | نەشیاوە |
| ٥ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە مێژوویی | ٧ | ١٠٠ ٪ | شیاوە |
| ٦ | ئازادکردنی خوێندکار بۆ بەرهەمهێنانی فۆڕمی نابینراو | ٢ | ٢٨.٥٧ ٪ | نەشیاوە |
| ٧ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە ڕووەکی | ٧ | ١٠٠ ٪ | شیاوە |
| ٨ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی | ٧ | ١٠٠ ٪ | شیاوە |
| ٩ | دروستکردنی سیرامیکی دیواربەند | ٦ | ٨٥.٧١ ٪ | شیاوە |
| ١٠ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە تەعبیری | ٦ | ٨٥.٧١ ٪ | شیاوە |
| ١١ | دوستکردنی کۆمەڵێک بابەت وەک پرۆژە | ٣ | ٤٢.٨٥ ٪ | نەشیاوە |
| ١٢ | دروستکردنی سیرامیکی پەیکەری | ١ | ١٤.٢٨ ٪ | نەشیاوە |
| ١٣ | دروستکردنی سیرامیکی کاری سەربەست | ٥ | ٧١.٤٢ ٪ | شیاوە |

## ٣ . ٣ ڕێکارەکانی دانانی بەرنامەی فێرکاری پێشنیازکراو:

توێژەر هەستا بە دیزاینکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری بۆ سەرجەم بابەتەکانی مادەکە (داڕشتن) لە بواری سیرامیکدا، بەپێی هەنگاوەکانی نمونەی دیزاینی فێرکاری گشتی (ADDIE) ، کە خۆی لە پێنج قۆناغدا دەبینێتەوە ئەوانیش:

### ٢ . ٣ . ١ قۆناغی شیکردنەوە:

ئەم قۆناغە خۆی دەبینێتەوە لە دیاریکردنی بابەتە فێرکاریەکانی مادەکە و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکان و شیکردنەوەی تایبەتمەندیەکانی فێرخوازانی بە ئامانج کراو لە بەرنامەکە و شیکردنەوەی ژینگەی فێرکاری فەراهەمکراو بۆ خوێندنی مادەکە.

### ٢ . ٣ . ١ . ١ دیاریکردنی بابەتە فێرکاریەکە:

پاش وەرگرتنی ڕاو بۆجونی چەند مامۆستای پسپۆڕ لەبواری سیرامیکدا، لە پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکانی کوردستان جگە لە ئەزموونی خوودی توێژەر وەک مامۆستا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ و پسپۆڕی بواری سیرامیک، بابەتی داڕشتنی سیرامیک هەڵبژێردرا بۆ بەرنامەی فێرکاری، لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە بابەتێکی سەرەکییە و پەیوەندی هەیە لەگەڵ زۆرینەی بابەتەکانی تر لەبواری سیرامیک، بۆیە هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی ببێتە بابەتی سەرەکی بەرنامەکە.

### ٢ . ٣ . ١ . ٢ دیاریکردنی کۆمەڵگای خوێندکارانی سودمەند لە بەرنامەکە:

پێکدێت لە خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ، کە توێژەر بە شێوازی مەبەستدار (قصدي) کۆمەڵگاکەی هەڵیان بژارد، بەو پێیەی کە چەند ساڵێکە مامۆستایە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ، لە بەشی سیرامیک بۆ وانەی داڕشتنی قۆناغی چوار.

### ٢ . ٣ . ١ . ٣ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی فێرکاری بابەتەکە:

توێژەر پاش گەڕان و کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ناوەڕۆکی فێرکاری بابەتەکانی بەرنامەکە، لە سەرچاوە جۆراو جۆرەکان، هەستا بە ئامادەکردنی دەقی نوسراوی ناوەڕۆکی بابەتەکان و پاڵپشت کراو بە وێنە و ڤیدیۆی پێویست و ڕێکخستنی بە شێوەیەکی سەرەتایی، بەڵام بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی ناوەڕۆکی بابەتەکان لەڕووی زانستی و هونەری خرایە بەردەست چەند شارەزایەک لە بواری هونەری سیرامیک (پاشکۆ: ٥) و ئەنجامەکەی بەو شێوەیە بوو کە لە خشتەی (٣-٤) دا خراوەتە ڕوو:

**خشتەی (٣-٤)**

**ڕاپرسی بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی بەرنامە فێرکاریەکە بەڕای شارەزایان**

| ژ | ناوی بابەت | ڕێژەی شیاوی | ڕادەی شیاوی |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕەگەزەکانی داڕشتن | ٧ | شیاوە |
| ٢ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی | ٧ | شیاوە |
| ٣ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە مێژوویی | ٦ | شیاوە |
| ٤ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە ڕووەکی | ٦ | شیاوە |
| ٥ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی | ٧ | شیاوە |
| ٦ | دروستکردنی سیرامیکی دیواربەند | ٦ | شیاوە |
| ٧ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە گوزارشتکراو | ٧ | شیاوە |
| ٨ | دروستکردنی سیرامیکی کاری سەربەست | ٧ | شیاوە |

**٢ . ٣ . ١ . ٤ شیکردنەوەی تایبەتمەندیەکانی فێرخوازان:**

خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەرچوی پۆلی (٩) ی بنەڕەتین، کە ئەزمونی هونەریان کەمە، ئەم خوێندکارانە لە سەرەتاوە کۆی گشتی بابەتە هونەریەکان دەخوێنن تاکو قۆناغی سێ، دواتر بەشەکانیان بۆ جیا دەکرێتەوە، ئەو خوێندکارانەی دەچنە بەشی سیرامیک لە سەرەتاوە بابەتە سادەکان دەخوێنن و پاشان قۆناغ بە قۆناغ بابەتەکانیان قورستر دەبێت، هەروەها لە قۆناغی چواردا وانەی داڕشتن دەخوێنن، دەرچوی ئەم بەشانەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان دوو ئاراستە وەردەگرن یان دەبنە مامۆستا لە قوتابخانە سەرەتاییەکان، یان وەک هونەرمەند کاری سەربەخۆ دەکەن بۆیە خوێندنی ئەم مادەیە گرنگە بۆ هەردوو ئاراستەکە لە خوێندکاران.

**٢ . ٣ . ١ . ٥ شیکردنەوەی ژینگەی فێرکاری:**

بۆ وتنەوەی وانەی داڕشتن لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان وەک هەر بابەتێکی تر ژینگەیەکی ئاسایی پێویستە کە خوێندکاران بتوانن بە ئاسایی بێ هیچ بەربەستێک کارەکانیان ئەنجام بدەن، کە جۆرێکە لە پانتایی شوێنی کارکردنی هەر خوێندکارێک (١) مەتر بێت، جگە لە دابینکردنی کال و پەل و پێداویستیەکانی وەک (مێز بۆ کارکردن، قوڕی سیرامیک، ئالەتی سیرامیک، ئاو، نایلۆن بۆ پێچانی کارەکان، وەرەقە و قەڵوم بۆ سکێچ ..... هتد)

### ٣ . ٣ . ٢ قۆناغی دیزاینکردن:

ئەم قۆناغەش چەند هەنگاوێک لەخۆ دەگرێت ئەوانیش:

#### ٣ . ٣ . ٢ . ١ داڕشتنی ئامانجە فێرکاریەکانی بەرنامەکە:

توێژەر لە ڕۆشنایی ئامانجی پەروەردەیی گشتی و فێرکاری و ئەزمونی خوێندنی کۆرسەکان و پاڵپشت بە سەرچاوەی جۆراو جۆر و توێژینەوەکانی پێشوو، هەستا بە داڕشتنی ئامانجە فێرکاریە گشتیەکان و ڕەفتاریەکان کە پێکهاتبوو لە (٦٢) ئامانج، کە ئامانجی فێرکاری گشتی (٢٤) دانە و ئامانجی فێرکاری ڕەفتاری (٣٨) ئامانج بوون. وەک لە پاشکۆی ژمارە (٤) دا ڕونکراوەتەوە بەپێی پۆلێنی بلوم بۆ سەرجەم بابەتەکانی بەرنامەکە، و بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕادەی شیاوی ئامانجەکان لە ڕووی زانستی و داڕشتنی زمانەوانیدا خرانە بەردەستی بژاردەیەک لە شارەزایان لە بواری (سیرامیک، ڕێگاکانی وانەوتنەوە) و لە کۆتایدا ئەنجامەکەی بەو شێوەیە بوو کە لە خشتەی (٥) و (٦) دا خراوەتە ڕوو، هەروەها دەرهێنانی ڕادەی شیاوی و نەشیاوی ئامانجەکان بەپێی ڕای شارەزایان کە لە خشتەی (٣-٥) ئامانجە فێرکاریە گشتیەکان و لە خشتەی (٦) دا ئامانجە ڕەفتاریەکان ڕونکراوەتەوە، لەگەڵ دیاریکردنی ئاستەکانیان بەپێی ڕیزبەندی بلوم.

**خشتەی (٣-٥)**

**شیاوی و نەشیاوی بۆ ئامانجە فێرکاریە گشتییەکان**

| بابەت | ژمارەی ئامانج | بوار | | | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| | | زانیاری | لێهاتویی | ویژدانی | |
| ڕەگەزەکانی داڕشتن | ٣ | ١ | ١ | ١ | ٪ ١٠٠ |
| دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی | ٣ | ١ | ١ | ١ | ٪ ٨٥,٧١ |
| دروستکردنی سیرامیکی شێوە مێژوویی | ٣ | ١ | ١ | ١ | ٪ ١٠٠ |
| دروستکردنی سیرامیکی شێوە ڕووەکی | ٣ | ١ | ١ | ١ | ٪ ٧١,٤٢ |
| دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی | ٣ | ١ | ١ | ١ | ٪ ١٠٠ |
| دروستکردنی سیرامیکی دیواربەند | ٣ | ١ | ١ | ١ | ٪ ٨٥,٧١ |
| دروستکردنی سیرامیکی شێوە تەعبیری | ٣ | ١ | ١ | ١ | ٪ ٨٥,٧١ |
| دروستکردنی سیرامیکی کاری سەربەست | ٣ | ١ | ١ | ١ | ٪ ١٠٠ |
| کۆ | ٢٤ | ٨ | ٨ | ٨ | |

**خشتەی (٣-٦)**

**شیاوی و نەشیاوی بۆ ئامانجە ڕەفتاریەکان**

| ناوی بابەت | ژمارەی ئامانج | بوار | | | شیاوی ڕێژە٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| | | یادکردنەوە | تێگەیشتن | پێکهێنان | |
| ڕەگەزەکانی داڕشتن | ٤ | ٢ | ١ | ١ | ٪ ٨٥,٧١ |
| دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی | ٥ | ١ | ٢ | ٢ | ٪ ١٠٠ |
| دروستکردنی سیرامیکی شێوە مێژوویی | ٥ | ٢ | ٢ | ١ | ٪ ١٠٠ |
| دروستکردنی سیرامیکی شێوە ڕووەکی | ٥ | ٢ | ٢ | ١ | ٪ ١٠٠ |
| دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی | ٥ | ٢ | ٢ | ١ | ٪ ٨٥,٧١ |
| دروستکردنی سیرامیکی دیواربەند | ٥ | ٢ | ٢ | ١ | ٪ ٧١,٤٢ |
| دروستکردنی سیرامیکی شێوە تەعبیری | ٤ | ٢ | ١ | ١ | ٪ ١٠٠ |
| دروستکردنی سیرامیکی کاری سەربەست | ٥ | ٢ | ٢ | ١ | ٪ ١٠٠ |
| کۆ | ٣٨ | ١٥ | ١٤ | ٩ | |

### ٣ . ٢ . ٣ . ٢ ڕێکخستنی ناوەڕۆکی بەرنامەکە:

توێژەر پاش وەرگرتنی ڕاوبۆچونی بژاردەیەک لە پسپۆڕان لە بواری هونەری سیرامیک و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی هونەری پاشکۆی (١٠) هەستا بە ڕێکخستنی ناوەڕۆکی هەر وانەیەک لە وانەکانی بەرنامەکە کە لەم بڕگانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

١) ناوی وانە.
٢) ناوەڕۆک.
٣) تاقیکردنەوەی پێشەکی.
٤) ڕێگای وانەوتنەوە.
٥) هۆکارەکانی فێرکردن.

٦) پێداویستیەکان.
٧) تاقیکردنەوەی پاشەکی.

توێژەر بەپێی سروشتی بابەتەکانی بەرنامەکە کە پێکدێت لە لایەنی تیۆری و پراکتیکی، هەستا بە دیزاینکردنی ناوەڕۆکی وانەکانی بەرنامەکە بەپێی نمونەی (گشتی) بۆ دیزاینی فێرکاری.

**٣ . ٣ . ٢ . ٣ دیزاینکردنی هۆیەکانی هەڵسەنگاندن:**

بۆ هەڵسەنگاندنی زانیاری و لێهاتویی خوێندکاران لەسەر بابەتەکانی بەرنامە فێرکاریەکە توێژەر دوو ئامڕازی بۆ هەڵسەنگاندنیان ئامادەکردوە، ئەویش تاقیکردنەوەی زانیاری و تاقیکردنەوەی لێهاتوییە بۆ زانینی توانای خوێندکاران لەڕووی تیۆری و پراکتیکیەوە. بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هەستاوە بە ئامادەکردنی دوو تاقیکردنەوە (پێشەکی) و (پاشەکی) بۆ هەر بابەتێک لە بابەتەکانی مادەکە، کە هەر تاقیکردنەوەیەک پێکدێت لە دوو بەشی (تیۆری) و (پراکتیکی).

**شیکردنەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی لایەنی زانیاری:**

توێژەر لەڕێگەی وەڵامی نمونەیی وەک لە پاشکۆی (٦) دەردەکەوێت، بۆ پرسیاری هەر بڕگەیەک نمرەیەکی دیاریکردووە، لەبەرامبەر وەڵامدانەوەی بڕگە ڕاستەکاندا نمرەی (١) دیاریکردووە، و بۆ بڕگە هەڵەکان نمرەی (٠) دیاریکردووە، تاقیکردنەوەی لایەنی زانیاری لە (١٥) بڕگە پێکهاتبوو، کە کۆی پرسیارەکەکان دوو پرسیاربوو، (٨) بڕگەیان بەشێوازی ڕاست و هەڵە و ، (٧) بڕگەیان بەشێوازی بۆشایی، وەک لە پاشکۆی (٦) ڕوونکراوەتەوە، بۆ زانینی ئاستی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی لایەنی زانیاری، ئەم ڕێکاریانەی خوارەوە بەکارهێنراوە:

**ئاستی گرانی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە:**

بۆ دیاریکردنی ئاستی گرانی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەی لایەنی زانیاری، توێژەر بەپێی تایبەتمەندی جۆری بڕگەکان یاسای دۆزینەوەی گرانی بەکارهێناوە، بۆ ئەو مەبەستە پلە بەندی بۆ پرسیارەکانی (ڕاست و هەڵە، بۆشایی) کرد، پاش جێبەجێکردنی یاساکانی دۆزینەوە ژمارەکان دەرکەوتن، ئاستی گرانی (صعوبة) بڕگەکانی پرسیارەکان لەنێوان (٠,٢٣ – ٠,٥٨) دابوو، بەناوەندی (المتوسط) (٠,٥٢) وەک لە خشتەی (٣-٩) دا ئاماژەی پێکراوە، هەروەها ئاستی ئاسانی (السهولة) بڕگەکانی پرسیارەکان لەنێوان (٠,٢٧

– ٠,٦٢) دابوو. بە ناوەندی (٠,٤٠) دا بوو، و ئاستی بڕگەکانی گرانی و شێوازی ڕاست و هەڵە لەنێوان (٠,٤٧ – ٠,٧٠)، ئەنجامی شیکردنەوەی گرانی بڕگەکان تاقیکردنەوەکەی خستیەڕوو کە ئەو ئەنجامانە تا ڕادەیەک گونجاوە بۆ شێوازی پرسیار دانان، چونکە بەبڕوای پسپۆڕانی پەروەردەیی و شێوازی وانووتنەوە ئاستەکانی (٠,٢٠ – ٠,٨٠) ئاستێکی ڕێگەپێدراوە بۆ گرانی  و سوکی پرسیارەکان، بەڵام باشترە بۆ بەهێزی پرسیاردانان، گۆڕانکاری لە بڕگەکاندا بکرێت.

**ئاستی جیاکاری بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە:**

دوای دۆزینەوەی ئاستی جیاکاری بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە، بەهۆی بەکارهێنانی هاوکۆلکەی هێزی جیاکارییەوە، دەرکەوت بەهای بڕگەکانی جیاکاری لەنێوان (٠,٢٦ – ٠,٦٠) دا بوو، هەرچەند ئاستی ڕێگەپێدراوی جیاکاری لەنێوان (٢٠ – ٨٠) دایە، بەڵام بەهۆی لاوازی ئاستی جیاکاری بڕگەکانی (١، ٦، ١٠، ١٢) تاقیکردنەوەکە لەنێوان (٢٦–٣٠) دا بوو، وەک خشتەی (٣–٩) ڕونکراوەتەوە، توێژەر بڕیاریدا گۆڕانکاری لە شێوازی پرسیاری ئەو بڕگانەدا بکات.

**ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکە:**

بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی ناوەڕۆکی تاقیکردنەوەکان پێشکەشکران بۆ بژاردەیەک لە شارەزایان لە بواری (سیرامیک ، ڕێگاکانی وانەوتنەوە) (پاشکۆ : ٦) کە لە (١٨) پرسیار پێکهاتبوون پاش وەرگرتنی ڕای شارەزایان تەنها (١٥) پرسیار مایەوە، کە پرسیارەکان بەشێوەی (بۆشایی و ڕاست و هەڵە) بوون، کە (٨) ڕاست و هەڵە و (٧) بۆشایی، لە ڕێگای ڕاپرسییەکی ئامادەکراو بۆ ئەو مەبەستە (پاشکۆ: ٦) و ئەنجامەکەی بەو شێوەیە بوو کە لە خشتەی (٣–٧) و (٣–٨) دا خراوەتە ڕوو.

**جێگیری تاقیکردنەوەکە:**

بۆ جێگیری لایەنی زانیاری توێژەر ڕێگای دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەی بەکارهێنا، دوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە بەسەر تاقیکردنەوەی یەکەمدا، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٢/٩) بوو، پاشان جارێکی تر تاقیکردنەوەی دووەمی بەسەر نمونەی سەرەتاییدا جێبەجێ کردەوە وەک لە خشتەی (٣–١٠) دا دەردەکەوێت، لەڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن توانی ئەنجامی ئاستی جیاوازی وەڵامەکان بدۆزێتەوە، کە بریتی بوو لە (٠,٧٩).

**خشتەی (٣-٧)**

**شیاوی و نەشیاوی بۆ تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بەرنامەکە**

| ناوی بابەت | تیۆری | پراکتیکی | ڕادەی شیاوی |
|---|---|---|---|
| | ژمارەی پرسیار | ژمارەی پرسیار | |
| تاقیکردنەوەی پێشەکی | ١٥ | ١ | شیاوە |
| تاقیکردنەوەی پاشەکی | ١٥ | ١ | شیاوە |

**خشتەی (٣-٨)**

**شیاوی و نەشیاوی بۆ تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی هەر بابەتێک**

| ناوی بابەت | تاقیکردنەوەی پێشەکی | | تاقیکردنەوەی پاشەکی | | ڕادەی شیاوی |
|---|---|---|---|---|---|
| | تیۆری | پراکتیکی | تیۆری | پراکتیکی | |
| ڕەگەزەکانی دارشتن | ١ | ٠ | ١ | ١ | شیاوە |
| دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی | ٣ | ٠ | ١ | ١ | شیاوە |
| دروستکردنی سیرامیکی شێوە مێژوویی | ٣ | ٠ | ١ | ١ | شیاوە |
| دروستکردنی سیرامیکی شێوە ڕووەکی | ٣ | ٠ | ١ | ١ | شیاوە |
| دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی | ٣ | ٠ | ١ | ١ | شیاوە |
| دروستکردنی سیرامیکی دیواربەند | ٤ | ٠ | ١ | ١ | شیاوە |
| دروستکردنی سیرامیکی شێوە تەعبیری | ٢ | ٠ | ١ | ١ | شیاوە |
| دروستکردنی سیرامیکی کاری سەربەست | ٣ | ٠ | ١ | ١ | شیاوە |
| کۆی گشتی | ٢١ | ٠ | ٨ | ٨ | ٣٧ |

**خشتەی (٣-٩)**

**داتای شیکردنەوە و دیاریکردنی لایەنی (سوکی، گرانی، جیاکاری) بڕگەکانی تاقیکردنەوەی زانیاری**

| ژ.پرسیار | سوکی (سهولة) | گرانی (صعوبة) | جیاکاری (تمیز) |
|---|---|---|---|
| ١ | ٠,٥٧ | ٠,٤٣ | ٠,٣٣ |
| ٢ | ٠,٣٦ | ٠,٥٢ | ٠,٥٣ |
| ٣ | ٠,٢٧ | ٠,٢٥ | ٠,٥٣ |
| ٤ | ٠,٦٠ | ٠,٥٨ | ٠,٤٦ |
| ٥ | ٠,٤٤ | ٠,٤٦ | ٠,٤٦ |
| ٦ | ٠,٥٢ | ٠,٤٩ | ٠,٣٣ |
| ٧ | ٠,٣٣ | ٠,٣٧ | ٠,٥٣ |
| ٨ | ٠,٦٢ | ٠,٥٢ | ٠,٦٠ |
| ٩ | ٠,٣٠ | ٠,٤١ | ٠,٤٠ |
| ١٠ | ٠,٤٥ | ٠,٥٥ | ٠,٣٣ |
| ١١ | ٠,٥٣ | ٠,٣٠ | ٠,٤٠ |
| ١٢ | ٠.٣٧ | ٠,٣٢ | ٠,٢٦ |
| ١٣ | ٠,٤١ | ٠,٢٣ | ٠,٤٦ |
| ١٤ | ٠.٢٩ | ٠,٢٤ | ٠,٥٣ |
| ١٥ | ٠,٥٥ | ٠,٥٠ | ٠,٦٠ |

**خشتەی (٣-١٠)**

**داتاکانی جێگیری (الاثبات) بۆ نمرەکانی زانیاری خوێندکارانی نمونەی سەرەتایی توێژینەوەکە**

| ژ.پرسیار | سوکی (سهولة) | گرانی (صعوبة) | جیاکاری (تمیز) |
|---|---|---|---|
| ١ | ٠,٥٧ | ٠,٤٣ | ٠,٣٣ |
| ٢ | ٠,٣٦ | ٠,٥٢ | ٠,٥٣ |
| ٣ | ٠,٢٧ | ٠,٢٥ | ٠,٥٣ |
| ٤ | ٠,٦٠ | ٠,٥٨ | ٠,٤٦ |
| ٥ | ٠,٤٤ | ٠,٤٦ | ٠,٤٦ |
| ٦ | ٠,٥٢ | ٠,٤٩ | ٠,٣٣ |
| ٧ | ٠,٣٣ | ٠,٣٧ | ٠,٥٣ |
| ٨ | ٠,٦٢ | ٠,٥٢ | ٠,٦٠ |
| ٩ | ٠,٣٠ | ٠,٤١ | ٠,٤٠ |
| ١٠ | ٠,٤٥ | ٠,٥٥ | ٠,٣٣ |
| ١١ | ٠,٥٣ | ٠,٣٠ | ٠,٤٠ |
| ١٢ | ٠.٣٧ | ٠,٣٢ | ٠,٢٦ |
| ١٣ | ٠,٤١ | ٠,٢٣ | ٠,٤٦ |
| ١٤ | ٠.٢٩ | ٠,٢٤ | ٠,٥٣ |
| ١٥ | ٠,٥٥ | ٠,٥٠ | ٠,٦٠ |

### ٣ . ٢ . ٣ . ٤ دیاریکردنی ڕێگا و ستراتیجیەتەکانی وانەوتنەوەی بابەتەکان:

توێژەر لەبەر ڕۆشنایی تایبەتمەندی ناوەڕۆکی بابەتە سیرامکیەکە و پاش بەدوادا گەڕان و پرس و ڕاوێژ بە کەسانی شارەزا و ئەزمونی پێش وەختەی (٧) ڕێگای وانەوتنەوەی هەڵبژارد بۆ سەرجەم بابەتەکانی ناو بەرنامە فێرکاریەکە بە تیۆری و پراکتیکیەوە، کە بۆ هەر وانەیەک (٣) ڕێگا بەکار هێنراوە،جگە لە وانەی (دروستکردنی سیرامیکی دیواربەند) کە (٢) ڕێگا بەکارهێنراوە. بۆ دڵنیابونی توێژەر لە شیاوی و نەشیاوی ڕێگاکان لە چوارچێوەی فۆڕمێکی ڕاپرسیدا. دابەشی کرد بەسەر شارەزایاندا لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەی هونەر کە لە پاشکۆی (٧) دا ڕونکراوەتەوە، کە لە خشتەی (٣-١١) دا ڕێژەی شیاوی ڕێگاکان ڕونکراوەتەوە لە دیدی پسپۆڕانەوە.

**خشتەی (٣-١١)**

**شیاوی ڕێژەی سەدی ڕێکاکانی وانەوتنەوەی بەرنامە فێرکاریەکە**

| ژ | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | شیاوە بە ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| ١ | ڕێگای وانەبێژی | ٪ ١٠٠ |
| ٢ | ڕێگای هەڵێنجان | ٪ ١٠٠ |
| ٣ | ڕێگای ئیستقرائی | ٪ ١٠٠ |
| ٤ | ڕێگای ڤیدیۆ | ٪ ١٠٠ |
| ٥ | ڕێگای بەڵگەو دۆکیومێنت | ٪ ١٠٠ |
| ٦ | ڕێگای گەشتی زانستی | ٪ ١٠٠ |
| ٧ | ڕێگای گەردەلولی مێشک | ٪ ١٠٠ |

### ٣ . ٢ .٣ . ٥ ڕێکخستنی کاتی دیاریکراوی بەرنامەکە:

بە گفتوگۆکردن لەگەڵ بژاردەیەک لە شارەزایان دەربارەی کاتی دیاریکراوی وانەکان بەبەراووردکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکان خشتەی (١) پاش گفتوگۆکردن و دابەشکردنی وانەکان بەرامبەر یەکەکانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان کاتی دیاریکراو بۆ وانەکان دانرا بۆ بابەتە تیۆری و پراکتیکیەکان کە پێکهاتبوو لە (٩٠) خولەک بۆ تیۆری و (١٣٥٠) خولەک بۆ پراکتیکی وەک لە پاشکۆی (٨) ڕوونکراوەتەوە.

### ٣ . ٢ .٣ . ٦ هەڵبژاردنی چالاکیە فێرکاریەکان:

توێژەر کۆمەڵێک شێواز و تەکنیکی پەروەردەیی دەستنیشان کرد، لەگەڵ چالاکی فێرکردن بۆ هەر یەک لە وانەکانی بەرنامە فێرکاریەکە کە بریتیبوون لە (نمایش کردنی کۆمپیتەری، ڤیدیۆی فێرکاری، وێنەی فێرکاری، نمایشکردنی مۆدێل)

أ. **چالاکی سەرەتایی**: پێش دەستپێکردنی وانەکە نمایشی ڤیدیۆیی بۆ خوێندکاران دەکرێت سەبارەت بە بابەتی وانەی دیاریکراو بەمەبەستی پەرۆشیان و شارەزاییان لە بابەتەکە و ئاراستەکردنی چەند پرسیارێک لە سەرەتاوە لەپێناو دروستکردنی گومان لای خوێندکاران.

ب. **چالاکی بیناسازی**: لەگەڵ ڕونکردنەوەی بابەتەکانی ناو بەرنامەکە وێنەی کارە هونەریەکان پیشانی خوێندکاران دەدرێت لەپێناو ئاشنابوونی زیاتری خوێندکاران بە بابەتەکان.

ت. **چالاکی کۆتایی**: لە کۆتاییدا وێنەی فێرکاری بابەتی دیاریکراو قۆناغ بە قۆناغ پیشانی خوێندکاران دەدرێت تاکو بتوانن لەکاتی دروستکردنی کارەکانیاندا بەرچاوڕوونیان هەبێت، هەروەها لەگەڵ پرسیاری کۆتایی وانەکە تا چەنێک لەڕووی تیۆریەوە تێگەیشتنیان بۆ بابەتەکە هەبووە و دوا چالاکی خوێندکارانیش دروستکردنی کارێکی سیرامیکیە لەسەر بابەتی دیاریکراوی ئەو وانەیە.

## ٢ . ٣ . ٢ . ٧ دیزاینکردنی پلانی فێرکاری تایبەت بە وانەکان:

پلانی بەرنامەکە لە (٢) لایەنی سەرەکی پێکهاتووە لەپێناو گەشەپێدانی بیری خوێندکاران، ئەویش سەرەتا بابەتەکان بە شێوازی تیۆری بە خوێندکاران دەوترێتەوە بۆ ئەوەی تێگەیشتنیان هەبێت بۆ بابەتەکە، دواتر بە سودوەرگرتن لە لایەنی تیۆری بابەتەکە خوێندکاران پراکتیکی بابەتەکە دەکەن تاکو ئەوەی وەریانگرتووە ڕەنگدانەوەی هەبێت لە کارەکانیاندا، کەواتە (تیۆری و پراکتیکی) (٢) لایەنی سەرەکی پلانی فێرکارین لە بەرنامەکەدا.

## ٢ . ٣ . ٣ قۆناغی پەرەپێدان:

لە قۆناغی پەرەپێداندا بەرهەمەکانی پرۆســــەی دیزاینەکە وەردەگێڕدرێن بۆ کەرەســــتەی فێرکاری ڕاســـتەقینە، هەروەها لەم قۆناغەدا ئەنجامی بەرهەمە فێرکاریەکە دەنوســـرێت و پەرە بە فێرکردن دەدرێت و ســـەرچەم ئامڕازە فێرکاریەکان بەکار دەهێنرێت تیایدا. (محمد ،٢٠٢١ ، لا ٦٤٨)

هەروەها پەرەپێدانی ئامانجە ڕەفتاریەکان پەرەپێدانی ناوەڕۆکی بابەتەکە و پەرەپێدانی ئامڕازەکانی هەڵسەنگاندن.

## ٢ . ٣ . ٣ . ١ پەرەپێدانی ئامانجە فێرکاریەکان:

ئامانجە فێرکاریەکانی شارەزایان بڕیاری شیاوی و نەشیاویان لەسەر یابوو جارێکی تر بە شێوازی دروست دادەڕێژرێتەوە وەک ئەوەی شارەزایان ئاماژەیان پێکردووە لە پاشکۆی ( ٤ ) دا ڕوونکراوەتەوە.

### ٣ . ٣ . ٢ . ٢ پەرەپێدانی ڕێکخستنی ناوەڕۆک:

دوای داڕشتنەوەی ناوەڕۆکی بەرنامەکە، جارێکی تر بەسەر ژمارەیەک لە شارەزایانی بواری هونەریدا دابەشکرایەوە تاکو ئەو گۆڕانکاریانەی تێیدا کراوە کاری لەسەر بکرێت و ڕەسەنایەتی بۆ ناوەڕۆکی بەرنامەکە بەدەست بهێنرێت، بەهەمان شێوە چەند تێبینیەکی تریان ئاراستەی توێژەر کرد لەڕووی پاش و پێشی بابەتەکان و شێوازی وتنەوەی وانەکان و تاقیکردنەوەکان. کە بە شێوازی کۆتایی ناوەڕۆکەکەی ڕێکخرایەوە واک لە پاشکۆی (٥) دا دیارە.

### ٣ . ٣ . ٢ . ٣ پەرەپێدانی ئامڕازەکانی هەڵسەنگاندن:

پاش وەرگرتنی رای شارەزایان لەسەر هەڵسەنگاندنەکانی (پێشەکی و پاشەکی) بەرنامە فێرکاریەکە و هەڵسەنگاندنی (پێشەکی و پاشەکی) هەر بابەتێک ، توێژەر بەشێوازی کۆتایی سەرجەم هەڵسەنگاندنەکانی جێگیر کرد وەک لە پاشکۆی ( ٦ ) دا ڕونکراوەتەوە.

### ٣ . ٣ . ٤ قۆناغی جێبەجێکردن:

بەو هۆکارەی توێژینەوەی ئێستامان (وەصفی شیکارییە) بۆیە توێژەر تەنها هەستاوە بە ئامادەکردنی بەرنامەکە و لەسەر هیچ کۆمەڵگایەک جێبەجێی نەکردووە، تەنها کاری لەسەر دانانی بەرنامە فێرکاریەکە کردووە کە وەک بەرنامەیەکی پێشنیازکراو ئاراستەی توێژەران و ناوەندەکانی خوێندنی هونەری کردووە لە بابەتی سیرامیک بۆ وانەی داڕشتن.

### ٣ . ٣ . ٥ قۆناغی هەڵسەنگاندن:

پاش ئامادەکردنی ناوەڕۆکی بەرنامە فێرکاریەکە بە شـــێوەی کۆتایی و بە مەبەســـتی دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی بەرنامەکە و پێکهاتەکانی بە شێوەی گشتی، لە ڕووەکانی زانســـتی و هونەری و فێرکاری و زمانەوانیدا، توێژەر هەســـتا بە دەرهێنانی ڕاســـتگۆیی ناوەڕۆکی بەرنامەکە، ئەویش لە ڕێگای وەرگرتنی ڕاوبۆچونی بژاردەیەک لە شارەزایان لە بواری (دیزاینی فێرکاری) و ڕێگاکانی وانەوتنەوە (پاشکۆ: ٩) ئەنجامەکەی بەو شێوەیە بو لە خشتەی (٣-١٢) خراوەتە ڕوو:

**خشتەی (٣-١٢)**

**ڕاو بۆچونی شارەزایان لەسەر ئامادەکردنی ناوەڕۆکی بەرنامە فێرکاریەکە**

| ژ | برگە | ڕێژەی شیاوی | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕێنمایی بۆ مامۆستا | ١٠٠ ٪ | |
| ٢ | شێوازی دیزاینی بەرنامەکە | ٨٥,٧١ ٪ | ڕاستکردنەوەی بۆ کرا |
| ٣ | تاقیکردنەوەی پێشەکی | ١٠٠ ٪ | |
| ٤ | تاقیکردنەوەی پاشەکی | ١٠٠ ٪ | |
| ٥ | ڕێکخستنی ناوەڕۆکی وانەکانی بەرنامەکە | ٨٥,٧١ ٪ | ڕاستکردنەوەی بۆ کرا |
| ٦ | ڕێگاکانی وانە وتنەوە | ٧١,٤٢٪ | ڕاستکردنەوەی بۆ کرا |
| ٧ | هۆیەکانی فێرکردن | ١٠٠ ٪ | |

## ٣ . ٤ هاوکێشە ئامارییەکان:

١.٤.٣ هاوکێشەی کوپەر (cooper) بۆ ڕێژەی ڕێکەوتن، بەمەبەستی دەرهێنانی ڕێژەی ڕێکەوتنی شارەزاکان لەسەر برگەکانی ئامرازەکانی توێژینەوەکە.

$$\text{ئاستی ڕەزامەندی} = \frac{\text{ژمارەی ڕەزامەندی}}{\text{ژمارەی ڕەزامەندبوون + ژمارەی ڕەزامەند نەبوون}} \times ١٠٠$$

٢.٤.٣ هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسن: بۆ دیاریکردنی جێگیری تاقیکردنەوەی تیۆری بەرنامە فێرکارییەکە.

$$\text{ر} = \frac{\text{ن مج س ص – مج س} \times \text{مج ص}}{\sqrt{\{\text{ن مج س}^٢ - (\text{مج س}\ ٢)\}\{\text{ن مج ص}^٢ - (\text{مج ص}\ ٢)\}}}$$

(محمود، ٢٠٢١، لا ١٠٦)

٣.٤.٣ هاوکۆلکەی ئاسانی و گرانی بۆ دیاریکردنی بەهای گرانی و ئاسانی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە.

٤.٤.٣ هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ دەستنیشانکردنی بەهای جیاکاری بڕگەکانی لایەنی زانیاری تاقیکردنەوەی بەرنامەی توێژینەوەکە.

# بەشی چوارەم

## (ئەنجامەکانی توێژینەوەکە)

٤ . ١ ئەنجامی توێژینەوەکە

٤ . ٢ ڕاسپاردەکان

٤ . ٣ پێشنیازەکان

# بەشی چوارەم

# (ئەنجامەکانی توێژینەوەکە)

## ٤ . ١ ئەنجامی توێژینەوەکە:

بەپێی ئامانجی توێژینەوەکەمان کە بریتی بوو لە دیزاینی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی بابەتی داڕشتنی سیرامیک لای خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان، توێژینەوەکەمان ئامانجی خۆی بەدەستهێنا بەپێی ئەو ڕێکاریانەی کە لە بەشی سێیەمدا پێشکەشکراون، لە کۆتایدا بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو ئامادەکرا بۆ خوێندکارانی قۆناغی چواری بەشی سیرامیک لە بابەتی داڕشتنی سیرامیک کە پێکهاتبوو لەم بڕگانە:

١. بەرگی بەرنامەکە.
٢. ڕێنمایی مامۆستا لەکاتی جێبەجێکردنی بەرنامەکەدا چۆن کار لەسەر بەرنامەکە بکات.
٣. تاقیکردنەوەی پێشەکی (تیۆری و پراکتیکی) بەرنامەکە، پێش دەستپێکردنی بەرنامەکە.
٤. وەڵامی نمونەیی بەرنامە فێرکارییەکە.
٥. ئامانجە فێرکارییە گشتی و ڕەفتاریەکانی بەرنامە فێرکاریەکە.
٦. ڕێکخستنی کاتی بەرنامە فێرکاریەکە.
٧. هۆکارەکانی فێرکردنی بەرنامە فێرکاریەکە.
٨. ڕێگاکانی وانەوتنەوەی بەرنامە فێرکاریەکە.
٩. پێداویستیەکانی بەرنامە فێرکاریەکە.
١٠. ناوەڕۆکی بەرنامە فێرکاریەکە، کە پێکهاتووە لە ٨ بابەت ئەوانیش (ڕەگەزەکانی داڕشتن – دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی - دروستکردنی سیرامیکی شێوە مێژوویی - دروستکردنی سیرامیکی شێوە ڕووەکی - دروستکردنی سیرامیکی شێوە گیانەوەری - دروستکردنی سیرامیکی دیواربەند - دروستکردنی سیرامیکی شێوە تەعبیری - دروستکردنی سیرامیکی کاری سەربەست) وەک ئەوەی لە پاشکۆی ژمارە ( ٩ ) دا هاتووە.

١١. تاقیکردنەوەی بەرنامە فێرکاریەکە.

## ٤ . ٢ ڕاسپاردەکان

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:

١) ڕاسپاردەی  لایەنە پەیوەندیدارەکانی دانانی پڕۆگرامی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە پەڕێوبەرایەتی پەیمانگاکان بەشی دانانی پڕۆگرام دەکات کە سوود لە ناوەڕۆکی بەرنامەکە وەربگرن و گشتاندنی پێ بکەن بەسەر سەرجەم پەیمانگاکاندا لەپێناو بە زانستی بوونی مەنهەجیەتی خوێندن لە پەیمانگاکاندا.

٢) ڕاسپاردەی مامۆستایانی هونەر لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، کە سوود لە بەرنامە فێرکاریەکە وەربگرن لەکاتی وانەوتنەوەی بابەتی سیرامیک لەڕووی تیۆری و پراکتیکیەوە.

## ٤ . ٣ پێشنیازەکان

توێژەر بۆ پەرەپێدان و تەواوکردنی لایەنەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیە پێشنیازی ئەم ناونیشانانە دەکات:

١) کاریگەری بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بابەتی داڕشتنی سیرامیک قۆناغی پێنجەم.

٢) دانانی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بابەتی دیواربەندی سیرامیک.

٣) دانانی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بابەتی فوخار.

٤) ئامادەکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ بابەتی مێژووی هونەری سیرامیک بۆ خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان.

# لیستی سەرچاوەکان

## سەرچاوەكان بە زمانی كوردی


١. أحمد، دارا عبدالرحمان، ٢٠١٥، **كاریگەری پرۆگرامێكی پێشنیازكراو لەسەر گەشەكردنی لێهاتوویی خوێندكارانی بەشی پەروەردەی هونەری لەبابەتی ڕەخنەو چێژی هونەریدا و هەڵوێستیان بەرامبەری**، زانكۆی سلێمانی، سكوڵی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی پەروەردەی هونەر، ماجستر.

٢. ئەمین، یادگار محمد، ٢٠١٥، **بەرنامەیەكی فێركاری پێشنیازكراو لەبارەی هونەرەكانی پاش تازەگەری و كاریگەری لەسەر گەشەپێدانی لێهاتووییەكانی شێوەپێدانی پەیكەرسازی لای خوێندكارانی بەشی پەروەردەی هونەری**، زانكۆی سلێمانی، فاكەڵتی پەروەردەی وەرزش و بنەڕەتی، بەشی پەروەردەی هونەر، ماجستر.

٣. جۆلا، علی، ١٩٩٩، **ڕەگەزەكانی داڕشتن**، زانكۆی سگێمانی، كۆلێژی هونەر، چاپخانەی سلێمانی.

٤. حسێن، كوردستان حەسەن، ٢٠١٧، **هاوشێوەیی لە نێوان ژن و فۆڕمی سیرامیكی هاوچەرخ لە هەرێمی كوردستاندا**، زانكۆی سلێمانی، كۆلێژی هونەرە جوانەكان، بەشی شێوەكاری، ماجستر.

٥. علی، ئاوارە هیوا رەشید، ٢٠١٨، **كاراكردنی شێواز و تەكنیكی چاپی گرافیكی لە هونەری سیرامیكی هاوچەرخ لە كوردستاندا**، زانكۆی سلێمانی، كۆلێژی هونەرە جوانەكان، بەشی شێوەكاری، ماجستر.

٦. قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین، ٢٠١٨، **ڕێگاكانی وانەووتنەوە شێوازە تیۆری و پراكتیكیەكان**، بەڕێوبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتیەكان، چاپی دووەم.

٧. محمود، تۆڵە ئومێد، ٢٠٢١، **پرۆگرامێكی پێشنیازكراو بۆ بابەتی میوزیک لە بەشی پەروەردەی هونەری – كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی – زانكۆی سلێمانی**، زانكۆی سلێمانی، كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی پەروەردەی هونەری، ماجستر.

٨. مەحمود، ئازەر عوسمان، ٢٠١٧، **كاریگەری میدیای نوێ لەسەر هونەری هاوچەرخ لە كوردستان**، زانكۆی سلێمانی، كۆلێژی هونەرە جوانەكان، بەشی شێوەكاری، ماجستر.

٩. میکە، هەردی مەهدی، ٢٠١٠، **هەڵسەنگاندنی لێهاتووییەکانی وانەوتنەوەی مامۆستایانی بابەتی مێژوو لە خوێندنگە ئامادەییەکانی پارێزگای سلێمانی**، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی زانستی کۆمەڵایەتی، ماجستر.

## سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

١٠. أبراهيم، مجدى عزيز، ٢٠٠٦، **موسوعة التدريس**، جلد الخامس، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.

١١. الامام، عبد الكريم كاظم، ١٩٩٦، **تصميم تعليمى-تعلمى لقواعد التكوين فى الفنون التشكيلية**، جامعة بغداد، كلية الفنون الجميلة، قسم التربية الفنية، فرع التربية التشكيلية، دكتۆرا.

١٢. ابو الضبعان، زكريا اسماعيل، ٢٠٠٧، **المناهج اسسها ومكوناتها، طبعة الاولى**، دار الفكر، عمان، الاردن.

١٣. أبو سويرح، أحمد اسماعيل سلام، ٢٠٠٩، **برنامج تدريبى قائم على التصميم التعليمى فى ضوء الاحتياجات التدريبية لتنمية بعض المهارات التكنولوجية لدى معلمى التكنولوجيا**، الجامعة الاسلامية غزة، كلية التربية، قسم المناهج وتكنولوجيا التعليم، ماجستر.

١٤. ابو هنطش، محمود، ٢٠٠٠، **مبادىء التصميم**، عمان، دار عمان للنشر والتوزيع، طبعة الثاني.

١٥. الاكلبي، سعيد بن سعد فايز، ٢٠١٥، **تقويم البرامج التعليمية القائمة على الوسائط المتعددة في مواد اللغة العربية بالمرحلة الابتدائية بالمملكة العربية السعودية في ضوء المعايير التربوية والتقنية**، مجلة كلية التربية، جامعة الازهار، العدد ١٦٣، جزء الرابع، ماجستر.

١٦. بابان، شنه ئبراهيم محمد، ٢٠١٢، **أثر برنامج تعليمى مقترح فى تحصيل طلبة الصف العاشر فى مادة الجغرافية و تنمية التفكير الناقد لديهم بمركز محافظة السليمانية**، جامعة السليمانية، سكول التربية الاساسية، ماجستر.

١٧. بن علي، حمد، ام الخير و زينب بو غزالة، ٢٠١٥، **كثافة البرامج التعليمية و اثرها على اداء استاذة التعليم الابتدائي**، جامعة الشهيد حمه لخضر – الوادي، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، قسم العلوم الاجتماعية.

١٨. البواب، هبة الله احمد ممد، ٢٠١٣، **دور الفراغ في الفنون التشكيلية المعاصرة كمدخل لتدريس الاشغال الفنية**، جامعة بور سعيد، مجلة كلية التربية، العدد الرانع عشر.

١٩. البياتى، نجم عبد الله عسكر، ١٩٩٦، **تصميم برنامج تعليمى لمادة الانشاء التصويرى فى كليات الفنون الجميلة**، جامعة بغداد، كلية الفنون الجميلة، قسم التربية الفنية، فرع التربية التشكيلية، دكتوّرا، ماجستر.

٢٠. البياتى، عبير قاسم خلف، ٢٠١٣، **فاعلية برنامج اثرانى فى مادة اسس التصميم لتنمية التفكير الابتكارى لدى طلبة قسم التربية الفنية**، كلية التربية الاساسية، قسم التربية الفنية، ماجستر.

٢١. البياتي، نمير قاسم خلف، ٢٠١٦، **توظيف العناصر البيئية في تصميم وتزيين الخزف العراقي المعاصر لابراز الموروث الثقافي والحضايي المحلى**، جامعة الديالى، كلية الفنون الجميلة.

٢٢. بيومي، نفين فرغلى، ٢٠١٢، **فنون التطريز السيوى كمثير بصري لانتاج اعمال فنية معاصرة**، جامعة حلوان، كلية الفنون التطبيقية، قسم الزخرفة، ماجستر.

٢٣. التهامي، تهامي محمود، ٢٠٠٩، **قيم الجمالية لتقنيات الفن التشكيلي فىَ عمل افلام تحريک ثلاثية الابعاد**، جامعة مينا، كلية الفنون الجميلة، قسم الرسوم المتحركة.

٢٤. جامع، حسن، ٢٠١٠، **تصميم التعليمية**، طبعة الاولى، دار الفكر، عمان، الاردن.

٢٥. الجبوري، مهدى عطية، ٢٠١٤، **تقديم جودة برامج التعليم العالي كاطار لنجاح عملية التعليم (من وجهة نظر الطلبة)**، مجلة القادسية للعلوم والاقتصادية، المجلد ١٨، العدد ١.

٢٦. آل جديع، مفلح بن قبلان بن بجاد، ٢٠٢١، **مدى تطبيق معايير تصميم التعليم فى المقررات الجامعة الالكترونية وفق نموذج (ADDIE) من وجهة نظر اعضاء هيئة التدريس بجامعة تبوک**، جامعة تبوک، كلية التربية، قسم تقنيات التعليم، دكتورا.

٢٧. حتروش، منذر مالک، ٢٠١٩، **التصميم التعليمي**، الجامعة المستنصرية، كلية التربية الاساسية، قسم التربية البدنية وعلوم الرياضة.

٢٨. حداد، محمد بن يحيى بن يحيى، ٢٠١٨، **استخدام مبادىء التصميم التعليمى لتطوير نموذج مقترح لرعاية الطلاب الموهبين من ذوى المواهب الخاصة**، مجلة البحث العلمى فى التربية، العدد التاسع العشرة، ماجستر.

٢٩. الحديثى، منير فخرى صالح، ١٩٩٧، بناء وتطبيق برنامج تعليمى لتطوير المهارات الفنية لمادة اسس التصميم، جامعة بغداد، كلية الفنون الجميلة، قسم التربية الفنية، فرع التربية التشكيلية، دكتوّرا، ماجستر.

٣٠. حسن، حاتم و النواوى، هبة، دعاء و ابوبكر، ٢٠٢١، **الخط كاحد عناصر التشكيل في الفن والتصميم**، مجلة علوم التصميم والفنون التطبيقية، مجلد ٣، عدد ١.

٣١. حسين، نياز عوسمان، ٢٠١٥، **فاعلية التدريس التعليمي على عناصر واسس العمل الفني في تنمية مهارات الانشاء التصويري لدى طلبة التربية الفنية**، جامعة السليمانية, كلية التربية الاساسية, قسم التربية الفنية، ماجستر.

٣٢. الحربى، الحجلان، افنان بنت مطر مرشد و محمد بن ابراهيم، ٢٠١٦، **اقتراح نموذج تصميم تعليمي يتناسب مع خصائص المتعلمين ذوى اضطراب التوحيد معتمد على نموذج ADDIEلتحديد معايير تصميم القصص التعليمية الاجتماعية الالكترونية**، مجلة التربية الخاصة والتاهيل، لامجلد (٤)، العدد (١٥)، الجزء الاول.

٣٣. الحوامدة والعدوان، محمد فؤاد، زيد، ٢٠١١، **تصميم التدريس بين النظرية والتطبيق**، طبعة الاولى، دارالمسيرة.

٣٤. حورية، الهام، بن يوسف و الهام، ٢٠٢١، **ضغط البرامج التعليمية و اثره على اداء معلمي المدارس الابتدائية، جامعة العقيد احمد دراية –ادرار**، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية والعلوم الاسلامية، قسم العلوم الاجتماعية، ماجستر.

٣٥. الحيلة، محمد محمود، ١٩٩٩، **التصميم التعليمى نظرية وممارسة**، طبعة الاولى، عمان، الاردن، دار المسيرة.

٣٦. الحيلة، محمد محمود، ٢٠٠٨، **تصميم التعليم نظرية و ممارسة**، طبعة الرابع، دار المسيرة للنشر، عمان، الاردن.

٣٧. الخطاط، عطية، ٢٠١٦، **مفهوم البرنامج التعليمي**، كلية التربية الاساسية، قسم الدراسات العليا.

٣٨. الخفاجي، ميساء سليم عبدالواحد، ٢٠١٦، **جماليات التكوين الزخرفى في الخزف الاسلامي السلجوقي**، جامعة بابل، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية والانسانية، العدد ٣٠.

٣٩. خليل، ايمان اكرم، ٢٠١٣، **فاعلية موقع تدريب الكترونى فى تنمية مهارات تصميم برامج تعليمية محسوبة لدى معلمى التكنولوجيا بغزة**، الجامعة الاسلامية غزة، كلية التربية، قسم المناهج وطرق تدريس تكنلوجيا التعليم، دكتورا.

٤٠. خميس، محمد عطية، ٢٠٠٣، **عمليات تكنولوجيا التعليم**، طبعة الاولى، دار الكلمة، القاهرة.

٤١. الداوود، شيخة عثمان عبدالعزيز، ٢٠١٤، **الأسس النظرية للتصميم التعليمى**، جامعة الملك سعود، كلية التربية، قسم تقنيات التعليم.

٤٢. درويش، محمد محمد صلاح، ٢٠٠٠، **القيم الجمالية والتعبيرية للمنحوتات الخزفية والمعاصرة**، جامعة المينا، كلية الفنون الجميلة.

٤٣. الدفاك، مصطفى عبيد، ١٩٩٩، **العلاقة التفاعلية بين العناصر التشكيلية ودلالاتها في بنية الصورة التلفزيونية**، جامعة بغداد، كلية الاعلام، مجلة الباحث الاعلامي، العدد ٣٩.

٤٤. الدوسري، نوره مبارك، ٢٠١٥، **نموذج التصميم التعليمي المقترح (في ضوء عدد من النماذج)**، جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية، قسم المناهج وطرق التدريس.

٤٥. الدعكس، زياد احمد خليل، ٢٠٠٩، **معوقات الاتصال والتواصل التربوى بين المديرين والمعلمين بمدارس محافضة غذة و سبل مواجهتها فى ضوء الاتجاهات المعاصرة**، جامعة لاسلامية غزة، كلية التربية، اصول التربية، الادارة التربوية، ماجستر.

٤٦. الزبيدي، نزار، ٢٠١٦، **محاظرات مادة التصميم والتزيين**، جامعة بغداد، كلية فنون الجميلة، قسم الفنون التشكيلية، فرع خزف.

٤٧. زمرة، نورة، ٢٠١٨، **فعالية برنامج قائم على استراتيجيات تعليمية للخفض من صعوبات تعلم مادة الرياضيات**، جامعة محمد خضر بسكرة، كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية، قسم العلوم الاجتماعية، شعبة علوم التربية، ماجستر.

٤٨. سرايا، عادل، ٢٠٠٧، **التصميم التعليمي والتعلم ذو معنى**، الطبعة الثانية، دار وائل للنشر، عمّان.

٤٩. سرايا، عادل، ٢٠٠٨، **تكنولوجيا التعليم ومصادر التعلم مفاهيم نظرية وتطبيقات عملية**، الطبعة الثانية، مكتبة الرشد، الرياض.

٥٠. ال سعود، سارة بنت ثنيان بن محمد، ٢٠٢٠، **تصميم برنامج مقترح معتمد على المتاحف الافتراضية وقياس فاعليته فى تنمية الوعى الاثرى والتحصيل المعرفى فى مادة الدراسات الاجتماعية والمواطنة لدى طالبات المرحلة المتوسطة فى المملكة العربية السعودية**، جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية، كلية التربية، قسم المناهج وطرق التدريس، دكتورا.

٥١. شحاتة، نشوى رفعت محمد، ٢٠١١، **التصميم التعليمى نماذج التصميم التعليمى**، كلية التربية بدمياط، قسم تكنولوجيا التعليم.

٥٢. الصالح، بدر بن عبدالله، ٢٠٠٥، **التصميم التعليمى وتطبيقه فى تصميم التعلم الالكترونى عن بعد**، جامعة الملك سعود، الرياض.

٥٣. صبح، لينا راضى، ٢٠١٨، **تقويم عملية تصميم مناهج التعليم الاساسى فى ضوء نموذج (ADDIE)**، جامعة دمشق، كلية التربية، قسم المناهج وطرائق التدريس.

٥٤. صديق، فتح الرحمن الزبير رحمةالله، ٢٠١٧، **انعكاس الاتجاهات الفنية الحديثة على فن النحت في السودان**، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، كلية الدراسات العليا.

٥٥. عباس، عماد خضير، ٢٠٠٦، **اثر برنامج تعليمى فى مهارات صناعة القوالب واستخدامها لدى طلبة قسم التربية الفنية كلية التربية الاساسية فى مادة الفخار**، جامعة ديالى، كلية التربية الاساسية، قسم التربية الفنية، ماجستر.

٥٦. عبد، الهام صبحي، (٢٠١٢)، **الخط وعلاقتة بالتكوين في فن الرسم المعاصر**، جامعة بغداد، كلية الفنون الجميلة، مجلة الاكاديمية، العدد ٦٢.

٥٧. عبدالحمزة، غادة شريف، ٢٠١٢، **عناصر وخطوات التصميم التعليمى**، جامعة البغداد، كلية التربية، ابن الهيثم.

٥٨. عبدالعاطي، حسن الباتع محمد، ٢٠١٠، **التصميم التعليمي عبر الانترنت**، دار الجامعة الجديدة .السكندرية.

٥٩. عبدالعزيز، داليا علي المنعم، ٢٠١٦، **اثر مخططات فورونوى على بناء الشكل الخزفي**، مجلة العمارة والفنون، العدد الثامن.

٦٠. عبدالفتاح، رياض، ١٩٧٤، **التكوين في الفنون التشكيلية**، مصر، القاهرة، دار النهضة للنشر، طبعة الاولى.

٦١. عبدالوهاب، طارق عابدين ابراهيم، ٢٠١٢، **قراءة الصورة التشكيلية بين الحقيقة والايحاء**، جامعة السودان، مجلة العلوم الانسانية والاقتصادية، العدد الاول.

٦٢. عبيد، احمد خالد محمد، ٢٠١٢، **دراسة مقارنة بين بعض نماذج التصميم التعليمى لافتراح نموذج جديد لتصميم التعليم**، جامعة المنيا، كلية التربية النوعية، قسم تكنولوجيا التعليم، ماجستر.

٦٣. العتيبى، البلوى، تركيه سلمى و مرزوق صالح، ٢٠١٩، **نموذج مقترح لتصميم حقيبة تعليمية الكترونية معتمد على نموذج التصميم التعليمى ADDIE**، مجلة البحث العلمى فى التربية، العدد العشرون، دكتورا.

٦٤. عطا، جنان حسين، ٢٠١٥، **تحليل أسئلة كتاب المناهج وطرائق التدريس العامة للمرحلة الثانية معهد الفنون الجميلة وفق مهارات التفكير البداعي**، معهد الفنون الجميلة للبنات\ديالى، ماجستر.

٦٥. عواد، نادر محمود محمد، ٢٠١٨، **تطبيق نموذج (ADDIE) على برامج التدريب فى وزارة التربية والتعليم العالى فى فلسطين**، جامعة الخليل، كلية الدراسات العليا والبحث العلمى، برنامج ماجستير ادارة الاعمال، ماجستر.

٦٦. فرج، ئاواز ميرزا، ٢٠١٥، **أثر الوسائط التكنلوجية فى تنمية مهارات رسم الحياة الجامدة بالألوان الزيتية لدى طلبة قسم التربية الفنية**، جامعة السليمانية، سكول التربية الاساسية، قسم التربية الفنية، ماجستر.

٦٧. المحاضرة، ٢٠٢٠، **اسس التصميم الطباعي**، جامعة دمياط، كلية التربية النوعية، قسم التربية الفنية.

٦٨. محمد، ايناس جريان، ٢٠١٣، **فاعلية برنامج تعليمى فى تنمية مهارات تصوير الطبيعة لدى طلبة قسم التربية الفنية**، جامعة ديالى، كلية التربية الاساسية، قسم التربية الفنية.

٦٩. محمد، دلال يسرالله، ٢٠٢١، **مفهوم التصميم التعليمى وكيفية تطبيقه في برامج التصميم الداخلى (دراسة حالة على استوديو تصميم المنشآت السياحة**، مجلة العمارة والفنون والعلوم الانسانية، المجلد السادس، العدد التاسع والعشرين، ماجستر

٧٠. محمد، روزان خالد، ٢٠١٥، **فاعلية برنامج تدريبي لتنمية مهارات الخزف لدى طلبة قسم التربية الفنية في سكول التربية الاساسية**، جامعة السليمانية، سكول التربية الاساسية، قسم التربية الفنية، ماجستر.

٧١. محمود، حمادى و خلف، علاء شاكر، عاد محمود، نمير قاسم، ٢٠١٩، **الموروث الحضاري في الفن التشكيلي المعاصر**، المؤتمر العلمي الدولي الاول، كلية الفنون الجميلة، جامعة ديالى، الجزء الاول.

٧٢. المزروع، تهاني عبد اللهک ٢٠١٥، **التصميم التعليمي (مفهومه – أسسه – أهميته – خطواته – نماذجه)** ، جامعة إلامام محمد بن سعود، كلية العلوم الاجتماعية، قسم المناهج وطرق التدريس، ماجستر.

٧٣. معتز، عناد غزوان، ٢٠٠٦، **الرمز التراثي في تصميم المطبوع المعاصر**، بغداد، دار الشوؤن الثقافية العامة.

٧٤. المؤتمر الدولي الاولى، ٢٠١٥، **التصميم التعليمى**، كلية التربية، مركز الملك عبد العزيز الحضارى، غزة.

٧٥. الموسوى، الحضرمى، د.على بن شرف و ليلى بنت عبدالله، ٢٠٠٧، **الوسائط المتعددة بين النظرية والتطبيق**، طبعة الاولى، مكتبة بيروت.
٧٦. موسى، ايمان عابدين مصطفى، ٢٠١٠، **صياغات جديدة من النسجيات اليدوية المجسمة للافادة منها نفعيا وجماليا لدى طلاب كلية التربية النوعية**، جامعة بورسعيد، كلية التربية النوعية، التربية الفنية، ماجستر.
٧٧. ناجى، آبتيسام، ٢٠١٩، **التحديات الجيوفيزيائية والاجتماعية والانسانية والطبيعية فى بيئة متغيرة**، شبكة المؤتمرات العربية، المؤتمر العلمي الدولى العاشر.
٧٨. الناطوح، ايناس، ٢٠١٧، **التاثيرات اللونية والملمسية لمعالجة الاسطح الخزفية**، جامعة طرابلس، كلية الفنون والاعلام، مجلة كليـة الفنون والاعلام، الثنة الثانية، العدد الرابع.
٧٩. نظام معهدالفنون الجميلة، القوانين والتشريعات العراقية، **نصوص القوانين والتشريعات العراقية ١٩٦٠ الى ٢٠١١ كما نشرت فى الوقائيع العراقية الرسمية**، المحتوى ١، رقم التشريع ١٦، سنة التشريع ١٩٦٩.
٨٠. نفل، سجى رسول، ٢٠١٢، **تنوع استعارات الخزف العراقي المعاصر دراسة تحليلية (سعد شاكر)**،جامعة بغداد، كلية الفنون الجميلة ،مجلة الاكاديمى العدد ٢٩.

## سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

٨١. Tizgol, Kemal, ٢٠١٩, Reflections of Minimalism on Contemporary Ceramics, Jornal of interdisciplinary and intercultural art.
٨٢. Barnes, Sara, ٢٠١٦, Colorful Ceramics Topped with Endangered Animals to Identify and Help Save Them.
٨٣. Chen Shen, ٢٠١٠, The warrior emperor and China’s terracotta army, Royal Ontario Museum press.
٨٤. Grace Ignacia See, ٢٠١٩, These ١٣ Ceramic Artists are Reshaping the medium, The Artling, USD.
٨٥. Yanhua Zhou,٢٠١٥, The Power Quantity in Ai Weiwei’s sunflower Seeds, , Southwest University, China.
٨٦. Qian Peng, ٢٠١٦, Between Traditional Culture and Contemporary Art, Australian National University.

٨٧.Kenneth Donkor, ٢٠٠٨, Design and Production of Commemorative ceramic Mural of African cup of nations, Ghana-Can ٢٠٠٨. Faculty of Industrial Art-College of Art and Social Sciences.

٨٨.Kleiner, fred, Helen and Christin, ٢٠٠٥, Gardner's Art Through the Ages, Belmont, CA: Thompson Learning.

٨٩.Lei Baojie, Kim Chul Soo, ٢٠١٩, Expression Forms and Application of Ceramic Materials in Mural Paintings in Architectural Environment, IOP Conference Series: Materials Science and Engineering.

٩٠.Lesser, Cssey, ٢٠١٧, These ٢٠ artists are shaping the future of ceramics.

٩١.Patrick Sean Quinn, Shangxin Zhang, Yin Xia, Xiuzhen Li, ٢٠١٧, Building the Teracotta Army: Ceramic craft technology and organisation of production at QinShihuang mausoleum complex.

٩٢.Richman- Abdo, Kelly, ٢٠١٧, Innovative Ceramic Artists Breathing New Life into an Age-Old Art.

٩٣.Peled, Zemer, ٢٠١٣ – ٢٠١٤, Ceramic Exellance/ Fellowship at the archive Bray foundation.

٩٤.Jono Irianto, Asmudo, ٢٠٠٩, In Between the contemporary art and contemporary craft, north art space.

**پێگە ئەلکترۆنیەکان**

٩٥. کراوەتەوە لە بەرواری (١٠.٢.٢٠٢١) (Xinyi Cheng) ، (٢٠١٨ in Smashing into my heart, ٢٠٢١)

Peter Voulkos Biography – Peter Voulkos on artnet

٩٦. کراوەتەوە لە بەرواری (١٠.٢.٢٠٢١), (the british museum).

https://www.britishmuseum.org/collection/object/W_K-٣٣٧٥

.٩٧كراوەتەوە لە بەرواری (١٧.٢.٢٠٢١) (Katie Spragg ٢٠١٩)

http://www.katiespragg.com/about

.٩٨كراوەتەوە لە بەرواری (١٧.٢.٢٠٢١) ( Zemer Peled's work )

https://www.zemerpeled.com/about

.٩٩كراوەتەوە لە بەرواری (١٧.٢.٢٠٢١) (Exhibition tour led by Martina Droth, Yale Center for British Art, New Haven, ١٨ October ٢٠١٧).

https://www.artsy.net/article/artsy-editorial-٢٠-artists-shaping-future-ceramics

.١٠٠ كراوەتەوە لە بەرواری (٢٢.٢.٢٠٢١) CHARLOTTE MARY PACK'S ١٠٠) ELEPHANTS CRAFTS PROJECT AND PERFORMANCE FIGHTS AGAINST (POACHING ( JUNE١٩ , ٢٠٢٠)

https://www.archipanic.com/١٠٠-elephants-charlotte-mary-pack/

.١٠١ كراوەتەوە لە بەرواری (٥.٣.٢٠٢١)

pack/https://www.nytimes.com/٢٠٢١/٠٨/١٩/t-magazine/ceramic-animal-figurines.html

.١٠٢ كراوەتەوە لە بەرواری (٥.٣.٢٠٢١) installation view of *terracotta warriors: guardians of immortality and cai guo-qiang: the transient landscap*

https://www.designboom.com/art/terracotta-warriors-١٠٠٠٠-porcelain-birds-flock-ngv-cai-guo-qiang-٠٥-٢٣-٢٠١٩/

.١٠٣ كراوەتەوە لە بەرواری (٥.٣.٢٠٢١) ( Ramesh Mario Nithiyendran, Standing , ٢٠١٩), (tony roos)

https://www.artforum.com/print/reviews/٢٠٢٠٠١/ramesh-mario-nithiyendran-٨١٧٩٦

١٠٤. كراوەتەوە لە بەرواری (٨.٣.٢٠٢١) (Ramesh Mario Nithiyendran، Australian, b. ١٩٨٨)

https://www.artsy.net/artist/ramesh-mario-nithiyendran

١٠٥. كراوەتەوە لە بەرواری (١٥.٣.٢٠٢١) (contemporary ceramic ) artest

https://www.gessato.com/best-ceramic-artists/

١٠٦. كراوەتەوە لە بەرواری (٢.٤.٢٠٢١) شودب ،حنين، معنى التكوين الفني..الأسس التي يعتمد عليهاالتكوين الفني. ٢٠٢٠.

https://mhtwyat.com/%D٪٨٥٪٩D٪٨B٪٩D٪٨٦٪٩D٨٩٪٩-%D٪٨A٪٧D٪٨٤٪٩D٪٨AA%D٪٨٣٪٩D٪٨٨٪٩D٨٪٩A%D٨٦٪٩-%D٪٨A٪٧D٪٨٤٪٩D٪٨١٪٩D٪٨٦٪٩D٨٪٩A/

١٠٧. كراوەتەوە لە بەرواری (٢.٤.٢٠٢١) الجبورى، رجاء خليل، ٢٠٢٠، صناعة الفخار في بلاد مابين النهرين.

https://portal.arid.my/١١٧٠٥/Posts/Details/٥٧bfc٣d٤٠٦٨-٢٣٧٩-١-b٨٩٣-a٤c٨efe٥٠ff٢?t=--%D٪٨B٪٥D٪٨٦٪٩D٪٨A٪٧D٪٨B٪٩D٪٨A٩-%D٪٨A٪٧D٪٨٤٪٩D٪٨١٪٩D٪٨AE%D٪٨A٪٧D٪٨B١-%D٪٨١٪٩D٨٪٩A-%D٪٨A٪٨D٪٨٤٪٩D٪٨A٪٧D٪٨AF-%D٪٨٥٪٩D٪٨A٪٧D٪٨A٪٨D٨٪٩A%D٨٦٪٩-%D٪٨A٪٧D٪٨٤٪٩D٪٨٦٪٩D٪٨٧٪٩D٪٨B٪١D٨٪٩A%D--٨٦٪٩

١٠٨. كراوەتەوە لە بەرواری (٩.٤.٢٠٢١) Britannica, Epic of Gilgamesh - Epic of Gilgamesh Mesopotamian literature.
https://www.britannica.com/topic/Epic-of-Gilgamesh

١٠٩. كراوەتەوە لە بەرواری (٧.١٠.٢٠٢١) BBC, ٢٠٢١, The epic adventures of the Gilgamesh Dream tablet.

The epic adventures of the Gilgamesh Dream tablet - BBC News

# پاشکۆکان

## پاشکۆی (١)

## لیستی شارەزایان و هەڵسەنگێنەران بۆ ئامڕازەکانی توێژینەوەکە

| ژ | ناو | نازناوی زانستی | پسپۆری | جۆرەکانی ڕاوێژکردن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ا | ب | ت | ج | ح | خ |
| ١ | د.نعیمە محمد عبداللە | مامۆستا | شێوەکاری سیرامیک | / | / | / | / | / | / |
| ٢ | م. ڕۆژان خالید محمد | مامۆستای یاریدەدەر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | / | / | / | / | | / |
| ٣ | م. ڕۆژگار کمال محمد | مامۆستای یاریدەدەر | شێوەکاری سیرامیک | / | | | | | |
| ٤ | م. تۆلە ئومێد محمود | مامۆستای یاریدەدەر | پەروەردەی میوزیک | | / | / | / | / | / |
| ٥ | م.ئاکۆ حمە خسرو | مامۆستای یاریدەدەر | شێوەکاری وێنەکێشان | | / | | | / | / |
| ٦ | م. یادگار محمد امین | مامۆستای یاریدەدەر | پەروەردەی هونەری | / | / | | / | / | / |
| ٧ | م.ئاواز میرزا فرەج | مامۆستای یاریدەدەر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | | / | / | / | | / |
| ٨ | م. بێگەرد عثمان حسن | مامۆستای یاریدەدەر | شێوەکاری وێنەکێشان | | | / | | / | |
| ٩ | م. هەڵگورد احمد محمد | مامۆستای یاریدەدەر | هونەر هونەری هاوچەرخ | / | / | / | / | / | |
| ١٠ | م. شادان سعید جعفر | مامۆستای یاریدەدەر | شێوەکاری سیرامیک | / | | / | / | / | / |
| ١١ | م. ئاوارە هیوا ڕەشید | مامۆستای یاریدەدەر | شێوەکاری سیرامیک | / | | | | | |

**پێتەکان بریتین لە جۆری ڕاوێژکردنی پرس و ڕاسپاردەکان کە بریتین لە:**

ا = هەڵبژاردنی بابەتەکانی ناو بەرنامەکە.

ب = ئامانجی گشتی و فێرکاری.

ت = ناوەڕۆکی بەرنامەی فێرکاریەکە.

ج = تاقیکردنەوەکانی پێشەکی و پاشەکی.

ح = کاتی دیاریکراوی وانەوتنەوە.

خ = ڕێگاکانی وانەووتنەوەی بەرنامەکە.

# پاشکۆی (٢)

## ڕاپرسی کراوە بۆ بابەتەکانی وانەی داڕشتنی سیرامیک/ قۆناغی چوار

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی پەروەردەی هونەر

**ڕاوەرگرتنی پسپۆڕان**

بەڕێز:

سڵاوی زانست . . .

توێژەر، خوێندکاری (خوێندنی باڵا – ماستەر) ە لە بەشی (پەروەردەی هونەری)، هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی (**دیزاینی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی بابەتی داڕشتنی سیرامیک لای خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ**) بە ئامانجی ئامادەکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری بۆ خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان، لە بابەتی داڕشتنی قۆناغی چوارەم ، داواکارم لە بەڕێزتان بفەرموون بە دیاری کردنی بابەتی گونجاو بۆ وانەی دیاریکراو، ڕادەی زانستیبوونی برگەکانی ڕاپرسیەکە بەندە بە پێشنیارە سەنگینەکانی بەڕێزتانەوە، بۆیە توێژەر لەپای ماندوبونتان سوپاس و پێزانینی هەیە.

**هاوکاریتان جێگەی سوپاس و پێزانینە**

ناوی پسپۆڕ . . . . . . . . . . . . . . . . . .          پلەی زانستی: . . . . . . . . . . . . . . . .

بڕوانامە: . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .          پسپۆری گشتی / پسپۆری وورد . . . . . . . .

توێژەر          سەرپەرشتیار

شوان محمود احمد          پ.د. جواد نعمت حسین

| ژ | ناوی بابەت |
|---|---|
| ١ | ڕەگەزەکانی داڕشتن |
| ٢ | فێرکردنی دیزان بۆ بەرهەمهێنانی فۆڕمی نوێ |
| ٣ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی |
| ٤ | زیادکردنی ژێدەری نوێ بۆ فۆڕمی سیرامیکی |
| ٥ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە مێژوویی |
| ٦ | ئازادکردنی خوێندکار بۆ بەرهەمهێنانی فۆڕمی نابینراو |
| ٧ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە ڕووەکی |
| ٨ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی |
| ٩ | دروستکردنی سیرامیکی دیواربەند |
| ١٠ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە تەعبیری |
| ١١ | دوستکردنی کۆمەڵێک بابەت وەک پرۆژە |
| ١٢ | دروستکردنی سیرامیکی پەیکەری |
| ١٣ | دروستکردنی سیرامیکی کاری سەربەست |
| ١٤ | |
| ١٥ | |
| ١٦ | |

# پاشکۆی (٣)

## ڕاپرسی داخراو بۆ بابەتەکانی وانەی داڕشتنی سیرامیک/ قۆناغی چوار

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی پەروەردەی هونەر

**ڕاوەرگرتنی پسپۆڕان**

بەڕێز:

سڵاوی زانست . . .

توێژەر، خوێندکاری (خوێندنی باڵا – ماستەر) ە لە بەشی (پەروەردەی هونەری)، هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی (**دیزاینی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی بابەتی داڕشتنی سیرامیک لای خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ**) بە ئامانجی ئامادەکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری بۆ خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان، لە بابەتەکانی (**ڕەگەزەکانی داڕشتن – دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی – دروستکردنی سیرامیکی شێوە مێژوویی – دروستکردنی سیرامیکی شێوە ڕووەکی – دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی – دروستکردنی سیرامیکی دیواربەند – دروستکردنی سیرامیکی شێوە تەعبیری – دروستکردنی سیرامیکی کاری سەربەست**)، داواکارم لە بەڕێزتان بفەرموون بە سەرنج و تێبینیتان لەسەر شیاوی و نەشیاوی بابەتەکان ، ڕادەی زانستیبوونی برگەکانی ڕاپرسیەکە بەندە بە پێشنیارە سەنگینەکانی بەڕێزتانەوە، بۆیە توێژەر لەپای ماندوبونتان سوپاس و پێزانینی هەیە.

**هاوکاریتان جێگەی سوپاس و پێزانینە**

ناوی پسپۆر . . . . . . . . . . . . . . . . . .        پلەی زانستی: . . . . . . . . . . . . . . . . .

بڕوانامە: . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .        پسپۆڕی گشتی / پسپۆڕی وورد . . . . . . . .

توێژەر

شوان محمود احمد

سەرپەرشتیار

پ.د. جواد نعمت حسین

| ژ | ناوی بابەت | شیاو | نەشیاو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕەگەزەکانی داڕشتن | | | |
| ٢ | فێرکردنی دیزان بۆ بەرهەمهێنانی فۆڕمی نوێ | | | |
| ٣ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی | | | |
| ٤ | زیادکردنی ژێدەری نوێ بۆ فۆڕمی سیرامیکی | | | |
| ٥ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە مێژوویی | | | |
| ٦ | ئازادکردنی خوێندکار بۆ بەرهەمهێنانی فۆڕمی نابینراو | | | |
| ٧ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە ڕووەکی | | | |
| ٨ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی | | | |
| ٩ | دروستکردنی سیرامیکی دیواربەند | | | |
| ١٠ | دروستکردنی سیرامیکی شێوە تەعبیری | | | |
| ١١ | دوستکردنی کۆمەڵێک بابەت وەک پڕۆژە | | | |
| ١٢ | دروستکردنی سیرامیکی پەیکەری | | | |
| ١٣ | دروستکردنی سیرامیکی کاری سەربەست | | | |

# پاشكۆی (٤)

## ڕاپرسی بۆ ئامانجە فێركاری و گشتی و ڕفتاریەكانی بابەتەكانی وانەی داڕشتنی سیرامیک / قۆناغی چوار

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانكۆی سلێمانی

كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی پەروەردەی هونەر

**ڕاوەرگرتنی پسپۆڕان**

بەڕێز:

سڵاوی زانست . . .

توێژەر، خوێندكاری (خوێندنی باڵا – ماستەر) ە لە بەشی (پەروەردەی هونەری)، هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی (**دیزاینی بەرنامەیەكی فێركاری پێشنیازكراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییەكانی بابەتی داڕشتنی سیرامیک لای خوێندكارانی پەیمانگای هونەرە جوانەكانی چەمچەماڵ**) بە ئامانجی ئامادەكردنی بەرنامەیەكی فێركاری بۆ خوێندكارانی پەیمانگای هونەرە جوانەكان، لە بابەتەكانی (**ڕەگەزەكانی داڕشتن – دروستكردنی سیرامیكی شێوە ئەندازەیی – دروستكردنی سیرامیكی شێوە مێژوویی – دروستكردنی سیرامیكی شێوە ڕووەكی – دروستكردنی سیرامیكی شێوە ئاژەڵی – دروستكردنی سیرامیكی دیواربەند – دروستكردنی سیرامیكی شێوە تەعبیری – دروستكردنی سیرامیكی كاری سەربەست**)، داواكارم لە بەڕێزتان بفەرموون بە سەرنج و تێبینیتان لەسەر شیاوی و نەشیاوی (**ئامانجی فێركاری گشتی و ڕەفتاریەكان**) بەرنامەكە ، ڕادەی زانستیبوونی بڕگەكانی ڕاپرسیەكە بەندە بە پێشنیارە سەنگینەكانی بەڕێزتانەوە، بۆیە توێژەر لەپای ماندوبونتان سوپاس و پێزانینی هەیە.

**هاوكاریتان جێگەی سوپاس و پێزانینە**

ناوی پسپۆر . . . . . . . . . . . . . . . . . .    پلەی زانستی: . . . . . . . . . . . . . . . . .

بڕوانامە: . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .    پسپۆڕی گشتی / پسپۆڕی وورد . . . . . . . .

توێژەر    سەرپەرشتیار

شوان محمود احمد    پ.د. جواد نعمت حسین

**ئامانجە فێرکاریە گشتیەکان:**

| ژ | بڕگەکان | بوار |
|---|---|---|
| ١ | ئاشناکردنی خوێندکاران بە ڕەگەزەکانی داڕشتن لە بواری سیرامیکدا. | زانیاری |
| ٢ | خوڵقاندنی حەزو ئارەزوو لای خوێندکاران بەرامبەر داڕشتن. | ویژدانی |
| ٣ | ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی داڕشتن بەشێوازی پراکتیکی. | لێهاتویی |
| ٤ | ئاشناکردنی خوێندکاران بە فۆرمە شێوە ئەندازەییە سیرامیکیەکان. | زانیاری |
| ٥ | هانی خوێندکاران بدرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر سیرامیکی شێوە ئەندازەیی. | ویژدانی |
| ٦ | ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی سیرامیکی فۆرمی شێوە ئەندازەیی. | لێهاتویی |
| ٧ | ئاشناکردنی خوێندکاران بە فۆرمە شێوە مێژووییە سیرامیکیەکان. | زانیاری |
| ٨ | خوڵقاندنی حەزو ئارەزوو لای خوێندکاران بەرامبەر داڕشتن. | ویژدانی |
| ٩ | ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی سیرامیکی فۆرمی مێژویی. | لێهاتویی |
| ١٠ | ئاشناکردنی خوێندکاران بە فۆرمە شێوە ڕووەکیە سیرامیکیەکان. | زانیاری |
| ١١ | هاندانی خوێندکاران بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر سیرامیکی شێوە ڕووەکی. | ویژدانی |
| ١٢ | ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی سیرامیکی فۆرمی ڕووەکی. | لێهاتویی |
| ١٣ | ئاشناکردنی خوێندکاران بە فۆرمە شێوە ئاژەڵیە سیرامیکیەکان. | زانیاری |
| ١٤ | خوڵقاندنی حەزو ئارەزوو لای خوێندکاران بەرامبەر سیرامیکی شێوە ئاژەڵی. | ویژدانی |
| ١٥ | ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی سیرامیکی فۆرمی ئاژەڵی. | لێهاتویی |
| ١٦ | ئاشناکردنی خوێندکاران بە دیواربەندی سیرامیکی. | زانیاری |
| ١٧ | هاندانی خوێندکاران بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دیواربەندی سیرامیکی. | ویژدانی |
| ١٨ | ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی سیرامیکی دیواربەند. | لێهاتویی |
| ١٩ | ئاشناکردنی خوێندکاران بە فۆرمی شێوە تەعبیری سیرامیکی. | زانیاری |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠ | خولّقاندنی حەزو ئارەزوو لای خوێندکاران بەرامبەر فۆرمە تەعبیریەکان. | ویژدانی |
| ٢١ | ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی سیرامیکی شێوە تەعبیری. | لێهاتویی |
| ٢٢ | ئاشناکردنی خوێندکاران بە فۆرمی کاری سەربەستی سیرامیکی. | زانیاری |
| ٢٣ | خولّقاندنی حەزو ئارەزوو لای خوێندکاران بەرامبەر فۆرمی سەربەستی سیرامیکی. | ویژدانی |
| ٢٤ | ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی سیرامیکی سەربەست. | لێهاتویی |

**ئامانجە فێرکارییە ڕەفتارییەکان:**

پێویستە خوێندکار لە کۆتایی وانەکەدا بتوانێت:

| ژ | بڕگەکان | بوار |
|---|---|---|
| ١ | خاڵ و هێڵ و شێوە و ساو و ڕەنگ و سێبەر و ڕوناکی پێناسە بکات. | یادکردنەوە |
| ٢ | ڕەگەزەکانی داڕشتنی سیرامیک بەباشی ڕونبکاتەوە. | یادکردنەوە |
| ٣ | جیاوازی لەنێوان سەرجەم ڕەگەزەکانی سیرامیکدا بکات. | تێگەیشتن |
| ٤ | ڕەگەزەکانی داڕشتن لە کاری هونەری سیرامیکدا جێبەجێ بکات. | پێکهێنان |
| ٥ | پێناسەی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی بکات. | یادکردنەوە |
| ٦ | فۆرمی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی لەشێوەکانی تری سیرامیک جیابکاتەوە. | تێگەیشتن |
| ٧ | کارێکی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی دروست بکات. | پێکهێنان |
| ٨ | هونەرمەندانی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی بناسێت. | یادکردنەوە |
| ٩ | بەشێوازی مینیماڵ سیرامیکی شێوە ئەندازەیی بکات. | پێکهێنان |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | پێناسەی سیرامیکی شێوە مێژویی بکات. | یادکردنەوە |
| ١١ | سیرامیکی شێوە مێژویی لە شێوەکانی تری سیرامیک جیابکاتەوە. | تێگەیشتن |
| ١٢ | کارێکی سیرامیکی شێوە مێژویی دروست بکات. | پێکهێنان |
| ١٣ | سیرامیک بناسێتەوە لەڕووی مێژوییەوە. | تێگەیشتن |
| ١٤ | چەند کارێکی سیرامیکی شێوە مێژوویی بزانێت بە نمونەوە. | یادکردنەوە |
| ١٥ | پێناسەی سیرامیکی شێوە ڕووەکی بکات. | یادکردنەوە |
| ١٦ | فۆرمی سیرامیکی شێوە ڕووەکی لە فۆرمەکانی تری سیرامیک جیابکاتەوە. | تێگەیشتن |
| ١٧ | کارێکی سیرامیکی شێوە ڕووەکی دروست بکات. | پێکهێنان |
| ١٨ | هونەرمەندی سیرامیکی شێوە ڕووەکی بناسێت لەگەڵ نمونەی کارێکیدا. | یادکردنەوە |
| ١٩ | لە کارێکی سیرامیکی شێوە ڕووەکی تێبگات لەڕووی تایبەتمەندی و فۆڕمەوە. | تێگەیشتن |
| ٢٠ | پێناسەی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی بکات. | یادکردنەوە |
| ٢١ | فۆرمی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی لە فۆرمەکانی تری سیرامیک جیابکاتەوە. | تێگەیشتن |
| ٢٢ | کارێکی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی دروست بکات. | پێکهێنان |
| ٢٣ | هونەرمەندی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی بناسێت لەگەڵ نمونەی کارێکیدا. | یادکردنەوە |
| ٢٤ | باس لە تایبەتمەندیەکانی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی بکات. | تێگەیشتن |
| ٢٥ | پێناسەی دیواربەندی سیرامیکی بکات. | یادکردنەوە |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٦ | سیرامیکی دیواربەندی باش لە سیرامیکی دیواربەندی خراپ جیابکاتەوە. | تێگەیشتن |
| ٢٧ | هونەرمەندی سیرامیکی دیواربەند بناسێت لەگەڵ نمونەی کارێکیدا. | یادکردنەوە |
| ٢٨ | تایبەتمەندیەکانی کارێکی سیرامیکی دیواربەند بزانێت. | تێگەیشتن |
| ٢٩ | کارێکی دیواربەندی سیرامیکی دروست بکات. | پێکهێنان |
| ٣٠ | پێناسەی سیرامیکی شێوە تەعبیری بکات. | یادکردنەوە |
| ٣١ | فۆرمی سیرامیکی شێوە تەعبیری لە فۆرمەکانی تری سیرامیک جیابکاتەوە. | تێگەیشتن |
| ٣٢ | کارێکی سیرامیکی شێوە تەعبیری دروست بکات. | پێکهێنان |
| ٣٣ | هونەرمەندی سیرامیکی شێوە تەعبیری بناسێت لەگەڵ نمونەی کارێکیدا. | یادکردنەوە |
| ٣٤ | پێناسەی سیرامیکی سەربەست بکات. | یادکردنەوە |
| ٣٥ | فۆرمی سیرامیکی سەربەست لە فۆرمەکانی تری سیرامیک جیابکاتەوە. | تێگەیشتن |
| ٣٦ | هونەرمەندی سیرامیکی سەربەست بناسێت لەگەڵ نمونەی کارێکیدا. | یادکردنەوە |
| ٣٧ | خوێندنەوە بۆ کارە سیرامیکیە سەربەستەکان بکات. | تێگەیشتن |
| ٣٨ | کارێکی سیرامیکی سەربەست دروست بکات. | پێکهێنان |

# پاشکۆی (٥)

## ڕاپرسی بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی وانەی داڕشتنی سیرامیک / قۆناغی چوار

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی پەروەردەی هونەر

**ڕاوەرگرتنی پسپۆڕان**

بەڕێز:

سڵاوی زانست . . .

توێژەر، خوێندکاری (خوێندنی باڵا – ماستەر) ە لە بەشی (پەروەردەی هونەری)، هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی (**دیزاینی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی بابەتی داڕشتنی سیرامیک لای خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ**) بە ئامانجی ئامادەکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری بۆ خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان، لە بابەتەکانی (**ڕەگەزەکانی داڕشتن – دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی – دروستکردنی سیرامیکی شێوە مێژوویی – دروستکردنی سیرامیکی شێوە ڕووەکی – دروستکردنی سیرامیکی شێوە گیانەوەری – دروستکردنی سیرامیکی دیواربەند – دروستکردنی سیرامیکی شێوە تەعبیری – دروستکردنی سیرامیکی کاری سەربەست**)، داواکارم لە بەڕێزتان بفەرموون بە سەرنج و تێبینیتان لەسەر شیاوی و نەشیاوی (**ناوەڕۆکی بابەتەکانی**) بەرنامەکە ، ڕادەی زانستیبوونی بڕگەکانی ڕاپرسیەکە بەندە بە پێشنیارە سەنگینەکانی بەڕێزتانەوە، بۆیە توێژەر لەپای ماندوبونتان سوپاس و پێزانینی هەیە.

**هاوکاریتان جێگەی سوپاس و پێزانینە**

ناوی پسپۆر . . . . . . . . . . . . . . . . . .    پلەی زانستی: . . . . . . . . . . . . . . . . .

بڕوانامە: . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .    پسپۆری گشتی / پسپۆری وورد . . . . . . . .

توێژەر    سەرپەرشتیار

شوان محمود احمد    پ.د. جواد نعمت حسین

## پاشکۆی (٦)

## ڕاپرسی بۆ تاقیکردنەوەکانی پێشەکی و پاشەکی بابەتەکانی وانەی دارشتنی سیرامیک / قۆناغی چوار

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی پەروەردەی هونەر

**ڕاوەرگرتنی پسپۆڕان**

بەڕێز:

سڵاوی زانست . . .

توێژەر، خوێندکاری (خوێندنی باڵا – ماستەر) ە لە بەشی (پەروەردەی هونەری)، هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی (**دیزاینی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی بابەتی دارشتنی سیرامیک لای خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ**) بە ئامانجی ئامادەکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری بۆ خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان، لە بابەتەکانی (**ڕەگەزەکانی دارشتن – دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی – دروستکردنی سیرامیکی شێوە مێژوویی – دروستکردنی سیرامیکی شێوە ڕووەکی – دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی – دروستکردنی سیرامیکی دیواربەند – دروستکردنی سیرامیکی شێوە تەعبیری – دروستکردنی سیرامیکی کاری سەربەست**)، داواکارم لە بەڕێزتان بفەرموون بە سەرنج و تێبینیتان لەسەر شیاوی و نەشیاوی (**تاقیکردنەوەکانی پێشەکی و پاشەکی بابەتەکانی**) بەرنامەکە ، ڕادەی زانستیبوونی برگەکانی ڕاپرسیەکە بەندە بە پێشنیارە سەنگینەکانی بەڕێزتانەوە، بۆیە توێژەر لەپای ماندوبونتان سوپاس و پێزانینی هەیە.

**هاوکاریتان جێگەی سوپاس و پێزانینە**

ناوی پسپۆر . . . . . . . . . . . . . . . . . .    پلەی زانستی: . . . . . . . . . . . . . . . .

بڕوانامە: . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .    پسپۆری گشتی / پسپۆری وورد . . . . . . . .

توێژەر    سەرپەرشتیار

شوان محمود احمد    پ.د. جواد نعمت حسین

## تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی تیۆری بەرنامەکە

**پرسیاری یەکەم:**ڕاست و هەڵەی ئەمانە دیاری بکە.

١. دیواربەند (Mural) دەگەڕێتەوە سەر وشەی لاتین (Murus) کە بە واتای دیوار دێت.
٢. نوسراوەکانی داستانی گلگامیش پێکهاتوە لە ١٠ پارچەی تەواونەکراو بە زمانی سۆمەری نوسراوە لەسەر قوڕی سورەوەکراو.
٣. ڕەگەزەکانی داڕشتن بریتین لە (خاڵ، هێڵ، شێوە، ساو).
٤. (بۆدل مانز) یەکێکە لە هونەرمەندە سیرامیکیەکان، کە کار لەسەر سیرامیکی شێوە ئەندازەیی دەکات.
٥. سیرامیکی شێوە ئەندازەیی بە واتای فۆڕمە چوارگۆشەکان دێت.
٦. هەرکاتێک مادەی قوڕ پرۆسەی سورکردنەوەی بەسەردا هات دەتوانرێت بخرێتە خانەی بواری سیرامیکەوە.
٧. کارکردن لەسەر فۆڕمی شێوە ئاژەڵی مێژوویەکی تاەی هەیە.
٨. سیرامیکی شێوە ئەندازەیی بەو پرۆسە ئازادە دەوترێت کە لە کارە سیرامیکیەکاندا ئەنجام دەدرێت بەهۆی بیرۆکە و ئەزموونی نوێوە لەلایەن هونەرمەندەوە دائەڕێژرێت.

**پرسیاری دووەم:** ئەم بۆشاییانە پڕبکەرەو.

١. زاراوەی مینیماڵ کە بۆ یەکەمینجار لەلایەن ............................. بەکارهات لە (١٩٦١) بۆ ئەو کارە هونەریانەی کە تا ئەوپەڕی لەڕووی پێکهاتە و میدیەمەوە سادەکراونەتەوە.
٢. زێمیر پیڵد لە کارەکانیدا گرنگی بە ....................................... دەدات.
٣. روبەری ساف و زبر بە ررەگەزی ...................................... دەوترێت.
٤. شێوە دوو ڕەهەندە، بەڵام فۆڕم ...................................... ڕەهەندە.
٥. کاتێک کێشانی فۆڕمی ئاژەڵ لەسەر ڕوتەختێکی سیرامیکی دەکرێت پێی دەوترێت ............
٦. خوان میرۆ دوو دیواربەندی شوشەکراو دروست دەکات بۆ بینای یونسکۆ لەشاری پاریس لەژێر ناوەکانی (دیواری مانگ) و ........................... .
٧. جوڵەی خاڵ بە ئاراستەیەک یان کۆمەڵێک خاڵ ..................... پێکدەهێنن.

# پاشکۆی (٧)

## ڕاپرسی بۆ ڕێگاکانی وانەوتنەوەی بابەتەکانی وانەی دارِشتنی سیرامیک / قۆناغی چوار

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی پەروەردەی هونەر

### ڕاوەرگرتنی پسپۆڕان

بەڕێز:

سڵاوی زانست . . .

توێژەر، خوێندکاری (خوێندنی باڵا – ماستەر) ە لە بەشی (پەروەردەی هونەری)، هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی (**دیزاینی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی بابەتی دارِشتنی سیرامیک لای خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ**) بە ئامانجی ئامادەکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری بۆ خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان، لە بابەتەکانی (**ڕەگەزەکانی دارِشتن – دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی – دروستکردنی سیرامیکی شێوە مێژوویی – دروستکردنی سیرامیکی شێوە ڕووەکی – دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی – دروستکردنی سیرامیکی دیواربەند – دروستکردنی سیرامیکی شێوە تەعبیری – دروستکردنی سیرامیکی کاری سەربەست**)، داواکارم لە بەڕێزتان بفەرموون بە سەرنج و تێبینیتان لەسەر شیاوی و نەشیاوی (**ڕێگاکانی وانەوتنەوەی بابەتەکانی**) بەرنامەکە ، ڕادەی زانستیبوونی برگەکانی ڕاپرسیەکە بەندە بە پێشنیارە سەنگینەکانی بەڕێزتانەوە، بۆیە توێژەر لەپای ماندوبونتان سوپاس و پێزانینی هەیە.

**هاوکاریتان جێگەی سوپاس و پێزانینە**

ناوی پسپۆر . . . . . . . . . . . . . . . . . .　　　　پلەی زانستی: . . . . . . . . . . . . . . . . .

بڕوانامە: . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .　　　　پسپۆری گشتی / پسپۆری وورد . . . . . . . .

توێژەر　　　　سەرپەرشتیار

شوان محمود احمد　　　　پ.د. جواد نعمت حسین

| ژ | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | شیاو | نەشیاو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕێگای وانەبێژی | | | |
| ٢ | ڕێگای هەڵێنجان | | | |
| ٣ | ڕێگای ئیستقرائی | | | |
| ٤ | ڕێگای ڤیدیۆ | | | |
| ٥ | ڕێگای بەڵگەو دۆکیومێنت | | | |
| ٦ | ڕێگای گەشتی زانستی | | | |
| ٧ | ڕێگای گەردەلولی مێشک | | | |

# پاشکۆی (٨)

## ڕاپرسی بۆ دیاریکردنی کاتی پێویستی بابەتەکانی وانەی دارشتنی سیرامیک / قۆناغی چوار

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی پەروەردەی هونەر

## ڕاوەرگرتنی پسپۆران

بەڕێز:

سڵاوی زانست . . .

توێژەر، خوێندکاری (خوێندنی باڵا – ماستەر) ە لە بەشی (پەروەردەی هونەری)، هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی (**دیزاینی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی بابەتی دارشتنی سیرامیک لای خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ**) بە ئامانجی ئامادەکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری بۆ خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان، لە بابەتەکانی (**ڕەگەزەکانی دارشتن – دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی – دروستکردنی سیرامیکی شێوە مێژوویی – دروستکردنی سیرامیکی شێوە ڕووەکی – دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی – دروستکردنی سیرامیکی دیواربەند – دروستکردنی سیرامیکی شێوە تەعبیری – دروستکردنی سیرامیکی کاری سەربەست**)، داواکارم لە بەڕێزتان بفەرموون بە سەرنج و تێبینیتان لەسەر شیاوی و نەشیاوی (**کاتی دیاریکراوی**) بەرنامەکە ، ڕادەی زانستیبوونی برگەکانی ڕاپرسیەکە بەندە بە پێشنیارەکانی بەڕێزتانەوە، بۆیە توێژەر لەپای ماندوبونتان سوپاس و پێزانینی هەیە.

**هاوکاریتان جێگەی سوپاس و پێزانینە**

ناوی پسپۆر . . . . . . . . . . . . . . . . . .

پلەی زانستی: . . . . . . . . . . . . . . . . .

بڕوانامە: . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

پسپۆری گشتی / پسپۆری وورد . . . . . . .

توێژەر

شوان محمود احمد

سەرپەرشتیار

پ.د. جواد نعمت حسین

**ڕێکخستنی کات:** سێ هەفتە.

تێبینی/ لە هەفتەیەکدا (١٠) بەشە وانە دەخوێنرێت لە ماوەی دوو ڕۆژدا، هەر وانەیەک پێکهاتووە لە (٤٥) خولەک و (١٥) خولەک پشووە،(٤٥٠) خولەک بۆ هەفتەیەک. ٤٥٠× ٣= ١٣٥٠ .

| بەشە وانە | بڕگە | کات |
|---|---|---|
| تیۆری | پێشەکی | ٥ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن لەڕوی تیۆریەوە (تاقیکردنەوەی پێشەکی) | ٥ خولەک |
| | خستنەڕووی بابەت | ٦٠ خولەک |
| | کورتە | ٥ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن لەڕوی تیۆریەوە (تاقیکردنەوەی پاشەکی) | ١٥خولەک |
| | تێکڕای کاتی تیۆری | ٩٠ خولەک |
| پراکتیکی | پێشەکی | ٥ خولەک |
| | پیشاندانی کاری هونەری هونەرمەندان و شیکردنەوەی کارەکانیان. | ٤٠ خولەک |
| | پیشاندانی (CD) ڤیدیۆی فێرکاری | ٤٥ خولەک |
| | جێبەجێکردن (کاری خوێندکاران). | ١١٤٠خولەک |
| | هەڵسەنگاندن | ٣٠ خولەک |
| | کۆی گشتی کات | ١٣٥٠ خولەک |

## پاشکۆی (٩)

## ڕاپرسی بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی وانەی دارشتنی سیرامیک / قۆناغی چوار

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی پەروەردەی هونەر

### ڕاوەرگرتنی پسپۆڕان

بەڕێز :

سڵاوی زانست . . .

توێژەر، خوێندکاری (خوێندنی باڵا – ماستەر) ە لە بەشی (پەروەردەی هونەری)، هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی **(دیزاینی بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتوییەکانی بابەتی دارشتنی سیرامیک لای خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ)** بە ئامانجی ئامادەکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری بۆ خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان، لە بابەتەکانی **(ڕەگەزەکانی دارشتن – دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی - دروستکردنی سیرامیکی شێوە مێژوویی - دروستکردنی سیرامیکی شێوە ڕووەکی - دروستکردنی سیرامیکی شێوە گیانەوەری - دروستکردنی سیرامیکی دیواربەند - دروستکردنی سیرامیکی شێوە تەعبیری - دروستکردنی سیرامیکی کاری سەربەست)**، داواکارم لە بەڕێزتان بفەرموون بە سەرنج و تێبینیتان لەسەر شیاوی و نەشیاوی بەرنامەکە لەسەر بابەتەکانی **(ڕێنمایی بۆ مامۆستا، شێوازی دیزاینی بەرنامەکە، تاقیکردنەوەی پێشەکی، تاقیکردنەوەی پاشەکی، ڕێکخستنی ناوەڕۆکی وانەکانی بەرنامەکە، ڕێگاکانی وانە وتنەوە، هۆیەکانی فێرکردن)** بەرنامەکە ، ڕادەی زانستیبوونی برگەکانی ڕاپرسیەکە بەندە بە پێشنیارە سەنگینەکانی بەڕێزتانەوە، بۆیە توێژەر لەپای ماندوبونتان سوپاس و پێزانینی هەیە.

**هاوکاریتان جێگەی سوپاس و پێزانینە**

ناوی پسپۆر . . . . . . . . . . . . . . . . . . پلەی زانستی . . . . . . . . . . . . . . . . . :

بڕوانامە: . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . پسپۆری گشتی / پسپۆری وورد. . . . . . .

توێژەر سەرپەرشتیار

شوان محمود احمد پ.د. جواد نعمت حسین

پاشكۆی (١٠)

# بەرنامەی فێركاری

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی پەروەردەی هونەر

# بەرنامەیەکی فێرکاری پێشنیارکراو بۆ گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی چەمچەماڵ لە بابەتی دارشتنی سیرامیک

بابەت: وانەی داڕشتن

قۆناغ : چوارەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکان

**ئامادەکردنی**

شوان محمود أحمد

**بەسەرپەرشتی**

پ.د. جواد نعمت حسين

## پێرستی ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە | وانە |
| --- | --- | --- |
| پێرستی ناوەڕۆک. | ١٠٨ | |
| ڕێنمایی مامۆستا | ١٠٩ | |
| تاقیکردنەوەی پێشەکی تیۆری و پراکتیکی بەرنامەکە | ١١٢ | |
| وەڵامی نمونەیی تاقیکردنەوەی پێشەکی بەرنامەکە | ١١٣ | |
| ڕەگەزەکانی داڕشتن | ١١٤ | یەکەم |
| دروستکردنی فۆرمی شێوە ئەندازەیی | ١٢١ | دووەم |
| دروستکردنی فۆرمی شێوە مێژویی | ١٢٨ | سێیەم |
| دروستکردنی فۆرمی شێوە ڕووەکی | ١٣٤ | چوارەم |
| دروستکردنی فۆرمی شێوە ئاژەڵی | ١٤٠ | پێنجەم |
| دروستکردنی فۆرمی دیواربەند | ١٤٦ | شەشەم |
| دروستکردنی فۆرمی شێوە تەعبیری | ١٥٢ | حەوتەم |
| دروستکردنی کاری سەربەست | ١٥٨ | هەشتەم |
| تاقیکردنەوەی پاشەکی تیۆری و پراکتیکی بەرنامەکە | ١٦٥ | |
| وەڵامی نمونەیی تاقیکردنەوەی پاشەکی بەرنامەکە | ١٦٦ | |
| سەرچاوەکان | ١٦٧ | |

# ڕێنمایی مامۆستا

مامۆستای بەڕێز ئەم بەرنامەیە تایبەتە بە وانەی سیرامیکی قۆناغی چوار لە بابەتی (داڕشتن)، کە لە بەرنامەکەدا کار لەسەر هونەری سیرامیک کراوە بەشێوەیەکی هاوچەرخ لەسەر بابەتەکانی (ڕەگەزەکانی داڕشتن، دروستکردنی فۆرمی شێوە ئەندازەیی، دروستکردنی فۆرمی شێوە مێژویی، دروستکردنی فۆرمی شێوە ڕووەکی، دروستکردنی فۆرمی شێوە گیانەوەری، دروستکردنی فۆرمی دیواربەند، دروستکردنی فۆرمی شێوە تەعبیری، دروستکردنی کاری سەربەست). کەسەرجەم بابەتەکان بەشێوەیەکی ڕوون ئاماژەی پێکراوە لەگەڵ نمونەی کاری هونەرمەندان،

لەکاتی بەکارهێنانی بەرنامەکەدا ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت َپێویستە:

١. ئامانجە فێرکاریە گشتیەکان و ئامانجە ڕەفتاریەکان ئاماژەیان پێدراوە کار بکرێت لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکاندا.
٢. پەیوەست بوون بە ڕێگای وانە ووتنەوەی دیایکراوە.
٣. سەرجەم هۆکارەکانی فێرکردن و پێداویستیەکان دیاریکراوە تایبەت بە هەر وانەیەک.
٤. تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بۆ هەر وانەیەک لەڕووی تیۆری و پراکتیکیەوە.
٥. پەیوەست بون بەکاتی دیایکراوەوە لە ڕووی ووتنەوەی وانە و ئەنجامدانی لایەنی پراکتیکی خوێندکاران و هەڵسەنگاندنەکان بۆ هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی.
٦. (CD) تایبەت بە وانە فێرکاریەکان ئامادەکراوە پێویستە لە کۆتایی بابەتە تیۆریەکاندا پیشانی خوێندکاران بدرێت تاکو کارامەییان لە وانەکەدا پتەوتر بێت.

## تاقیکردنەوەی پێشەکی تیۆری بەرنامەکە

**پرسیاری یەکەم:**ڕاست و هەڵەی ئەمانە دیاری بکە.

١. دیواربەند (Mural) دەگەڕێتەوە سەر وشەی لاتین (Murus) کە بە واتای دیوار دێت.
٢. نوسراوەکانی داستانی گلگامیش پێکهاتوە لە ١٠ پارچەی تەواونەکراو بە زمانی سۆمەری نوسراوە لەسەر قوڕی سورەوەکراو.
٣. ڕەگەزەکانی داڕشتن بریتین لە (خاڵ، هێڵ، شێوە، ساو).
٤. (بۆدل مانز) یەکێکە لە هونەرمەندە سیرامیکیەکان، کە کار لەسەر سیرامیکی شێوە ئەندازەیی دەکات.
٥. سیرامیکی شێوە ئەندازەیی بە واتای فۆڕمە چوارگۆشەکان دێت.
٦. هەرکاتێک مادەی قوڕ پرۆسەی سورکردنەوەی بەسەردا هات دەتوانرێت بخرێتە خانەی بواری سیرامیکەوە.
٧. کارکردن لەسەر فۆڕمی شێوە ئاژەڵی مێژوویەکی تازەی هەیە.
٨. سیرامیکی شێوە ئەندازەیی بەو پرۆسە ئازادە دەوترێت کە لە کارە سیرامیکیەکاندا ئەنجام دەدرێت بەهۆی بیرۆکە و ئەزموونی نوێوە لەلایەن هونەرمەندەوە دائەڕێژرێت.

**پرسیاری دووەم:** ئەم بۆشاییانە پڕبکەرەو.

١. زاراوەی مینیماڵ کە بۆ یەکەمینجار لەلایەن ............................ بەکارهات لە (١٩٦١) بۆ ئەو کارە هونەریانەی کە تا ئەوپەڕی لەڕووی پێکهاتە و میدیەمەوە سادەکراونەتەوە.
٢. زێمیر پێڵد لە کارەکانیدا گرنگی بە ........................................ دەدات.
٣. روبەری ساف و زبر بە ڕرەگەزی ........................................ دەوترێت.
٤. شێوە دوو ڕەهەندە، بەڵام فۆڕم ........................................ ڕەهەندە.
٥. کاتێک کێشانی فۆڕمی ئاژەڵ لەسەر ڕوتەختێکی سیرامیکی دەکرێت پێی دەوترێت ...........
٦. خوان میرۆ دوو دیواربەندی شوشەکراو دروست دەکات بۆ بینای یونسکۆ لەشاری پاریس لەژێر ناوەکانی (دیواری مانگ) و ............................ .
٧. جوڵەی خاڵ بە ئاراستەیەک یان کۆمەڵێک خاڵ .................... پێکدەهێنن.

**تاقیکردنەوەی پێشەکی پراکتیکی بەرنامەکە:**

کارێکی سیرامیکی بە یەکێک لەم فۆڕمە سیرامیکیانە ئەنجام بدە (ئەندازەیی، مێژویی، ڕووەکی، گیانەوەری، دیواربەند، تەعبیری، سەربەست)

## وەڵامی نمونەیی تاقیکردنەوەی پێشەکی بەرنامەکە

پرسیاری یەکەم:

١. /

٢. ×   (١٢) پارچە.

٣. ×   خاڵ، هێڵ، شێوە، ساو، ڕەنگ، سێبەر و ڕوناکی.

٤. /

٥. ×   سەرجەم ئەو فۆڕمانەی کە شێوە ئەندازەییەکانی تێدایە.

٦. /

٧. ×   مێژوویەکی کۆنی هەیە.

٨. ×   کاری سەربەست.

پرسیاری دووەم:

١) ڕیچارد ویلهم.

٢) شکاندن و دروستکردنەوە.

٣) ساو.

٤) سێ ڕەهەند.

٥) سیرامیکی شێوە ئاژەڵی.

٦) دیواری خۆر.

٧) هێڵ.

# وانەی یەکەم

## ڕەگەزەکانی دارشتن

**ئامانجە فێرکاریە گشتیەکان:**

١. ئاشناکردنی خويَندکاران بە ڕەگەزەکانی دارشتن لە بواری سیرامیکدا.
٢. خولقاندنی حەزو ئارەزوو لای خويَندکاران بەرامبەر دارشتن.
٣. راهيَنانی خويَندکاران لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی دارشتن بەشێوازی پراکتیکی.

**ئامانجە ڕەفتاریەکان:**

پێویستە خوێندکار لەکۆتایی وانەکەدا بتوانێت:

١. ڕەگەزەکانی دارشتنی سیرامیک بەباشی ڕونبکاتەوە.
٢. جیاوازی لەنێوان سەرجەم ڕەگەزەکانی سیرامیکدا بکات.
٣. ڕەگەزەکانی دارشتن لە کاری هونەری سیرامیکدا جێبەجێ بکات.
٤. خاڵ و هێڵ و شێوە و ساو و ڕەنگ و سێبەر و ڕوناکی پێناسە بکات.

**ڕێکخستنی کات:** دوو هەفتە.

تێبینی/ لە هەفتەیەکدا (١٠) بەشە وانە دەخوێنرێت لە ماوەی دوو ڕۆژدا، هەر وانەیەک پێکهاتووە لە (٤٥) خولەک و (١٥) خولەک پشووە،(٤٥٠) خولەک بۆ هەفتەیەک. ٤٥٠× ٢= ٩٠٠ .

| بەشە وانە | بڕگە | کات |
|---|---|---|
| تیۆری | پێشەکی | ٥ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن لەڕوی تیۆریەوە (تاقیکردنەوەی پێشەکی) | ٥ خولەک |
| | خستنەڕووی بابەت | ٦٠ خولەک |
| | کورتە | ٥ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن لەڕوی تیۆریەوە (تاقیکردنەوەی پاشەکی) | ١٥ خولەک |
| | تێکڕای کاتی تیۆری | ٩٠خولەک |
| پراکتیکی | پێشەکی | ٥ خولەک |
| | پیشاندانی کاری هونەری هونەرمەندان و شیکردنەوەی کارەکانیان. | ٤٠ خولەک |
| | پیشاندانی(CD)ڤیدیۆی فێرکاری | ٤٥ خولەک |
| | جێبەجێکردن(کاری خويَندکاران) | ٦٩٠ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن | ٣٠ خولەک |
| | کۆی گشتی کات | ٩٠٠ خولەک |

**چالاکی:** ١. پێشاندانی وێنەی بابەتەکان لەناو بەرنامەکەدا.

٢. پێشنیارکردنی کتێبی ڕەگەزەکانی دارشتن، علی جۆلا، بۆ خوێندکاران.

٣.پیشاندانی سایتی https://www.almrsal.com/post/٩٣٢٣٠٧

**ڕێگاکانی وانەووتنەوە:**

١. ڕێگای وانەبێژی.
٢. ڕێگای هەڵێنجان.
٣. ڕێگای ئیستقرائی.

**پێداویستیەکان:**

١. لاپتۆپ.
٢. داتاشۆو.
٣. گڵی سیرامیک.
٤. ئالەتی سیرامیک.

**تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ وانەی یەکەم**

**پرسیار:** ڕەگەزەکانی داڕشتن بژمێرە و باسی سیانیان بکە؟

**وەڵامی نمونەیی:**

١. خاڵ.
٢. هێڵ.
٣. شێوە.
٤. ساو.
٥. ڕەنگ.
٦. سێبەر و ڕوناکی.

**خاڵ:** بریتییە لەسەرەتای دروستکردنێک کە بچوکترین بەشە، نەڕووبەر و نەڕەهەندی ئەندازیاری نییە. بەڵکو دەستپێکی هێڵە، کە لە بابەتی سیرامیکدا سودی لێدەبینین بۆ کێشانی سکێچی فۆرمەکان لەسەر کاخەز، یاخو لەسەر ڕووکاری قوڕ سودی لێدابینین وەک دەستپێکی هەر نەخشێک لەسەر ڕوکارەکە، خاڵ هەستیارتین بەشە لەنێو ڕەگەزەکانی داڕشتندا وە کۆنترین توخمی ناسراوە بە مرۆڤ.

**ساو:** بریتیە لەساوی ڕوکار، هەروەک چۆن بینین هەستی پێدەکات بۆ ڕووکاری شتەکان، کە گرنگترین بەشە لەسەر ڕوکاری گۆزەگەری، یاخود بریتیە لە دەربڕینێک بەرامبەر ئەو ڕوبەرانەی لەبەرهەمێکا کۆئەبنەوە لەڕوی ساف و زبرەوە، هەر ڕوبەرێک لەپانتاییەکی تایبەتی خۆیدا لەڕوی ساوەوە جیاوازا، بە دەست لێدان و بینین دەتوانین هەست بە ڕووتەختەکەی بکەین.


**ڕەنگ:** بریتیە لە شەپۆلەکانی ڕوناکی کە بەچاو دەبینرێن، هەر بۆیە هەڵچونێکە ڕوو دەدات لەچاودا،لەڕێگای تیشکی شیکراوەی ڕووناکی یان ڕەنگدانەوەی دیار لەسەر ڕوکار کە دابەشدەکرێت بۆ ڕەنگی سەرەکی (سور-زەرد-شین)، وە ڕەنگی لاوەکی (پرتەقاڵی - بنەوشەیی - سەوز)، ڕەنگ لەو پێکهاتە گرنگانەیە پێویستە بەبایەخەوە هونەرمەند سەیری بکات .

## ناوەڕۆکی بابەتی وانەکە

### ڕەگەزەکانی دارِشتن

کاتێک دەڕوانینە کارێکی هونەری شێوەکاری و لێی ووردەبینەوە دەبینین پێکدێت لەچەند ڕەگەزێک، کە سەرجەم ئەو ڕەگەزانە بەژدار دەبن لە دارِشتنی کاری هونەریدا لەلایەن هونەرمەندەوە پشتی پێدەبەسرێت تاوەکو کارەکەی پێ ئەنجامبدات، هەر بۆیە هونەری سیرامیکیش پشت بە سەرجەم ئەو ڕەگەزانە ئەبەستێت لەپێناو دروستکردنی کوتلەیەکی باش لە بابەتەکانی سیرامیکی (فوخار، دارِشتن، دیواربەند، سەربەست، ......) کە ئەو ڕەگەزانەش پێکدێن لە (خاڵ، هێڵ، شێوە، قەبارە، ساو، ڕەنگ، ڕوناکی) هەریەک لەم ڕەگەزانە بەهای خۆی هەیە لەناو کارە هونەریەکەدا.

١. **خاڵ:** بریتییە لەسەرەتای دروستکردنێک کە بچوکترین بەشە، نەڕووبەر و نەڕەهەندی ئەندازیاری نییە. بەڵکو دەستپێکی هێڵە، کە لە بابەتی سیرامیکدا سودی لێدەبینین بۆ کێشانی سکێچی فۆرمەکان لەسەر کاغەز، یاخو لەسەر ڕووکاری قوڕ سودی لێدەبینرێت وەک دەستپێکی هەر نەخشێک لەسەر ڕوکارەکە، خاڵ هەستیارترین بەشە لەنێو ڕەگەزەکانی دارِشتندا وە کۆنترین توخمی ناسراوە بە مرۆڤ. وێنەی ژمارە ٢،١.




وێنەی ژمارە ١ (خاڵ)



وێنەی ژمارە ٢ (گۆزەگەری حلف، شارستانیەتی نێوان دوو ڕوبار)

٢. **هێڵ:**بریتیە لە جوڵەی خاڵ بەئاراستەیەک یان کۆمەڵێک خاڵ کە هێڵێک پێکدەهێنن، جۆرەکانی بریتین لە (ڕاست، شکاو، پێچاوپێچ، چەماوە، داخراو). هونەرمەند بۆ دەربرینی ئەو بابەتەی هەیەتی بە هێڵ ئاماژەی پێدەکات کە جیاوازن لە دەربڕینی هەستەکانیانا وەک وێنەی ژمارە٤,٣.




وێنەی ژمارە ٣ (هێڵ)



وێنەی ژمارە ٤ (گۆزەگەری تەل حسونە)

**٣. شێوە:** بریتیە لە ڕووبەرێکی ناوخۆیی بۆ بەیەکگەیشتنی هێڵەکان لەگەڵ یەکتریدا، چوارچێوەی دارشتنی بیرۆکەی هونەرمەندە. شێوە دەربڕینی تایبەتی هەیە و مانای جیا جیا دەگەیەنێت وەک(سوریالی، تەعبیری، ڕەمزی). وێنەی ژمارە ٦,٥.




وێنەی ژمارە ٥ (شێوە)



وێنەی ژمارە ٦ (گۆزەگەری قۆناغی سۆمەری)

**ساو:** بریتیە لەساوی ڕوکار، هەروەک چۆن بینین هەستی پێدەکات بۆ ڕووکاری شتەکان، کە گرنگترین بەشە لەسەر ڕوکاری گۆزەگەری، یاخود بریتیە لە دەربڕینێک بەرامبەر ئەو ڕوبەرانەی لەبەرهەمێکا کۆئەبنەوە لەڕوی ساف و زبرەوە، هەر ڕوبەرێک لەپانتاییەکی تایبەتی خۆیدا لەڕوی ساوەوە جیاوازا، بە دەست لێدان و بینین دەتوانین هەست بە ڕووتەختەکەی بکەین. وێنەی ژمارە ٨،٧.



وێنەی ژمارە ٧ (ساو)



وێنەی ژمارە ٨ (گۆزەگەری تل حسونة)

٥. **ڕەنگ:** بریتیە لە شەپۆلەکانی ڕوناکی کە بەچاو دەبینرێن، هەر بۆیە هەڵچونێکە ڕوو دەدات لەچاودا،لەڕێگای تیشکی شیکراوەی ڕووناکی یان ڕەنگدانەوەی دیار لەسەر ڕوکار کە دابەشدەکرێت بۆ ڕەنگی سەرەکی (سور-زەرد-شین)، وە ڕەنگی لاوەکی (پرتەقاڵی - بنەوشەیی - سەوز)، ڕەنگ لەو پێکهاتە گرنگانەیە پێویستە بەبایەخەوە هونەرمەند سەیری بکات .




وێنەی ژمارە ٩ (ڕەنگ)



وێنەی ژمارە ١٠ (ڕەنگ لەسەر گۆزە)

٦. **سێبەر و ڕووناکی:** ڕوناکی ڕەگەزی کراوەیە، سێبەر پێچەوانەکەیەتی، لە بەرهەمی هونەریدا سێبەری تەواو تاریک پەسەند نیە، بۆ دەرخستنی فۆرمەکە تاریکی و ڕوناکی بەکار دەهێنرێت، کاتێک ڕوبەرە تاریکەکان لەگەڵ ڕوبەرە ڕوناکەکان بە هێڵ جیا ئەبێتەوە ئەوا کۆنتراست دروست ئەکات. وێنەی ژمارە ١١.



وێنەی ژمارە ١١ (سێبەر و ڕوناکی)



وێنەی ژمارە ١٢ (سێبەر و ڕوناکی لەسەر گۆزە)

**تاقیکردنەوەی پاشەکی**

**پرسیاری یەکەم:** ڕەگەزەکانی دارشتن بژمێرە و باسیان بکە؟

**پرسیاری دووەم:** لەسەر پارچەیەک لە فەرشی قورین سەرجەم ڕەگەزاکانی دارشتنی سیرامیک جێبەجێ بکە؟

# وانەی دووەم

## دروستکردنی فۆرمی شێوە ئەندازەیی

**ئامانجە فێرکاریە گشتیەکان:**

١. ئاشناکردنی خوێندکاران بە فۆرمە شێوە ئەندازەییە سیرامیکیەکان.
٢. هانی خوێندکاران بدرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر سیرامیکی شێوە ئەندازەیی.
٣. ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی سیرامیکی فۆرمی شێوە ئەندازەیی.

**ئامانجە ڕەفتاریەکان:**

پێویستە خوێندکار لەکۆتایی وانەکەدا بتوانێت:

١. پێناسەی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی بە ووردی بکات.
٢. سیرامیکی ئەندازەیی لە فۆرمەکانی تری سیرامیک جیابکاتەوە.
٣. کارێکی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی دروست بکات.
٤. هونەرمەندانی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی بناسێت.
٥. بەشێوازی مینیماڵ سیرامیکی شێوە ئەندازەیی بکات.

**ڕێکخستنی کات:** سێ هەفتە.

تێبینی/ لە هەفتەیەکدا (١٠) بەشە وانە دەخوێنرێت لە ماوەی دوو ڕۆژدا، هەر وانەیەک پێکهاتووە لە (٤٥) خولەک و (١٥) خولەک پشووە،(٤٥٠) خولەک بۆ هەفتەیەک. ٤٥٠× ٣= ١٣٥٠ .

| بەشە وانە | بڕگە | کات |
|---|---|---|
| **تیۆری** | پێشەکی | ٥ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن لەڕوی تیۆریەوە (تاقیکردنەوەی پێشەکی) | ٥ خولەک |
| | خستنەڕووی بابەت | ٦٠ خولەک |
| | کورتە | ٥ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن لەڕوی تیۆریەوە (تاقیکردنەوەی پاشەکی) | ١٥خولەک |
| | تێکڕای کاتی تیۆری | ٩٠ خولەک |
| **پراکتیکی** | پێشەکی | ٥ خولەک |
| | پیشاندانی کاری هونەری هونەرمەندان و شیکردنەوەی کارەکانیان. | ٤٠ خولەک |
| | پیشاندانی (CD) ڤیدیۆی فێرکاری | ٤٥ خولەک |
| | جێبەجێکردن (کاری خوێندکاران). | ١١٤٠خولەک |
| | هەڵسەنگاندن | ٣٠ خولەک |
| | کۆی گشتی کات | ١٣٥٠ خولەک |

**چالاکی:** ١. پیشاندانی وێنەکانی ناو بەرنامە فێرکاریەکە بە خوێندکاران.

٢.پیشاندانی وێنەی قۆناغەکانی دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئەندازەیی.

٣. پیشاندانی ڤیدیۆ لە کەناڵی یوتیوب

Ceramic Review Masterclass: David Binns - YouTube

**ڕێگاکانی وانەووتنەوە:**

١. ڕێگای وانەبێژی.
٢. ڕێگای نمایشی ڤیدیۆ.
٣. ڕێگای ئیستقرائی.

**پێداویستیەکان:**

١. لاپتۆپ.
٢. داتاشۆو.
٣. گڵی سیرامیک.
٤. ئالەتی سیرامیک.

## تاقیکردنەوەی پێشەکی

**پرسیاری یەکەم:** پێناسەی فۆرمی شێوە ئەندازەیی سیرامیکی بکە؟

**پرسیاری دووەم:** جیاوازی بکە لەنێوان فۆرمی ئەندازەیی و تێکسچەری ئەندازەیی؟

**پرسیاری سێیەم:** ئەم بۆشاییانە پڕبکەرەوە.

١. زاراوەی ..................... کە بۆ یەکەمینجار لەلایەن ................... بەکارهات لە (١٩٦١) بۆ ئەو کارە هونەریانەی کە تا ئەوپەڕی لەڕووی پێکهاتە و میدیەمەوە سادەکراونەتەوە.

٢. کارەکانی بۆدل مانز شێوەیان ................ و لە ................ دروستیان دەکات.

٣. شێوە ............ ڕەهەندە، بەڵام فۆرم ............ ڕەهەندە.

**وەڵامی نمونەیی:**

**پرسیاری یەکەم:** سیرامیکی ئەندازەیی ڕەنگە ئەو تەلارانەی کە بە قوڕدروستکراون و سورکراونەتەوە لە هەرنمونەیەکی دیکەی سیرامیکی ئەندازەییتر بێت بە هۆی ئەوەی لێرەدا هونەری سیرامیک خراوەتە خزمەتی بیناسازییەوە کە بە تەواوەتی ئەندازەییە. کە باس لە ئەندازەییبون دەکەین یان لە شێوەدا یان لەفۆڕمدا بەرجەستە دەبێت لە هونەری سیرامیکدا،لێرەدا شێوە و فۆڕمی ئەندازەیی پانتاییەکی دیار و مێژوویان هەیە لە هونەری سیرامیکی نەریتی و هاوچەرخیشدا. لە وادەی مۆدێرندا، سیرامیک تا ڕادەیەک ئازاد دەکرێت لە ڕەگە نەریتیەکانی، وە ڕووخسارێکی نوێی تایبەت بە خۆی وەردەگرێت لە فۆڕم و چەمکیشدا.

**پرسیاری دووەم:** شێوە فۆرمی بەرجەستەکراوە بۆ نمونە: شێوەی چوارگۆشە تێگەیشتنێکی سەرەتایمان لەسەر فۆرمی خشتەک بۆ دروست دەکات، بەڵام تێکسچەر پەیوەستە بە ڕوکاری فۆرمەکەوە.

**پرسیاری سێیەم:**

1 .هونەری مینیماڵ ، ڕیچارد ویلهەیم.

2 .لولەکین ، پۆرسەلین.

3 .دوو ، سێ.

## ناوەڕۆکی بابەتی وانەکە

### فۆرمی شێوە ئەندازەیی

بۆ باسکردن لەسەر سیرامیکی ئەندازەیی ڕەنگە ئەو تەلارانەی کە بە قوڕدروستکراون و سورکراونەتەوە لە هەر نمونەیەکی دیکەی سیرامیکی ئەندازەییتر بێت بە هۆی ئەوەی لێرەدا هونەری سیرامیک خراوەتە خزمەتی بیناسازییەوە کە بە تەواوەتی ئەندازەییە. کە باس لە ئەندازەییبون دەکەین یان لە شێوەدا یان لەفۆڕمدا بەرجەستە دەبێت لە هونەری سیرامیکدا، توێژەر بە گرنگی دەزانێت کە بە هەڵوێستەیەک لەسەر ئەم دوو زاراوەیە دەست پێ بکەین.

کاری هونەریی جگە لە ستایڵ پێویستی بەوەیە کە شێوەی هەبێت، شێوە ناسینەوەیەکی سەرەتایی دروست دەکات چونکە مرۆڤ کۆنسێپتەکانی لە ڕێگەی شێوەی باوەوە هاوبەشی پێ دەکات لەگەڵ بەرامبەرەکەی، لەوانە چوارگۆشە، شێگۆشە، لاکێشە، قوچەک، شێوەی گەڵا،...هتد. وشەی (شێوە) بە بۆچوونی (لۆیسفیچنەر ڕاسوس-Lois Fechner Rathus) بە واتای (فۆڕم) دێت بەڵام لە جیهانی دوو ڕەهەندا. هەندێک جار وشەی فۆڕم بەکار دەهێنرێت بۆ باسکردنی شێوە لە پەیکەر و بیناسازیدا کە کاری هونەریی سێ ڕەهەندن. واتە لێرەدا (شێوە و فۆڕم) هاو واتان، بەڵام یەکەمیان دوو ڕەهەند و ئەوی دیکەیان سێ ڕەهەند.

شێوە و فۆڕم لە پەیوەندیاندا بە کولتوورەوە، لە جێگای ئەوەی ئێستاتیکی بێت، دەکرێت سیمبولی و واتادار بێت. چونکە شێوەکان دەتوانن تێگەیشتنێکی سەرەتایمان لا دروست بکەن لەسەر فۆڕم. واتە شێوەی چوارگۆشە تێگەیشتنێکی سەرەتایمان لەسەر فۆڕمی خشتەک بۆ دروست دەکات.

شێوە جگە لە پیشاندانەوەی دیاردەکانی ناو ڕاستی دەتوانێت بڕواتە ئەودیو شتە بەرجەستەکراوەکان، کە ئەمە زۆر نزیکە لە چەمکی تەجریدکردن، واتە وەرچەرخاندنی شتە واقعیەکان بۆ شتە سیمبولییەکان. بۆ نمونە فۆڕم دەتوانێت پێناسەی کولتووری و نیشتیمانی بکات. بە واتایەکی تر فۆڕم تەنیا بەشێکی فیزیکی نیە و بەس، بەڵکو بەشێکی ناوەکیشی هەیە کە لەگەڵماندا دەدوێت و نادیارە و لە ئەزموونی کۆمەڵگاو تاکەکاندایە.

لێرەدا شێوە ئەندازەیی پانتاییەکی دیار و مێژوویان هەیە لە هونەری سیرامیکی نەریتی و هاوچەرخیشدا. لە وادەی مۆدێرندا، سیرامیک تا ڕادەیەک ئازاد دەکرێت لە ڕەگە نەریتیەکانی، وە ڕووخسارێکی نوێی تایبەت بە خۆی وەردەگرێت لە فۆڕم و چەمکیشدا. یەکێک لەو ڕەوتە هونەریانەی کە کاریگەرییەکی گەورە لەسەر هونەری سیرامیک و بە تایبەت سیرامیکی ئەندازەیی دادەنێت هونەری مینیماڵە.

زاراوەی (هونەری مینیماڵ) کە بۆ یەکەمین جار لە لایەن (ڕیچارد ویلهەیم- Richard Wollheim) بەکارهات لە (١٩٦١) بۆ ئەو کارە هونەریانەی کا تا ئەوپەڕی لە ڕووی پێکهاتە و میدیەمەوە سادەکراونەتەوە. وە بە زۆری سێ ڕەهەندن و پەیکەرین، وە هەر لە شەستەکاندا ئەم زاراوەیە خرایە پاڵ ئەو وێنەکێشانەی کە ڕووی کانڤاسیان تیا سادەکراوەتەوە بۆ پانتاییەکی یەک ڕەنگی. لێرەدا ئەم کارانە لە یەکاتدا هەم سەرکێشی پەیکەر و هەم وێنەکێشانی دەکرد. هەر بۆیە (دۆناڵد جەد-Donald Judd) لە ووتارەکەی خۆیدا بە ناوی (ئۆبجێکتە تایبەتەکان) دەڵێت ئەم کارانە، نە پایکەرن نە وێنەکێشان.

مینیماڵ جۆرێکە لە هونەری تەجرید کە فۆرم و شێوەکان بەئەندازە و سادە دەکاتەوە، وە بیری فۆرمسازی لێرەدا گەیشتە ئەوپەڕی، چونکە لەم هونەرەدا چەمک دەبێتە پێکهاتە و کەرەستە. بۆیە هونەری سیرامیکی لێرەدا لەگەڵ بەها نەریتیەکایدا جارێکی دیکە لە واتای هاوچەرخدا گرنگی دەداتەوە بە کەرەستەکەی خۆی. بە نمونە هونەرمەندی ئیسپانی (ئینریکێ مێستریێ- Enrique Mestre)، کە ناسراوە بە کارە تەجریدە ئەندازەییەکانی بواری سیرامیکی مینیماڵ. مێستریێ لە ڕووی تەکنیکیەوە لەژێر کاریگەری سیرامیکی دێرینی ڕوژهەڵاتیدایە، کارەکانی لە پلەیەکی بەرزی گەرمیدا سوردەکاتەوە بەبێ هیچ نەخشێک لەسەر ڕووکاری کارەکە، واتە هەر بە میتۆدی نەریتی کۆن بنیادی دەنێت. بەڵام فۆرمێکی تەواو نوێ لە تەجریدی ئەندازەیی کە گرنگی دەدات بە بۆشایی ناوەکی و دەرەکی کارەکە لە ئاستێکی تەواو ڕەق و ئەندازەییدا کە ڕەهەندێکی مۆنۆمێنتی بیناسازی بەهێز لە کارەکانیدایە. (وێنەی ژمارە ١).



وێنەی ژمارە ١
ئینریکی مێستریێ، پەیکەر، خەزەفی بەردین لەگەڵ قوری مکلس ١٩ X٥٦X٣٣ سم، ٢٠٠٣.

له نمونەی ئەو کارە هونەریە سیرامیکیانەی کە شێوەی ئەندازەیی لەگەڵ بەکارهاتووە، هونەرمەندی دانیمارکی (بۆدل مانز-Bodil Manz)ە کە جەخت لەسەر فۆڕمی ئەندازەیی مینیماڵ دەکاتەوە لە هونەری سیرامیکدا، کارەکانی شێوە لولەکین و لە پۆرسەلین دروستیان دەکات زۆر تەنکن و شەفافن بە جۆرێک کە لە وەرەقەی ترێس دەچن. (وێنەی ژمارە ٢) ئەو شێوانەی کە لەسەر فۆڕمە لولەکیەکانی بەرجەستەیان دەکات پێکهاتوە لە هێڵ و پانتایی ڕەنگ و شێوە ئەندازەیی کە بە تەکنیکی چاپ دەیخاتە سەر فۆڕمە لولەکیەکان، واتە گرافیکیانە مامەڵە لەگەڵ شێوە کانی سەر فۆڕمەکانی دەکات نەک بە شێوازی وێنەکێشان.





وێنەی ژمارە ٢

بۆدل مانز، بارستەی تەلارسازی، پۆرسەلین، ٢٠٠٦.

بۆدل مانز، بارستەی تەلارسازی، پۆرسەلین، ٢٠٠٤.

کارەکانی مانز پاکترین شێوە و فۆڕمی ئەندازەیمان پیشان دەدات، کە تیایدا شێوە دوو ڕەهەندیە ئەندازەییەکان دەکاتە یەکەیەکی جیانەکراوە لە فۆڕمە لولەکیە سێ ڕەهەندیەکانی، وە بە جۆرێک هێڵەکان لە ناوەوە و دەرەوەی لولەکەکان دەبینرێن بە سوودوەرگرتن لە شەفافیەتی پۆرسەلین، هەر ئەمش دەبێتە هۆی پرسیار لەسەر بۆشایی ناوەوە و دەرەوەی کارەکە، کە دەمانگەیێنێتە ئەو بیرەی کارەکانی وەک فۆڕمێکی بیناسازی ببینین.

## قۆناغەكانی دروستكردنی سیرامیكی شێوە ئەندازەیی



١.دیاریكردنی پێوانە



٢.شێلانی قوڕ



٣.ڕاخستنی فەرش و پێوانەكردنی قوڕ



٤.نەخش كێشان و ئامادەكردن بۆ پێكەوەنان



٥.پێكەوەنانی پارچەكان



٦.قۆناغی كۆتایی پێكەوەنان



٧.ئەنجامی كۆتایی

## تاقیكردنەوەی پاشەكی

**پرسیاری یەكەم:** باس لە هونەری سیرامیكی شێوە ئەندازەیی بكە، لەگەڵ هێنانی ناوی هونەرمەندێك و نمونەی كارێكی؟

**پرسیاری دووەم:** كارێكی سیرامیكی شێوە ئەندازەیی دروست بكە ؟

# وانەی سێیەم

## دروستکردنی فۆرمی شێوە مێژویی

**ئامانجە فێرکاریە گشتیەکان:**

١. ئاشناکردنی خوێندکاران بە شێوە مێژوویە سیرامیکیەکان.
٢. خولقاندنی حەزو ئارەزوو لای خوێندکاران بەرامبەر دارشتن.
٣. ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی سیرامیکی فۆرمی مێژویی.

**ئامانجە ڕەفتاریەکان:**

پێویستە خوێندکار لەکۆتایی وانەکەدا بتوانێت::

١. پێناسەی سیرامیکی شێوە مێژویی بکات.
٢. سیرامیکی شێوە مێژویی لە شێوەکانی تری سیرامیک جیابکاتەوە.
٣. کارێکی سیرامیکی شێوە مێژویی دروست بکات.
٤. سیرامیک بناسێتەوە لەڕووی مێژوییەوە.
٥. چەند کارێکی سیرامیکی شێوە مێژوویی بزانێت بە نمونەوە.

**ڕێکخستنی کات:** سێ هەفتە.

تێبینی/ لە هەفتەیەکدا (١٠) بەشە وانە دەخوێنرێت لە ماوەی دوو ڕۆژدا، هەر وانەیەک پێکهاتووە لە (٤٥) خولەک و (١٥) خولەک پشووە،(٤٥٠) خولەک بۆ هەفتەیەک. ٤٥٠× ٣= ١٣٥٠ .

| بەشە وانە | برگە | كات |
|---|---|---|
| تیۆری | پێشەکی | ٥ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن لەڕوی تیۆریەوە (تاقیکردنەوەی پێشەکی) | ٥ خولەک |
| | خستنەڕووی بابەت | ٦٠ خولەک |
| | کورتە | ٥خولەک |
| | هەڵسەنگاندن لەڕوی تیۆریەوە (تاقیکردنەوەی پاشەکی) | ١٥ خولەک |
| | تێکڕای کاتی تیۆری | ٩٠ خولەک |
| پراکتیکی | پێشەکی | ٥ خولەک |
| | پیشاندانی کاری هونەری هونەرمەندان و شیکردنەوەی کارەکانیان. | ٤٠ خولەک |
| | پیشاندانی (CD) ڤیدیۆی فێرکاری | ٤٥ خولەک |
| | جێبەجێکردن (کاری خوێندکاران). | ١١٤٠ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن | ٣٠ خولەک |
| | کۆی گشتی کات | ١٣٥٠ خولەک |

**چالاکی:** ١. پیشاندانی وێنەکانی ناو بەرنامە فێرکاریەکە بە خوێندکاران.

٢.پیشاندانی وێنەی قۆناغەکانی دروستکردنی سیرامیکی شێوە مێژوویی.

٣.سەردانیکردنی مۆزەخانە.

٣. پیشاندانی ڤیدیۆ لە کەناڵی یوتیوب

ancient greek vase production and the black-figure technique

**ڕێگاکانی وانەووتنەوە:**

١. ڕێگای وانەبێژی.
٢. ڕێگای بەڵگەو دۆکیومێنت.
٣. ڕێگای نمایشی ڤیدیۆیی.

**پێداویستیەکان:**

١. لاپتۆپ.
٢. داتاشۆو.
٣. گڵی سیرامیک.
٤. ئالەتی سیرامیک.

## تاقیکردنەوەی پێشەکی

**پرسیاری یەکەم:** مەبەست چییە لە سیرامیکی شێوە مێژویی؟
**پرسیاری دووەم:** باسی پارچەیەک لە سیرامیکی مێژویی بکە؟
**پرسیاری سێیەم:** ڕاست و هەڵەی ئەمانە دیاری بکە:

١. نوسراوەکانی داستانی گلگامیش پێکهاتوە لە ١٠ پارچەی تەواونەکراو بە زمانی سۆمەری نوسراوە لەسەر قوڕی سورەوەکراو.
٢. لەشکری تێراکۆتا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دامەزراندنی یەکەمین ئیمپراتۆریەتی چین بە سەرکردایەتی (چین شۆ هوانگ) لە ٢١٠ پ.ز لەگەڵ مردنی ئیمپراتۆر نێژراون.
٣. هەرکاتێک ماددەیەکی قوڕ پرۆسەی سورکردنەوەی بەسەرهات، دەتوانرێت بخرێتە خانەی بواری سیرامیکەوە.

**وەڵامی نمونەیی:**

**پرسیاری یەکەم:** هەر کارێکی سیرامیکی تۆماری ڕوداوێکی ڕابردو بکات بە شێوەی گێڕانەوە یاخود وێنەیی پێی دەوترێت سیرامیکی مێژویی.

**پرسیاری دووەم:** (لەشکری تێراکۆتا) کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دامەزراندنی یەکەمین ئیمپراتۆریەتی چاینا بە سەرکردایەتی (چین شۆ هوانگ) لە ٢١٠ پ.ز لەگەڵ مردنی ئیمپراتۆر نێژراون. ئەم لەشکرە بە مەبەستی پاراستنی ئیمپراتۆر دروستکراوە لە ژیانی دواتریدا. ئەم فیگەرانە لە ساڵی ١٩٧٤ دۆزرایەوە لە لایەن جوتیارێکەوە لە وڵاتی لینگتۆنگ لە دەرەوەی چاینا. فیگەرەکان لە بەرزی جیاوازدا دروستکراون بە پێی ڕۆڵ و کاریگەریان بۆ نمونە جەنەراڵەکان بەرزترینن. بە گشتی ئەم کارە سیرامیکیانە پێکهاتووە لە ٨٠٠٠ سەرباز نزیک حەجمی تەبیعی، ١٣٠ گالیسکە لەگەڵ ٥٢٠ ئەسپ، وە ١٥٠ ئەسپسوار، زۆرینەی لە چاڵەکانی نزیک مەزارگەی چین شۆ هوانگ بە نێژراوی ماونەتەوە.

**پرسیاری سێیەم:**

١. ✗ پێکهاتوە لە ١٢ پارچەی تەواونەکراو بە زمانی ئەکەدی نوسراوە لەسەر قوڕی سورەوەکراو.
٢. ✓
٣. ✓

## ناوەڕۆکی بابەتی وانەکە

### شێوە مێژویی

هەر کارێکی سیرامیکی تۆماری ڕوداوێکی ڕابردو بکات بە شێوەی گێڕانەوە یاخود وێنەیی پێی دەوترێت سیرامیکی مێژویی. پشت بەو تێگەیشتنەی کە هەرکاتێک ماددەیەکی قوڕ پرۆسەی سورکردنەوەی بەسەرهات، دەتوانرێت بخرێتە خانەی بواری سیرامیکەوە. کەواتە لێرەدا هونەر و تەکنیکی سیرامیکی بەرگریەکی بەهێز دەکات لە هێشتنەوەی کولتوور و شارستانیەتدا چ لە بیناسازیدا بێت، یان لە پەیکەر و تەختی نوسین و پێداویستی بەکارهێنانی ڕۆژانەدا بێت. بواری سیرامیک لە بەرامبەر بابەتە مێژوویەکاندا دەورێکی گرنگی گێڕاوە لە تۆمارکردندا، بە تایبەت لە ئاستە سەرەتاییەکەیدا کە قوڕە و سوردەکرێتەوە.

بە نمونە لێرەدا پارچە نوسراوەکانی داستانی گلگامیش دەهێنینەوە کە پێکهاتوە لە ١٢ پارچەی تەواونەکراو بە زمانی ئەکەدی نوسراوە لەسەر قوڕی سورەوەکراو، کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر و کۆنترین دەستنووسی ئەدەبییە کە تۆمارکرابێت. ئەم تەختە نوسراوانەی گلگامیش لە ساڵی (١٨٥٣) دا لە لایەن (هۆرموزد راسام-Hormuzd Rassam) لە نەینەوا دۆزرایەوە لە کتێبخانەی ئاشوور پانیپاڵ. ئەو بۆشاییانەی لە نێوان پارچەکاندا دروست دەبێت بەشێکی پڕکراونەتەوە بە چەند پارچەیەکی دیکە، کە لە جێگای تردا دۆزراونەتەوە لە میزۆپۆتامیا و ئەنەدۆڵ. سەرەڕای ئەوەش پێنج هۆنراوەی کورت لە پارچەکاندا بە زمانی سۆمەری نوسراون کە دەگەڕێنەوە بۆ نیوەی دووهەمی هەزارەی پێش زاین. (وێنەی ژمارە ١)



وێنەی ژمارە ١

داستانی گلگامیش، ڕوتەختی لافاو، مۆزەخانەی بەریتانی لە لەندان، سەدەی ٧ پ.ز .

یەکێکی دیکە لەو نمونە بەرچاوانەی کە لە فۆڕمی پەیکەردا بەرجەستە دەبێت و بە مادەی قوڕ دروستکراوە و سورکراوەتەوە (لەشکری تێراکۆتا-Terracotta Army)یە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دامەزراندنی یەکەمین ئیمپراتۆریەتی چاینا  بە سەرکردایەتی (چین شۆ هوانگ- Qin Shi Huang) لە ٢١٠ پ.ز لەگەڵ مردنی ئیمپراتۆر نێژراون. ئەم لەشکرە بە مەبەستی پاراستنی ئیمپراتۆر دروستکراوە لە ژیانی دواتریدا. ئەم فیگەرانە لە ساڵی ١٩٧٤ دۆزرایەوە لە لایەن جوتیارێکەوە لە وڵاتی لینگتۆنگ لە دەرەوەی چاینا. فیگەرەکان لە بەرزی جیاوازدا دروستکراون بە پێی ڕۆڵ و کاریگەریان بۆ نمونە جەنەراڵەکان بەرزترینن. بە گشتی ئەم کارە سیرامیکیانە پێکهاتووە لە ٨٠٠٠ سەرباز نزیک حەجمی تەبیعی، ١٣٠ گالیسکە لەگەڵ ٥٢٠ ئەسپ، وە ١٥٠ ئەسپسوار، زۆرینەی لە چاڵەکانی نزیک مەزارگەی چین شۆ هوانگ بە نێژراوی ماونەتەوە.

تێراکۆتا بە لاتینی واتای سورکردنەوەی زەوی دەگەێنێت، و پەیوەندی بەو کارانەوە هەیە کە لەگەڵ خاکدا کاری پێکراوە وە بە تایبەتی ماددەی قوڕ. لە ئاسەوار ناسی و مێژووی هونەردا ئەم زاراوەیە بۆ ئەو کارانە بەکار هاتوە کە لەسەر ویلی سیرامیکی بەرهەم نەهاتون، بەڵکو زیاتر کاری دەستن و پەیکەرین. واتە زاراوەکە زیاتر گرنگی داوەتە جۆری کارەکە نەک ماددەکەی.



وێنەی ژمارە ٢

هەڵکەندنی مەزاری چین شۆ هوانگ و دۆزینەوەی لەشکری تێراکۆتا، مۆزەخانەی لەشکری تێراکۆتا

## قۆناغەکانی دروستکردنی سیرامیکی شێوە مێژویی



١.دروستکردنی مارمارۆ



٢.دروستکردنی بەشەکان.



٣.پێکەوەنانی بەشەکان.



٤.دروستکردنی فۆرم.



٥.پێکەوەنانی سەرجەم بەشەکانی.



٦.رێکخستنی بەشەکان.



٧.پاککردنەوە و ئامادەکردنی بۆ فرن.



٨.ئەنجامی کۆتایی.

### تاقیکردنەوەی پاشەکی

**پرسیاری یەکەم:** باس لە هونەری سیرامیکی شێوە مێژویی بکە، لەگەڵ هێنانی نمونەی کارێکی مێژویی؟

**پرسیاری دووەم:** کارێکی سیرامیکی دروست بکە بە شێوازی شێوە مێژویی؟

# وانەی چوارەم

## دروستکردنی فۆرمی شێوە ڕووەکی

**ئامانجە فێرکاریە گشتیەکان:**

١. ئاشناکردنی خوێندکاران بە فۆرمە شێوە ڕووەکیە سیرامیکیەکان.
٢. هاندانی خوێندکاران بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر سیرامیکی شێوە ڕووەکی.
٣. ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی سیرامیکی فۆرمی ڕووەکی.

**ئامانجە ڕەفتاریەکان:**

پێویستە خوێندکار لەکۆتایی وانەکەدا بتوانێت::

١. پێناسەی سیرامیکی شێوە ڕووەکی بکات.
٢. فۆرمی سیرامیکی شێوە ڕووەکی لە فۆرمەکانی تری سیرامیک جیابکاتەوە.
٣. کارێکی سیرامیکی شێوە ڕووەکی دروست بکات.
٤. هونەرمەندی سیرامیکی شێوە ڕووەکی بناسێت لەگەڵ نمونەی کارێکیدا.
٥. لە کارێکی سیرامیکی شێوە ڕووەکی تێبگات لەڕووی تایبەتمەندی و فۆڕمەوە.

**ڕێکخستنی کات:** چوار هەفتە.

تێبینی/ لە هەفتەیەکدا (١٠) بەشە وانە دەخوێنرێت لە ماوەی دوو ڕۆژدا، هەر وانەیەک پێکهاتووە لە (٤٥) خولەک و (١٥) خولەک پشووە،(٤٥٠) خولەک بۆ هەفتەیەک. ٤٥٠× ٤= ١٨٠٠ .

| بەشە وانە | بڕگە | کات |
| --- | --- | --- |
| تیۆری | پێشەکی | ٥ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن لەڕوی تیۆریەوە (تاقیکردنەوەی پێشەکی) | ٥ خولەک |
| | خستنەڕووی بابەت | ٦٠ خولەک |
| | کورتە | ٥ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن لەڕوی تیۆریەوە (تاقیکردنەوەی پاشەکی) | ١٥ خولەک |
| | تێکڕای کاتی تیۆری | ٩٠خولەک |
| پراکتیکی | پێشەکی | ٥ خولەک |
| | پیشاندانی کاری هونەری هونەرمەندان و شیکردنەوەی کارەکانیان. | ٤٠ خولەک |
| | پیشاندانی (CD) ڤیدیۆی فێرکاری | ٤٥ خولەک |
| | جێبەجێکردن (کاری خوێندکاران). | ١٥٩٠ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن | ٣٠ خولەک |
| | کۆی گشتی کات | ١٨٠٠ خولەک |

**چالاکی:** ١. پیشاندانی وێنەکانی ناو بەرنامە فێرکاریەکە بە خوێندکاران.

٢.پیشاندانی وێنەی قۆناغەکانی دروستکردنی سیرامیکی شێوە ڕووەکی.

٣.پیشاندانی ڤیدیۆ لە کەناڵی یوتیوب كيف تصنع أواني الفخار YouTube -

**پێداویستیەکان:**

١. لاپتۆپ.
٢. داتاشۆو.
٣. گڵی سیرامیک.
٤. ئالەتی سیرامیک.

**ڕێگاکانی وانەووتنەوە:**

١. ڕێگای وانەبێژی.
٢. ڕێگای گەشتی زانستی.
٣. ڕێگای نمایشی ڤیدیۆیی.

## تاقیکردنەوەی پێشەکی

**پرسیاری یەکەم:** باس لە سیرامیکی شێوە ڕووەکی بکە؟

**پرسیاری دووەم:** نمونەی کارێکی سیرامیکی باس بکە لەگەڵ ناوی هونەرمەندەکەی؟

**پرسیاری سێیەم:** ئەم بۆشاییانە پڕبکەرەوە:

١. ............. لە کارەکانیدا گرنگی بە (شکاندن) و دواتر سەر لە نوێ (دروستکردنەوە) دەدات، ئەو لە داڕوخان و دیاردە وێرانکارییەکانی خودی سروشت دووبارە داهێنانەوە و درووستبوونەوە بەرهەم دەهێنێت.

٢. ................ تاڵی گیا زۆر بە باریکی و بە وردەکاریەکی هێجگار زۆرەوە بە پۆرسەلین بەرجەستە دەکات.

**وەڵامی نمونەیی:**

**پرسیاری یەکەم:** کێشانی وێنەی ڕووەک یاخود دروستکردنی فۆرمی ڕووەکی یەکێکە لە گرنگترین کەرەستەکانی هونەری سیرامیک کە فۆرمێکی جوانتری پێ دەبەخشێتک،بۆیە هونەری سیرامیک جگە لە ئەرکی بەکارهێنانی لە ڕووی ئێستاتیکەوە لە مێژوویەکی زۆر دورەوە، سروشت بۆتە ژێدەر لەسەری و فۆرم و شێوەی دەداتێ. جا بە مەبەستی دیکۆرکردن بێت یان ئایدیۆلۆجی،ئەو دەمەی فۆڕمێکی سروشتی دێتە ناو کارێکی سیرامیکییەوە ئیدی میکانیزمی کارەکە لە پرۆسەی بەکارهێنانی ویل دەردەچێت و مامەڵەیەکی پەیکەری دێتە ناوەوە.

**پرسیاری دووەم:** (زێمیر پێلڤ) هونەرمەندی سیرامیکی هاوچەرخی ئیسرائیلی لە کارەکانیدا سەرنج دەخاتە سەر جوانی و دڕندەیی جیهانی سروشت لە یەک کاتدا. کارە سیرامیکیە پەیکەریەکانی پێلڤ لە دیمەن و سروشت و یادەوەری و ناسنامەی شوێنی ژیانییەوە فۆرم وەردەگرێت. کارەکانی پێکدێت لە هەزاران پارچەی پۆرسەلین کە پێکەوە لە فۆرمی پەیکەرێک یان ئینستلەیشنێک، کە فۆرمی ڕووەکین و زیاتر لە ڕووەکی ناو دەریا دەچێن. لێرەدا جۆرە کۆنتراستێکی بەهێز هەستپێدەکرێت لە نێوان ناسکێتی و ڕەقو تیژێتیدا.

**پرسیاری سێیەم:**

١. زێمیر پێلڤ. ٢.کەیتی سپراگ.

## ناوەڕۆکی بابەتی وانەکە

### فۆرمی شێوە ڕووەکی

کێشانی وێنەی ڕووەک یاخود دروستکردنی فۆرمی ڕووەکی یەکێکە لە گرنگترین کەرەستەکانی هونەری سیرامیک کە فۆرمێکی جوانتری پێ دەبەخشێتک، بۆیە هونەری سیرامیک جگە لە ئەرکە بەکاربەرییەکەی لە ڕووی ئێستاتیکەوە لە مێژوویەکی زۆر دورەوە، سروشت بۆتە ژێدەر لەسەری و فۆرم و شێوەی دەداتێ. جا بە مەبەستی دیکۆرکردن بێت یان ئایدیۆلۆجیەکی دیاریکراو، ئەو دەمەی فۆرمێکی سروشتی دێتە ناو کارێکی سیرامیکییەوە ئیدی میکانیزمی کارەکە لە پرۆسەی بەکارهێنانی ویل دەردەچێت و مامەڵەیەکی پەیکەری دێتە ناوەوە.

لێرەدا دوو هونەرمەندی سیرامیکی بە نمونە وەردەگرین کە نەک تەنیا لە ڕووی فۆرمەوە سروشت بۆتە ئیلهامی کارکردنیان، بەڵکو لەوەش گرنگتر چەمکی کارکردنیان وابەستەیە بە پرسە گرنگەکانی سروشت خۆی، لە دیاردەکانی و قەیرانەکانی و پەیوەندیەکانی لەگەڵ مرۆڤ.

(زێمیر پێلد-Zemer Peled) هونەرمەندی سیرامیکی ئیسرائیلی لە کارەکانیدا سەرنج دەخاتە سەر جوانی و دڕندەیی جیهانی سروشت لە یەک کاتدا. کارە سیرامیکیە پەیکەریەکانی پێلد لە دیمەن و سروشت و یادەوەری و ناسنامەی شوێنی ژیانییەوە فۆرم وەردەگرێت. کارەکانی پێکدێت لە هەزاران پارچەی پۆرسەلین کە پێکەوە لە فۆرمی پەیکەرێک یان ئینستلەیشنێک دەچێت، کە فۆرمی ڕووەکین و زیاتر لە ڕووەکی ناو دەریا دەچێت. لێرەدا جۆرە کۆنتراستێکی بەهێز هەستپێدەکرێت لە نێوان ناسکێتی و ڕەقو تیژێتیدا. (وێنەی ژمارە ٢،١).

پێلد لە کارەکانیدا گرنگی بە شکاندن و سەر لەنوێ دروستکردنەوە دەدات، ئەو لە داڕوخان و دیاردە وێرانکارییەکانی خودی سروشت دوبارە درووستبوونەوە بەرهەم دەبینێت.



وێنەی ژمارە ٢

گوڵی پیۆنی گەورە لەگەڵ هەڵتۆقینی گوڵی تۆم، پۆرسەلین، ٢٠١٤.



وێنەی ژمارە ١

فۆرمی لە پارچە دروستبووی سیرامیکی، ١٩١٢.

یەکێکی دیکە لەو هونەرمەندانەی کە کاری لەسەر فۆرمی ڕووەکیە لە هونەری سیرامیکدا، هونەرمەندی بەریتانی (کەیتی سپراگ-Katie Spragg)ە. کە قوڕی سیرامیک کارپێدەکات لە شێوازی ئینستلەیشندا. کارەکانی پەیوەندی هەیە بە سروشتەوە، پێکەوە ژیانی مرۆڤ و سروشت دەخاتە ڕوو، لە هەمان کاتدا ئەو دیاردەیە پیشاندەدات کە مرۆڤ چۆن دەیەوێت دەست بەسەر سروشتدا بگرێت و بەو شێوەیەی دەیەوێت ڕێکی بخات، بەڵام سروشت لەگەڵ ئەم داخوازیەی مرۆڤدا نایەتەوە. وە سروشت تەنانەت دێتە ئەو شوێنانەوە کە کراوەنەتە شار و شوێنی نیشتەجێی مرۆڤ. (وێنەی ژمارە ٤،٣).

لەم کارەیدا بە ناوی (کێوی)، کەیتی سپراگ سیرامیک گرێ دەدات بە شوێنەوە کە بینایەکی کۆنکریتی بەتاڵە، وە لە کارێکی ئینستەلەیشندا دەیخاتە ڕوو، ژیانێکی تایبەتی میتافۆڕ دەداتە بۆشایی ژێر پلیکانەی بیناکە لە ڕێگەی فۆرمە ڕوەکییە سیرامیکیەکانییەوە کە بە بێ سروشت دەبێتە بۆشاییەکی مردوو.

سپراگ تاڵی گیا زۆر بە باریکی و بە وردەکاریەکی هێجگار زۆرەوە بە پۆرسەلین بەرجەستە دەکات. بە جۆرێک باریکە ئەم تاڵە گیایانە کە خۆی دەڵێت کارەکانم لە هێلکاری سێ ڕەهەندی دەچێت بە ماددەی قوڕ.





وێنەی ژمارە ٤،٣   کێوی، کۆنکریت و پۆرسەلین، ٢٠١٦.

## قۆناغەکانی دروستکردنی سیرامیکی شێوە ڕووەکی



١.شێلانی قوڕ.



٢.دروستکردنی فۆڕم.



٣.سکێچکردن بە فۆڕمی ڕووەکی.



٤. پێکەوەنانی پارچەکان.



٥.پاککردنەوەی کارەکە.



٦.دروستکردنی بەشەکانی تر.



٧.پێکەوەنانی سەرجەم بەشەکان.



٨.ئەنجامی کۆتایی.

## تاقیکردنەوەی پاشەکی

**پرسیاری یەکەم:** باس لە هونەری سیرامیکی شێوە ڕووەکی بکە، لەگەڵ هێنانی نمونەی کارێک و ناوی هونەرمەندەکەی؟

**پرسیاری دووەم:** کارێکی سیرامیکی دروست بکە بە شێوازی فۆرمی ڕووەکی؟

# وانەی پێنجەم

## دروستکردنی فۆرمی شێوە ئاژەڵی

**ئامانجە فێرکاریە گشتیەکان:**

١. ئاشناکردنی خوێندکاران بە شێوە ئاژەڵیە سیرامیکیەکان.
٢. خولقاندنی حەزو ئارەزوو لای خوێندکاران بەرامبەر سیرامیکی شێوە ئاژەڵی.
٣. ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی.

**ئامانجە ڕەفتاریەکان:**

پێویستە خوێندکار لەکۆتایی وانەکەدا بتوانێت::

١. پێناسەی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی بکات.
٢. فۆرمی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی لە فۆرمەکانی تری سیرامیک جیابکاتەوە.
٣. کارێکی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی ی دروست بکات.
٤. هونەرمەندی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی بناسێت لەگەڵ نمونەی کارێکیدا.
٥. باس لە تایبەتمەندیەکانی سیرامیکی شێوە ئاژەڵی بکات.

**ڕێکخستنی کات:** چوار هەفتە.

تێبینی/ لە هەفتەیەکدا (١٠) بەشە وانە دەخوێنرێت لە ماوەی دوو ڕۆژدا، هەر وانەیەک پێکهاتووە لە (٤٥) خولەک و (١٥) خولەک پشووە،(٤٥٠) خولەک بۆ هەفتەیەک. ٤٥٠× ٤= ١٨٠٠ .

| بەشە وانە | بڕگە | کات |
|---|---|---|
| تیۆری | پێشەکی | ٥ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن لەڕوی تیۆریەوە (تاقیکردنەوەی پێشەکی) | ٥ خولەک |
| | خستنەڕووی بابەت | ٦٠ خولەک |
| | کورتە | ٥ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن لەڕوی تیۆریەوە (تاقیکردنەوەی پاشەکی) | ١٥ خولەک |
| | تێکڕای کاتی تیۆری | ٩٠ خولەک |
| پراکتیکی | پێشەکی | ٥ خولەک |
| | پیشاندانی کاری هونەری هونەرمەندان و شیکردنەوەی کارەکانیان. | ٤٠ خولەک |
| | پیشاندانی (CD) ڤیدیۆی فێرکاری | ٤٥ خولەک |
| | جێبەجێکردن (کاری خوێندکاران). | ١٥٩٠ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن | ٣٠ خولەک |
| | کۆی گشتی کات | ١٨٠٠خولەک |

**چالاکی:** ١. پیشاندانی وێنەکانی ناو بەرنامە فێرکاریەکە بە خوێندکاران.

٢.وێنە لە سایتی Sara Barnes, Colorful Ceramics Topped with Endangered Animals to Identify and Help Save Them

٣. ڤیدیۆ لە کەناڵی یوتیوب https://www.youtube.com/watch?v=VotZMDeQYpA - YouTube

**ڕێگاکانی وانەووتنەوە:**

١. ڕێگای وانەبێژی.
٢. ڕێگای گەشتی زانستی.
٣. ڕێگای نمایشی ڤیدیۆیی.

**پێداویستیەکان:**

١. لاپتۆپ.
٢. داتاشۆو.
٣. گڵی سیرامیک.
٤. ئالەتی سیرامیک.

## تاقیکردنەوەی پێشەکی

**پرسیاری یەکەم:** باس لە هونەری سیرامیکی شێوە گیانداری بکە؟

**پرسیاری دووەم:** ناوی دوو هونەرمەندی سیرامیکی فۆرمی گیانداری بنوسە؟

**پرسیاری سێیەم:** نمونەی دوو کاری سیرامیکی شێوە گیانداری باس بکە؟

**وەڵامی نمونەیی:**

**پرسیاری یەکەم:** لە تۆمارکردنی مێژووی سیرامیکەوە کارکردن لەسەر فۆرمی ئاژەڵ هەبووە، جا بە هەر مەبەستێک بوبێت. بۆ نمونە هەندێک جار ئاژەڵەکان لە فۆرمی ئەفسانەییدا بەرجەستەکراون، یاخود فۆرمی ئاژەڵی ماڵی، یان کێوی لە رووی فۆرمەوە. لەم قۆناغەدا هونەری سیرامیک مامەڵەیەکی پەیکەری دەکات لەگەڵ فۆرمدا، بە جۆرێک لە هەندێک کاردا ناسینەوەی سیرامیک دژوار دەبێت.

**پرسیاری دووەم:** شارلۆت ماری پاک، تسای گوۆ چانگ.

**پرسیاری سێیەم:** ١. کارە سیرامیکیەکانی (شارلۆت ماری پاک) لە کارەکانیدا فۆرمێک بە ویل دروستدەکات و دەیکاتە ژێرتەختی ئاژەڵێک، وە رەنگێک بۆ کارەکە هەڵدەبژێرێت، ئەو ئاژەڵانەشی کە کاریان لەسەردەکات ئەوانەن کە لە ژێر هەرەشە و مەتریسی لەناوچوون و قڕتێکەوتندان. پاک ئاماژە دەدات کە فۆرمی ئەم کارانە بینەر دەخاتە ئەو دۆخەی کە بیر لە گەڕانی زیاتر بکاتەوە بە دوای ئەو ئاژەڵانەدا کە ئاخۆ بۆ لە کەمبوونەوە و لەناوچووندان؟

٢. کارەکانی (تسای گوۆ چانگ)ە. لەم کارەیدا پۆلێک باڵندە پیشاندەدات کە پێکهاتوە لە ١٠ هەزار باڵندەی لە پۆرسەلین دروستکراو و کە بە باروت ڕەشکراوە لە کاتی سورکردنەوەیاندا. ئەم پۆلە باڵندانە کە شێوەی جیاواز دروستدەکەن لە ئاسماندا، لە کولتورری چینیدا بۆ هەزاران ساڵ جێگای بایەخ بووە. باڵندەکان بە شێوەیەکی ڕاوەستاو بە سەقفی گەلەری نیشتیمانی ڤیکتۆریادا هەڵواسراوە لە وڵاتی ئوستورالیا.

## ناوەڕۆکی بابەتی وانەکە

### فۆرمی شێوە ئاژەڵی

لە تۆمارکردنی مێژووی سیرامیکەوە کارکردن لەسەر فۆرمی ئاژەڵ هەبووە، جا بە هەر مەبەستێک بوبێت. بۆ نمونە هەندێک جار ئاژەڵەکان لە فۆرمی ئەفسانەییدا بەرجەستەکراون، یاخود فۆرمی ئاژەڵی ماڵی، یان کێوی یان تەجریدکراون لە ڕووی فۆرمەوە. لەم قۆناغەدا هونەری سیرامیک مامەڵەیەکی پەیکەری دەکات لەگەڵ فۆرمدا، بە جۆرێک لە هەندێک کاردا ناسینەوەی سیرامیک دژوار دەبێت. بۆیە دەبینین لە هونەری هاوچەرخی سیرامیکدا تا ئەمڕۆش فۆرمی ئاژەڵ ژێدەر و چەمکی زۆرێک لە هونەرمەندانە لەنێو کارەکانیاندا.

بە نمونە هونەرمەندی سیرامیکی (شارلۆت ماری پاک–Charlotte Mary Pack) لە کارەکانیدا فۆرمێک بە ویل دروستدەکات و دەیکاتە ژێرتەختی ئاژەڵێک، وە ڕەنگێک بۆ کارەکە هەڵدەبژێرێت، ئەو ئاژەڵانەشی کە کاریان لەسەردەکات ئەوانەن کە لە ژێر هەڕەشە و مەتریسی لەناوچوون و قرتێکەوتندان. پاک ئاماژە دەدات کە فۆرمی ئەم کارانە بینەر دەخاتە ئەو دۆخەی کە بیر لە گەڕانی زیاتر بکاتەوە بە دوای ئەو ئاژەڵانەدا کە ئاخۆ بۆ لە کەمبوونەوە و لەناوچووندان؟

پاک بە کارە ویلیەکانی دەڵێت (چیتر کات نەماوە بۆ چا خواردنەوە) لە جێی ئەوە هونەری سیرامیکی لە بەکاربەری دوردەخاتەوە و پرسیاری ژینگەیی پێ دروست دەکات، وە لە ژێر ئیستیوانەی هەر کارێکی، زانیاری دەربارەی ئاژەڵەکە نوسیوە. (وێنەی ژمارە ١)



وێنەی ژمارە ١

هەندێک لە کارە سیرامیکیەکانی شارلۆت ماری پاک

یەکێکی دیکە لە کارە سەرنجڕاکێشە سیرامیکیەکانی پاک (١٠٠ فیل)ەکەیەتی کە خۆی ئاماژە دەدات بە داتایەک لە ڕۆژێکدا نزیکەی ١٠٠ فیل دەکوژرێت بۆ سود وەرگرتن لە عاجی شفرەکانی. خۆشەیستی ئەم هونەرمەندە بۆ ژیانی کێوی و ماددەی قوڕ، دەبێتە هۆکارێک بۆ کارکردن لەسەر ژیانی سروشتی. هەر یەکێک لەم فیلانەی دروستی دەکات گوزارشت لە فیلێک دەکات کە دەکوژرێت لە سروشتدا.

ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەفریقا نزیکەی سێ بەشی فیلەکانی لەدەستداوە لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا. لەم کارەدا فیلەکان لە قەبارەی بچوکی( ١ سم) ەوە دەستپێدەکات تا (١٢.٥ سم) وە بە شێوەی بازنەیی نمایشی دەکات کە لەگەڵ دانانی قەبارەکەی جۆرێک لە کەمبونەوەیان پیشان دەدات.



وێنەی ژمارە ٢                ١٠٠ فیل، کاری دەست بە پۆرسەلین، ٢٠١٨

یەکێکی دیکە لەو کارە سەرنجڕاکێشە سیرامیکیانەی کە بە پۆرسەلین دروستکراوە و فۆڕمی ئاژەڵ دەنوێنێتەوە، کارە ئینستلەیشنە بەناوبانگەکەی هونەرمەندی چینی (تسای گوۆ چانگ cai guo-qiang)ە. لەم کارەیدا پۆلێک باڵندە پیشاندەدات کە پێکهاتوە لە ١٠ هەزار باڵندەی لە پۆرسەلین دروستکراو و کە بە باروت ڕەشکراوە لە کاتی سورکردنەوەیاندا. ئەم پۆلە باڵندانە کە شێوەی جیاواز دروستدەکەن لە ئاسماندا، لە کولتورری چینیدا بۆ هەزاران ساڵ جێگای بایەخ بووە. باڵندەکان بە شێوەیەکی ڕاوەستاو بە سەقفی گەلەری نیشتیمانی ڤیکتۆریادا هەڵواسراوە لە وڵاتی ئوستورالیا.(وێنەی ژمارە ٣)



وێنەی ژمارە ٣

ڕەوە باڵندە، ١٠ هەزار باڵندەی پۆرسەلین کە بە باروت ڕەش کراون، ٢٠١٩، گەلەری نیشتیمانی ڤیکتۆریا لە ئوستورالیا.

## قۆناغەکانی دروستکردنی سیرامیکی شێوە گیانەوەری



١.شێلانی قوڕ.



٢.دروستکردنی بەشەکان.



٣.تەواوکردنی سەرجەم بەشەکان.



٤.لکاندنی بەشە تەواوکراوەکان پێکەوە.



٥.کارکردن لە بەشە پێکەوەلکاوەکاندا.



٦.کارکردن لە ووردەکاریدا.



٧.دانانی ساوی کۆتا.



٨.ئەنجامی کۆتایی.

## تاقیکردنەوەی پاشەکی

**پرسیاری یەکەم:** باس لە هونەری سیرامیکی شێوە گیانەوەری بکە، لەگەڵ هێنانی نمونەی کارێک و ناوی هونەرمەندەکەی؟

**پرسیاری دووەم:** کارێکی سیرامیکی دروست بکە بە شێوازی فۆرمی گیانەوەری؟

# وانەی شەشەم

## دروستکردنی دیواربەندی سیرامیک

### ئامانجە فێرکاریە گشتیەکان:

١. ئاشناکردنی خوێندکاران بە دیواربەندی سیرامیکی.
٢. هاندانی خوێندکاران بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دیواربەندی سیرامیکی.
٣. ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی سیرامیکی دیواربەند.

### ئامانجە ڕەفتاریەکان:

پێویستە خوێندکار لەکۆتایی وانەکەدا بتوانێت::

١. پێناسەی دیواربەندی سیرامیکی بکات.
٢. سیرامیکی دیواربەندی باش لە سیرامیکی دیواربەندی خراپ جیابکاتەوە.
٣. کارێکی دیواربەندی سیرامیکی دروست بکات.
٤. هونەرمەندی سیرامیکی دیواربەند بناسێت لەگەڵ نمونەی کارێکیدا.
٥. تایبەتمەندیەکانی کارێکی سیرامیکی دیواربەند بزانێت.

**ڕێکخستنی کات:** چوار هەفتە.

تێبینی/ لە هەفتەیەکدا (١٠) بەشە وانە دەخوێنرێت لە ماوەی دوو ڕۆژدا، هەر وانەیەک پێکهاتووە لە (٤٥) خولەک و (١٥) خولەک پشووە،(٤٥٠) خولەک بۆ هەفتەیەک. ٤٥٠× ٤= ١٨٠٠ .

| بەشە وانە | بڕگە | کات |
|---|---|---|
| تیۆری | پێشەکی | ٥ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن لەڕوی تیۆریەوە (تاقیکردنەوەی پێشەکی) | ٥ خولەک |
| | خستنەڕووی بابەت | ٦٠ خولەک |
| | کورتە | ٥ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن لەڕوی تیۆریەوە (تاقیکردنەوەی پاشەکی) | ١٥ خولەک |
| | تێکڕای کاتی تیۆری | ٩٠ خولەک |
| پراکتیکی | پێشەکی | ٥ خولەک |
| | پیشاندانی کاری هونەری هونەرمەندان و شیکردنەوەی کارەکانیان. | ٤٠ خولەک |
| | پیشاندانی (CD) ڤیدیۆی فێرکاری | ٤٥ خولەک |
| | جێبەجێکردن (کاری خوێندکاران). | ١٥٩٠ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن | ٣٠ خولەک |
| | کۆی گشتی کات | ١٨٠٠ خولەک |

**چالاکی:** ١. پیشاندانی وێنەکانی ناو بەرنامە فێرکاریەکە بە خوێندکاران.

٢.پیشاندانی وێنەی قۆناغەکانی دروستکردنی دیواربەندی سیرامیک.

٣.پیشاندانی ڤیدیۆ لە کەناڵی یوتیوب gbw٥https://www.youtube.com/watch?v=_Vjk-OK

**ڕێگاکانی وانەووتنەوە:**

١. ڕێگای وانەبێژی.
٢. ڕێگای ئیستقرائی.

**پێداویستیەکان:**

١. لاپتۆپ.
٢. داتاشۆو.
٣. گڵی سیرامیک.
٤. ئالەتی سیرامیک.

## تاقیكردنەوەی پێشەكی

**پرسیاری یەكەم:** پێناسەی دیواربەند بكە؟

**پرسیاری دووەم:** دیواربەندی سیرامیكی واتای چی؟

**پرسیاری سێیەم:** نمونەی كارێكی دیواربەندی سیرامیكی بهێنەرەوە و باسی بكە؟

**پرسیاری چوارەم:** ڕاست و هەڵەی ئەمانە دیاریبكە و هەڵەكانیش ڕاست بكەرەوە:

٩. خوان میرۆ دوو دیواربەندی شوشەكراو دروست دەكات بۆ بینای یونسكۆ لەشاری پاریس لەژێر ناوەكانی (دیواری ئەستێرە) و (دیواری زەوی).

١٠. دیواربەندی سیرامیكی كاتێك كاری لەگەڵ خشت و كاشیە و فلاتە لەسەر ڕووكاری دیاریكراو ڕەنگ دەكرێت و هاوشانی وێنەكێشانی دیواربەند دەڕوات.

١١. دیواربەند (Mural) دەگەڕێتەوە سەر وشەی لاتین (Murus) كە بە واتای دیوار دێت.

**وەڵامی نمونەیی:**

**وەڵامی یەكەم:** دیواربەند (Mural) دەگەڕێتەوە سەر وشەی لاتین (Murus) كە بە واتای دیوار دێت. بۆیە لێرەدا بە واتای هەر دیكۆركردنێك دێت ڕاستەوخۆ لەسەر دیوار. بە گشتی كاری قەبارە گەورەن، زۆر كات دیوارو سەقف و زەویش دەگرێتەوە بە هۆكارێكی ئێستاتیكی بێت یان هەر مەبەستێكی دیكە.

**وەڵامی دووەم:** دیواربەندی سیرامیكی، كاشیە یان خشتە كە دیزاینكراوە بۆ دروستكردنی مۆتیف یان سیمبۆل. لە چەندین شێوەی ئەندازەی بەرجەستەكراون لەوانە لاكێشە، سێگۆشە، فۆڕمی بۆری، فۆڕمی كەمۆڵە، بازنە، نیوە گۆ ..هتد، كە چ بە شوشەكراوی یان بە بێ شوشەكردن جێگیر دەكرێن لەسەر دیوار و سەقف و زەوی بیناكان جا بەشی دەرەوەی بێت یان ناوەوەی.

**وەڵامی سێیەم:** دەروازەی عشتار)، كە دەرگای هەشتەمی ناوەوەی شاری بابلیەكان بوو. شوێنەكەی ئێستای (شاری بابل) دەكات و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پادشا نەبوخدنەسر (٥٧٥)ی پ.ز. دەروازەكە بەشێكە لە دیوارێكی گەورە كە دەتگەێنێتە شارەكە. دیوارەكان و دەوروبەری دەروازەكە بە خشتی شوشەكراو بونیادنراوە و كە زۆربەی ڕەنگی شین كراوە، وە هەروەها فۆڕمی ئاژەڵی جیاواز لە ئەژدیها و گای كێوی و شێر بەسەر ڕووی دیوارەكەوە بە بارزی و هەڵتۆقیوی بەرجەستە دەبێت. كە سیمبولن بۆ خواوەندی مەردۆك، ئاداد و عشتار.

**وەڵامی چوارەم:**

١. × (دیواری مانگ) و (دیواری خۆر).

٢. ✓

٣. ✓

## ناوەڕۆکی بابەتی وانەکە

### دیواربەندی سیرامیک

دیواربەند (Mural) دەگەڕێتەوە سەر وشەی لاتین (Murus) کە بە واتای دیوار دێت. بۆیە لێرەدا بە واتای هەر دیکۆرکردنێک دێت ڕاستەوخۆ لەسەر دیوار. بە گشتی کاری قەبارە گەورەن، زۆر کات دیوار و سەقف و زەویش دەگرێتەوە بە هۆکارێکی ئێستاتیکی بێت یان هەر مەبەستێکی دیکە. هەندێک جار کارەکان لە نێو ستۆدیۆی هونەرمەنددا ئەنجام دەدرێت و پاشان دەلکێنرێت بە دیواری ناوە و دەرەوەی بیناکان.

(تارانتینۆ-Tarantino) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (زەمەنی بینگەیی و چینی ئەودیو دیواربەند) باوەڕی وایە هەر کاشیەک یان قوڕی سورەوەکراو کە شوشەکرابێت لە ناودیزایندا، یان ئەگەر ئەم کاشیە یەک پارچە بێت و دیزاینێکی گەورە پێکبهێنێت و جێگیرکرابێت لەسەر دیوار یان زەوی دەتوانرێت وەک دیواربەندی سیرامیکی ناوزەند بکرێت. کەواتە لێرەدا دیواربەندی سیرامیکی، کاشیە یان خشتە کە دیزاینکراوە بۆ دروستکردنی مۆتیف یان سیمبۆل. لە چەندین شێوەی ئەندازەیدا بەرجەستەکراون لەوانە لاکێشە، سێگۆشە، فۆرمی بۆری، فۆرمی کەمۆڵە، بازنە، نیوە گۆ ..هتد، کە چ بە شوشەکراوی یان بە بێ شوشەکردن جێگیر دەکرێن لەسەر دیوار و سەقف و زەوی بیناکان جا بەشی دەرەوەی بێت یان ناوەوەی.

دیواربەندی سیرامیکی کاتێک کاری لەگەڵ خشت و کاشیە و فلاتە لەسەر ڕوکاری دیاریکراو، ڕەنگ دەکرێت و هاوشانی وێنەکێشانی دیواربەند دەڕوات، واتە لێرەدا کار لەسەر شێوە دەکات و وە دوو ڕەهەند خۆی دەخاتە ڕوو. بەڵام کاتێکیش کە خشتەکان یان کاشیەکان لەسەر ڕووکارە دیاریکراوەکە بەرزو نزم دەکات وەک فۆرم دەتوانین پۆلێنی بکەین و هاوشانی پەیکەری بارز ببینین، واتە سێ ڕەهەندە ئەمە لە کاتێکدا کە زۆر کات ڕەنگیش دەکرێت.

یەکێک لە نمونە هەرە دیارەکان لە دیواربەندی سیرامیکی بارز (دەروازەی عشتار)ە، کە دەرگای هەشتەمی ناوەوەی شاری بابلیەکان بوو. شوێنەکەی ئێستای (شاری بابل) دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پادشا نەبوخدنەسر (٥٧٥)ی پ.ز. دەروازەکە بەشێکە لە دیوارێکی گەورە کە دەتگەیێنێتە شارەکە. دیوارەکان و دەوروبەری دەروازەکە بە خشتی شوشەکراو بونیادنراوە و کە زۆربەی ڕەنگی شین کراوە، وە هەروەها فۆرمی ئاژەڵی جیاواز لە ئەژدیها و گای کێوی و شێر بەسەر ڕووی دیوارەکەوە بە بارزی و هەڵتۆقیوی بەرجەستە دەبێت. کە سیمبولن بۆ خواوەندی مەردۆک، ئاداد و عشتار. (وێنەی ژمارە ١) ئەم بونیادە بیناسازیە هونەریە لە یەک کاتدا دیکۆرکردنی دوو ڕەهەندی واتە دروستکردنی (شێوە)، وە هەروەها سێ ڕەهەندی واتە دروستکردنی (فۆرم) لە خۆدەگرێت.



وێنەی ژمارە ١      بونیادنانەوەی دەروازەی عشتار لە مۆزەخانەی پێرگەمۆن لە شاری بەرلین

یەکێکی دیکە لە نمونە دیارەکانی دیواربەندی سیرامیکی رووتەخت کارە بەناوبانگەکەی هونەرمەندی ئیسپانی (خوان میرۆ-Joan Miro)یە کە لە نێوان (١٩٥٧-١٩٥٩) دوو دیواربەندی شوشەکراو دروست دەکات بۆ بینای یونسکۆ لە شاری پاریس لە ژێر ناوی (دیواری مانگ) و (دیواری خۆر). جیاواز لە دەروازەی عشتار لێرەدا درک بە ئێستاتیکی وێنەکێشان دەکرێت و جەخت لەسەر دوو رەهەندێتی وێنە دەکرێتەوە هاوشانی تەلارەکە. لەگەڵ ئەوەی خوان میرۆ وەک وێنەکێشێک مامەڵە لەگەڵ ئەم دیواربەندەدا دەکات بەڵام ئێستاتیک و سیفەتەکانی شوشەی سیرامیکی تەواو بەرجەستە دەکات لە چەندین شێوەی ئەبستراکت و رەنگی گەشدا. کارەکە لەسەر چەمکی ئازادی و ئاشتی دروستکراوە، کە هارمۆنیێتیک لە سروشت پیشان دەدات. وێنەی ژمارە ٢



وێنەی ژمارە ٢ . خوان میرۆ، دیواری مانگ، ١٩٥٨

ئەوەی لێرەدا خاڵێکی دیکەیە و جێگای سەرنجە، لە نمونەی یەکەمدا (دەروازەی عشتار)، درک بەو پەیوەندیە نزیکە دەکەین کە لە نێوان بیناسازی و دیواربەندی سیرامیکیدایە، بەڵام نمونەی دووەم کە دوو دیوارەکەی (خوان میرۆ)یە، جگە لەو پەیوەندیەی کە بە تەلاری یونسکۆوە هەیەتی، هێندەش وەک کارێکی مۆنۆمێنتی سەربەخۆ دەیبینین.

## قۆناغەکانی دروستکردنی دیواربەندی سیرامیک



١.شێلانی قوڕ.



٢.دانانی فەرش.



٣.کێشانی سکێچ.



٤. کارکردن لە وردەکاریدا.



٥.ڕێکخستنی بەشەکان.



٦.شوشەکردنت کارەکە.



٧.ئەنجامی کۆتایی.

## تاقیکردنەوەی پاشەکی

**پرسیاری یەکەم:** پێناسەی هونەری سیرامیکی دیواربەند بکە، لەگەڵ باسکردنی نمونەی کارێک؟

**پرسیاری دووەم:** کارێکی دیواربەندی سیرامیکی دروست بکە؟

# وانەی حەوتەم

## دروستکردنی فۆرمی شێوە تەعبیری

**ئامانجە فێرکاریە گشتیەکان:**

١. ئاشناکردنی خوێندکاران بە فۆرمی شێوە تەعبیری سیرامیکی.
٢. خولقاندنی حەزو ئارەزوو لای خوێندکاران بەرامبەر فۆرمە تەعبیریەکان.
٣. ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی سیرامیکی شێوە تەعبیری.

**ئامانجە ڕەفتاریەکان:**

پێویستە خوێندکار لەکۆتایی وانەکەدا بتوانێت::

١. پێناسەی سیرامیکی شێوە تەعبیری بکات.
٢. فۆرمی سیرامیکی شێوە تەعبیری لە فۆرمەکانی تری سیرامیک جیابکاتەوە.
٣. کارێکی سیرامیکی شێوە تەعبیری دروست بکات.
٤. هونەرمەندی سیرامیکی شێوە تەعبیری بناسێت لەگەڵ نمونەی کارێکیدا.

**ڕێکخستنی کات:** چوار هەفتە.

تێبینی/ لە هەفتەیەکدا (١٠) بەشە وانە دەخوێنرێت لە ماوەی دوو ڕۆژدا، هەر وانەیەک پێکهاتووە لە (٤٥) خولەک و (١٥) خولەک پشووە،(٤٥٠) خولەک بۆ هەفتەیەک. ٤٥٠×٤ =١٨٠٠ .

| بەشە وانە | بڕگە | کات |
|---|---|---|
| تیۆری | پێشەکی | ٥ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن لەڕوی تیۆریەوە (تاقیکردنەوەی پێشەکی) | ٥ خولەک |
| | خستنەڕووی بابەت | ٦٠ خولەک |
| | کورتە | ٥ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن لەڕوی تیۆریەوە (تاقیکردنەوەی پاشەکی) | ١٥ خولەک |
| | تێکڕای کاتی تیۆری | ٩٠ خولەک |
| پراکتیکی | پێشەکی | ٥ خولەک |
| | پیشاندانی کاری هونەری هونەرمەندان و شیکردنەوەی کارەکانیان. | ٤٠ خولەک |
| | پیشاندانی (CD) ڤیدیۆی فێرکاری | ٤٥ خولەک |
| | جێبەجێکردن (کاری خوێندکاران). | ١٥٩٠ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن | ٣٠ خولەک |
| | کۆی گشتی کات | ١٨٠٠ خولەک |

**چالاکی:** ١. پیشاندانی وێنەکانی ناو بەرنامە فێرکاریەکە بە خوێندکاران.

٢.پیشاندانی وێنەی قۆناغەکانی دروستکردنی سیرامیکی شێوە تەعبیری.

٣.پیشاندانی وێنە لەسایتی https://wsimag.com/art/٥٦٥٩٥-peter-voulkos

٤.ڤیدیۆ لە کەناڵی یوتیوب https://www.youtube.com/watch?v=cxWMrEJBhXU

**ڕێگاکانی وانەووتنەوە:**

١. ڕێگای وانەبێژی.
٢. ڕێگای هەڵێنجان.
٣. ڕێگای ئیستقرائی.

**پێداویستیەکان:**

١. لاپتۆپ.
٢. داتاشۆو.
٣. گڵی سیرامیک.
٤. ئالەتی سیرامیک.

## تاقیکردنەوەی پێشەکی

**پرسیاری یەکەم:** پێناسەی سیرامیکی فۆرمی شێوە تەعبیری بکە؟

**پرسیاری دووەم:** نمونەی کارێکی سیرامیکی فۆرمی شێوە تەعبیری باس بکە لەگەڵ هێنانی ناوی هونەرمانداکەیا.

**وەڵامی نمونەیی:**

**پرسیاری یەکەم:**

هونەرمەندی سیرامیک، بوار و ئامرازی سیرامیکی دەکاتە هۆکارێک بۆ پرسە کەسیەکانی خۆی لە بەرامبەر پرس و بابەتی گشتیدا، لەوەش زیاتر ئەم هونەرە دەکاتە نێوەندێک بۆ دەربڕینی هەڵچوون و دیاردە دەروونیە تایبەتەکانی خۆی.

**پرسیاری دووەم:** (ڕامیش ماریۆ نیتینادا-Ramesh Mario Nithynada) ، کە هونەرمەندێکی سیرامیکی ئوستورالیە و لەدایکبووی ئاسیای باشورە. لە کارەکانیدا ئەزمون لەسەر فۆڕم و پێوانەکان دەکات لە سیاقی پەیکەری واقعیدا، کە بە شێوازێکی زبر و جوڵاوە بەرجەستەیان دەکات. لەڕێگەیەوە گوزارشت لە سیاسەت، ڕەگەز، ئاین، ..هتد. دەکات. لە کارەکانیدا توانایەکی بەهێزی وێنەکێشان و پەیکەر تەعبیری بەدیدەکرێت. نیتینادا ئیلهام لە شوێنی جیاجیاوە دەهێنێت و دەیکاتە ژێدەری کارکردنی خۆی لەوانە، میراتی ئایدۆلۆجی هیندو لەگەڵ کریستیانێتی خۆی، ئینتەرنێت، فاشن. نیتینادا، کارکردنی لەسەر پەیکەری سیرامیکی تاکو جێیەک دەبات کە نامۆیە لە بەرامبەر نەریتی هونەری سیرامیک، بە جۆرێک کە بە هونەرمەندێکی تەعبیری نوێ ناو دەبرێت. جەستە و ڕەگەزی مرۆڤی کردۆتە ئامانج لە کارەکانیدا، کەسایەتی بەرجەستە دەکات لەگەڵ تەعبیری نامۆی ڕوخساری فیگەرەکان. ڕەهەندێکی ئاینی، ڕۆحانی، کولتووری لە کارەکانیدا دەبینرێت، لە ڕێگەی ئەو فۆڕمە پڕ لە زیادەڕەویانەی کە دەیداتە فیگەرەکانی.

# ناوەڕۆکی بابەتی وانەکە

## فۆرمی شێوە تەعبیری

لەگەڵ هونەری هاوچەرخی سیرامیکدا گۆڕانکاری ڕیشەیی لەم بوارەدا دەردەکەوێت و شێوە و پێناسی جیاواز وەردەگرێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکاریانەشدا هێشتا چەندین سیفەتی جیاجیا لە کاری هونەرمەندانی سیرامیکدا دەبینرێت لە ئەمڕۆدا کە ڕەگەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ نەریتی دێرینی ئەم هونەرە. یەکێک لەو خاڵە سەرنجڕاکێشانەی کە بەسەر سیرامیکدا دێت، لێسەندنەوەی ئەرکی بەکاربەری و ڕازاندنەوە و بیرۆکە کۆمەڵایەتیە باوەکانە، وەک بیری پوختی ئاینی و سیاسی کە خزمەت بە ئایدیۆلۆجیەکی دیاریکراو دەکات. لە جێگەی ئەمە هونەرمەندی سیرامیک، بوار و ئامرازی سیرامیکی دەکاتە هۆکارێک بۆ پرسە کەسیەکانی خۆی لە بەرامبەر پرس و بابەتی گشتیدا، لەوەش زیاتر ئەم هونەرە دەکاتە نێوەندێک بۆ دەربڕینی هەڵچوون و دیاردە دەروونیە تایبەتەکانی خۆی.

یەکێک لە کۆنترین نەریتەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، سیرامیک و گۆزەگەریە کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤ تەعبیری پێکردوە بۆ هەزاران ساڵ. وە هونەرمەندە سیرامیکیە هەنوکەییەکانیش کەم تا زۆر  هەمان تەکنیکی دێرین بەکار دەهێننەوە بەڵام  بە سەر لەنوێ پێناسەکردنەوەیەک بۆ فۆرم. وە ئەم ناساندنەوەیە هەندێک جار لە خودی کەسایەتی هونەرمەندەوە دەردەچێت بەرەو دەرەوە و دەچێتەوە ناو کولتوور. واتە ئەوە دەربڕینەکان و ئەزموونی هونەرمەند  جارێکی دیکە گۆڕان دەدات بە سنورەکانی ئەم هونەرە.

لێرەدا بۆ نمونەی هونەری سیرامیکی تەعبیری (ڕامیش ماریۆ نیتینادا- Ramesh Mario Nithynada) وەردەگرین، کە هونەرمەندێکی سیرامیکی ئوستورالیە و لەدایکبووی ئاسیای باشورە. لە کارەکانیدا ئەزمون لەسەر فۆڕم و پێوانەکان دەکات لە سیاقی پەیکەری واقعیدا، کە بە شێوازێکی زبر و جوڵاوە بەرجەستەیان دەکات. لەڕێگەیەوە گوزارشت لە سیاسەت، ڕەگەز، ئاین، ..هتد. دەکات. لە کارەکانیدا توانایەکی بەهێزی وێنەکێشان و پەیکەر تەعبیری بەدیدەکرێت. نیتینادا ئیلهام لە شوێنی جیاجیاوە دەهێنێت و دەیکاتە ژێدەری کارکردنی خۆی لەوانە، میراتی ئایدۆلۆجی هیندو لەگەڵ کریستیانێتی خۆی، ئینتەرنێت، فاشن، ..هتد. (وێنەی ژمارە ١ ، ٢)



وێنەی ژمارە ١

فیگەرێک لەگەڵ چەندین مەمک، ٢٠٢٠



وێنەی ژمارە ٢

فیگەرێکی شینی دانیشتوو، ٢٠٢١

نیتینادا، کارکردنی لەسەر پەیکەری سیرامیکی تاکو جێیەک دەبات کە نامۆیە لە بەرامبەر نەریتی هونەری سیرامیک، بە جۆرێک کە بە هونەرمەندێکی تەعبیری نوێ ناو دەبرێت. جەستە و ڕەگەزی مرۆڤی کردۆتە ئامانج لە کارەکانیدا، کەسایەتی بەرجەستە دەکات لەگەڵ تەعبیری نامۆی ڕوخساری فیگەرەکان. ڕەهەندێکی ئاینی، ڕۆحانی، کولتووری لە کارەکانیدا دەبینرێت، لە ڕێگەی ئەو فۆڕمە پڕ لە زیادەڕەویانەی کە دەیداتە فیگەرەکانی.

نمونەیەکی دیکە بۆ هونەری سیرامیکی تەجرید (جۆرج ئێدگار ئۆهر -George E. Ohr )ە، کە هونەرمەندێکی سیرامیکی ئەمریکی بوو و خۆی بە "شێتی سیرامیکی لە بیلۆکسی" ناودەبرد وەک داننان بە تاقیکردنەوە داهێنەرەکانی لەگەڵ فۆرمەکانی گڵی مۆدێرن لە ساڵانی(١٨٨٠-١٩١٠)



وێنەی ژمارە ٣

نمونەی یەکێک لە کارەکانی ئۆهر

## قۆناغەکانی دروستکردنی سیرامیکی شێوە تەعبیری



١.شێلانی قوڕ.



٢.دانانی بەشەکانی کارەکە.



٣.دیاریکردنی بۆشاییەکانی کارەکە.



٤.کارکردن لە ووردەکاریدا.



٥.دروستکردنی سەرجەم بەشەکان.



٦. پاککردنەوەی کارەکە.



٧.ئەنجامی کۆتایی.

### تاقیکردنەوەی پاشەکی

**پرسیاری یەکەم:** پێناسەی هونەری سیرامیکی شێوە تەعبیری ، لەگەڵ باسکردنی نمونەی کارێک؟

**پرسیاری دووەم:** کارێکی سیرامیکی شێوە تەعبیری دروست بکە؟

# وانەی هەشتەم

## دروستکردنی کاری سەربەست

**ئامانجە فێرکاریە گشتیەکان:**

١. ئاشناکردنی خوێندکاران بە فۆرمی کاری سەربەستی سیرامیکی.
٢. خولقاندنی حەزو ئارەزوو لای خوێندکاران بەرامبەر فۆرمی سەربەستی سیرامیکی.
٣. ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی سیرامیکی سەربەست.

**ئامانجە ڕەفتاریەکان:**

پێویستە خوێندکار لەکۆتایی وانەکەدا بتوانێت::

١. پێناسەی سیرامیکی سەربەست بکات.
٢. فۆرمی سیرامیکی سەربەست لە فۆرمەکانی تری سیرامیک جیابکاتەوە.
٣. کارێکی سیرامیکی سەربەست دروست بکات.
٤. هونەرمەندی سیرامیکی سەربەست بناسێت لەگەڵ نمونەی کارێکیدا.
٥. خوێندنەوە بۆ کارە سیرامیکیە سەربەستەکان بکات.

**ڕێکخستنی کات:** چوار هەفتە.

تێبینی/ لە هەفتەیەکدا (١٠) بەشە وانە دەخوێنرێت لە ماوەی دوو ڕۆژدا، هەر وانەیەک پێکهاتووە لە (٤٥) خولەک و (١٥) خولەک پشووە،(٤٥٠) خولەک بۆ هەفتەیەک. ٤٥٠× ٤ =١٨٠٠ .

| بەشە وانە | برگە | کات |
|---|---|---|
| تیۆری | پێشەکی | ٥ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن لەڕوی تیۆریەوە (تاقیکردنەوەی پێشەکی) | ٥ خولەک |
| | خستنەڕووی بابەت | ٦٠ خولەک |
| | کورتە | ٥ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن لەڕوی تیۆریەوە (تاقیکردنەوەی پاشەکی) | ١٥ خولەک |
| | تێکرای کاتی تیۆری | ٩٠ خولەک |
| پراکتیکی | پێشەکی | ٥ خولەک |
| | پیشاندانی کاری هونەری هونەرمەندان و شیکردنەوەی کارەکانیان. | ٤٠ خولەک |
| | پیشاندانی (CD) ڤیدیۆی فێرکاری | ٤٥ خولەک |
| | جیبەجێکردن (کاری خوێندکاران). | ١٥٩٠ خولەک |
| | هەڵسەنگاندن | ٣٠ خولەک |
| | کۆی گشتی کات | ١٨٠٠ خولەک |

**چالاکی:** ١. پیشاندانی وێنەکانی ناو بەرنامە فێرکاریەکە بە خوێندکاران.

٢.پیشاندانی وێنەی قۆناغەکانی دروستکردنی سیرامیکی کاری سەربەست.

٣.نمونەی کارە سیرامیکیەکان لە سایتی https://www.gessato.com/best-ceramic-artists/

٤.ڤیدیۆ لە کەناڵی یوتیوب https://www.youtube.com/watch?v=G٢emcH٦٢jzU

**ڕێگاکانی وانەووتنەوە:**

١. ڕێگای وانەبێژی.
٢. ڕێگای هەڵێنجان.
٣. ڕێگای گەردەلولی مێشک.

**پێداویستیەکان:**

١. لاپتۆپ.
٢. داتاشۆو.
٣. گڵی سیرامیک.
٤. ئالەتی سیرامیک.

## تاقیکردنەوەی پێشەکی

**پرسیاری یەکەم:** پێناسەی کاری سەربەست بکە؟

**پرسیاری دووەم:** هونەری سیرامیک و هونەری هاوچەرخ پێچەوانەن لە ئاڕاستەدا یان هاو ئاراستەن؟

**پرسیاری سێیەم:** باس لەکاریگەری سیرامیکی سەربەست بکە لەگەڵ ناوهێنانی هونەرمەندەکەیا؟

**وەڵامی نمونەیی:**

**پرسیاری یەکەم:** کاری سەربەست بەو پرۆسە ئازادە دەوترێت کە لەکارە سیرامیکیەکاندا ئەنجام دەدرێت بەهۆی بیرۆکە و ئەزمونی نوێوە لەلایەن هونەرمەندەوە دائەڕێژرێت و پاشان ڕێککردنەوەی بەشەکانی بۆ دەکرێت. بۆیە لە هونەری سیرامیکدا لە سیاقی هونەری تازەدا دەگاتە ئەوپەڕی فراوانی، دەرەنجامی دووبارە بە چەمکگەراکردنەوەی ئەم هونەرە.

**پرسیاری دووەم:** ئەم گرژیەی نێوان هونەری سیرامیک و هونەری هاوچەرخ کە پێچەوانەن لە ئاڕاستەدا وا لە هونەرمەندان دەکات کە هەڵبژێرن و پاڵ بە لایەکیاندا بدەنەوە، بە نمونە هونەرمەندی بەریتانی-یابانی (بێرنارد لیچ) باوەڕی وایە کە "هونەر" لە سیرامیکدا پەیوەستە بە پیشەگەریی و کارامەیی و ئەرکی بەکاربردن لە کارەکەدا، ڕەنگە بڵێین ئەم جۆرە تێڕوانینە بە تەواوەتی دژە لەگەڵ بیرۆکەی "هونەر بۆ هونەر" و سەربەخۆبوونی هونەر. بەڵام تەواو پێچەوانەی بێرنارد لیچ، هونەرمەندی ئەمریکی (پیتەر ڤۆلکۆس) کە گۆڕانکاریەکی گەورەی لە هونەری سیرامیکدا کرد لە پەنجاکاندا کاتێک دەستی کرد بە سیرامیکی جوڵەیی، ڤۆلکۆس سەلماندی کە هونەری سیرامیک لەگەڵ بەرنامە و پێناس و جوڵانەوەی نوێ دەتوانێت بێتەوە.

**پرسیاری سێیەم:** فۆڕمی کارکردنی هونەرمەندی چینی (لەی شویێ) ، فۆڕمێکی قووتوی قوپاوی کۆلای لە کولتووری هاوچەرخەوە وەرگرتوە و بە پۆرسەلین فۆڕمەڵەی کردوە و نەخشی ئێستاتیکی نەریتی دیناستی لەسەر کێشاوە. کارەکەی فۆڕمێکی بەکۆمەڵ بەرهەمهێنراوی کارگەی کۆلایە لەگەڵ نەخشەی دێرینی سیرامیکی چینی کەکاری دەستی لێکدەدات،وەک ئەوەی بیەوێت پردێکی سیرامیکی بۆ ٦٠٠ ساڵ بۆشایی لە نێوان ئەو دوو کولتوورەدا دروست بکات.

## ناوەڕۆکی بابەتی وانەکە

### کاری سەربەست

کاری سەربەست بەو پرۆسە ئازادە دەوترێت کە لەکارە سیرامیکیەکاندا ئەنجام دەدرێت بەهۆی بیرۆکە و ئەزمونی نوێوە لەلایەن هونەرمەندەوە دائەڕێژرێت و پاشان ڕێککردنەوەی بەشەکانی بۆ دەکرێت . بۆیە لە هونەری سیرامیکدا لە سیاقی هونەری نوێ دەگاتە ئەوپەڕی فراوانی، دەرەنجامی دووبارە بە چەمکگەراکردنەوەی ئەم هونەرە. بۆیە کاتێک ئێمە بمانەوێت باسی کاری سەربەست بکەین لە سیرامیکدا، ناتوانین کێشەی ئەم هونەرە فەرامۆش بکەین کە لەبەردەم دوو گرنگی تا ڕادەیەک پێچەوانە لە یەکتردایە، ئەوانیش یەکەم ڕەوتی مێژوویی هونەری سیرامیک کە تا کوێ دەتوانێت نەریتە مێژوویەکەی لەگەڵ خۆیدا درێژە پێبدات. دووەم خۆنوێکردنەوەی ئەم هونەرە کە هاوتەریب بێت لەگەڵ هەل و مەرجی ژیانی هاوچەرخدا.

زاراوەی "هونەری سیرامیک" لە بیرکردنەوەماندا، ئاماژەیە بە کارە سیرامیکیە دیکۆرییەکان و کارە دەستیەکان. تەنانەت زۆر کات پۆلێنی دەکەین بە "هونەری پیشەگەری –craft art". بەڵام ئەم هونەرە لە سیاقی هونەری هاوچەرخدا ئاماژەمان بۆ دەکات بە کەرەستەیەک کە هونەرمەند بە خواستی خۆی هەڵیبژاردوە، وە هەندێک جار تێبینی دەکرێت کە لەگەڵ هونەری نوێدا بۆتە کەرەستەیەکی ئازاد و تەنانەت ئەرکە بەکاربەریەکەی لێسەندراوەتەوە کە وەک پێویستی ڕۆژانە بەکار دەهێنرا. وە تەنانەت لە ئەمڕۆدا دامەزراوەیەکی وەک بینالەی جاکارتا بۆ هونەری سیرامیکی هاوچەرخ لە پایتەختی ئەندەنوزیا، هەوڵی گەشەی ئەم هونەرە دەدات لە چێوەی هونەری هاوچەرخدا.

دیاریکردن و پێناسی فۆرمی هونەری سیرامیک لە ئەمڕۆدا کارێکی ئاسان نیە لەبەر ئەو گرژیەی لە نێوان میراتی هونەری سیرامیک و کاریگەریەکانی هونەری هاوچەرخدایە. چونکە هونەری سیرامیک لە ڕووی مێژوویەوە پەیوەستە بە پیشەگەری و کارامەیی بەڵام هونەری هاوچەرخ گرنگی بە چەمک دەدات و پیشەگەری دەبێتە دیاردەیەک کە کۆمەک بە چەمکی کارەکە بکات. هەرچەندە هەندێک وابیردەکەنەوە کە هونەری هاوچەرخ و پیشەگەری هاوچەرخ لە ئەمڕۆدا پەیوەستکراون بە یەکترەوە، بەڵام لە واقیعدا هێشتا سنوری نێوانیان لە کاری زۆرێک لە هونەرمەنداندا بە تۆخی بەدی دەکرێت.

ئەم گرژیەی نێوان هونەری سیرامیک و هونەری هاوچەرخ کە پێچەوانەن لە ئاراستەدا وا لە هونەرمەندان دەکات کە هەڵبژێرن و پاڵ بە لایەکیاندا بدەنەوە، بە نمونە هونەرمەندی بەریتانی (بێرنارد لیچ-Bernard Leach) باوەڕی وایە کە "هونەر" لە سیرامیکدا پەیوەستە بە پیشەگەریی و کارامەیی و ئەرکی بەکاربردن لە کارەکەدا، ڕەنگە بڵێین ئەم جۆرە تێڕوانینە بە تەواوەتی دژە لەگەڵ بیرۆکەی "هونەر بۆ هونەر" و سەربەخۆبوونی هونەر. بەڵام تەواو پێچەوانەی بێرنارد لیچ، هونەرمەندی ئەمریکی (پیتەر ڤۆڵکۆس-Peter Voulkos) کە گۆڕانکاریەکی گەورەی لە هونەری سیرامیکدا کرد لە پەنجاکاندا کاتێک دەستی کرد بە سیرامیکی جوڵەیی (action ceramic)، ڤۆڵکۆس سەلماندی کە هونەری سیرامیک لەگەڵ بەرنامە و پێناس و جوڵانەوەی مۆدێرندا دەتوانێت بێتەوە.

لە هونەری هاوچەرخدا کارامەیی و لێهاتویەکانی ناو پیشەگەری پاشکۆی چەمکن، هەندێک جار پێویستن بەڵام جار هەیە ناپێویست، بەڵام هونەری سیرامیک پشتدەبەستێت بە لێهاتووی و کارامەیی و پسپۆریی لە مادەدا. لەم نێوەندەدا کە دەڵێین هونەرمەندی سیرامیکی هاوچەرخ ئەو هەوڵەیە کە لە ڕێگەی کەرەستەوە گەشە بە چەمک دەدات واتە فۆڕمێک دروست دەکات کە هەم میراتی مێژوویی هونەری سیرامیکی بۆ ماوەتەوە و هەم کاریگەری شێوە ژیان و کولتووری هاوچەرخی لەسەرە. ئەمە بە تەواوەتی لە فۆڕمی کارکردنی هونەرمەندی چینی (لەی شوێ – Lei Xue)دا دەبینرێت، فۆڕمێکی قووتوی قوپاوی کۆلای لە کولتووری هاوچەرخەوە وەرگرتوە و بە پۆرسەلین دروستیکردوە و نەخشی ئێستاتیکی نەریتی دیناستی لەسەر کێشاوە. لەی شوێ فۆڕمێکی بەکۆمەڵ بەرهەمهێنراوی کارگەیی کە کۆلایە لەگەڵ نەخشەی دێرینی سیرامیکی چینی کە کاری دەستیە لێک دەدات، وەک ئەوەی بیەوێت پردێکی سیرامیکی بۆ ٦٠٠ ساڵ بۆشایی لە نێوان ئەو دوو کولتوورەدا دروست بکات. (وێنەی ژمارە ١)



وێنەی ژمارە ١

لەی شوێ، خواردنەوەی چا، وێنەی دەستی لەسەر پۆرسەلین، ٢٠١٤.

کەواتە لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ئەمڕۆ فۆرمی سیرامیک لە نێوان سیاقی هونەری دێرین و هونەری نوێدا شێوە وەردەگرێت. هونەری هاوچەرخ ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر هونەری سیرامیک و دەبیات بەرەو ناوەندی زۆر جیاواز بە جۆرێک کە ئەستەم دەبێت بواری سیرامیکی تیادا بناسینەوە بە تایبەت بە واتا نەریتیەکای ئەم هونەرە. لەگەڵ دەستپێکی هونەرەکانی سەدەی بیستدا ڕەوتەکانی ئینستەڵەیشن، پێرفۆرمانس، هونەری جەماوەری، هونەری ڤیدیۆ، ..هتد بەدەردەکەون و کاریگەریان دەبێت لەسەر فۆرمی سیرامیک.

بۆ نمونە هونەرمەندی چینی (ئای وەیوەی-Ai Weiwei) لە کارێکی ئینستەڵەیشنی چەمکگەرایدا کە لە یەک کاتدا ڕەهەندێکی پێرفۆرمانسیش لەخۆدەگرێت بە ناوی دەنکە گوڵەبەڕۆەکان، نزیکەی سەد ملیۆن دەنکە گوڵەبەڕۆژەی لە پۆرسەلین دروستکراوە، کە هەمووی کاری دەستین و ڕەنگکراون، ئەم کارە نمایش دەکات لەسەر زەوی لە گەلەری تەیت مۆدێرن لە شاری لەندەن.(وێنەی ژمارە ٢) کارێکی تەواو ڕیشەییە لە سەرلەنوێ دروستکردنەوەی سیاق بۆ هونەری سیرامیک، کە چیتر بریتی نیە لە فۆرمێکی ڕاوەستاوی ناو ژیانی ڕۆژانە، بەڵکو لەگەڵ بینەردا کارلێک دەکات و ڕووداو دروست دەکات. لێرەدا دەبینین کە بوار و فۆرمی سیرامیک چەندە فراوان دەبێت، بە جۆرێک لە ئەمڕۆی هونەری هاوچەرخدا وەک هەر بوارێکی دیکە سەختە فۆرمێکی دیاریکراوی بدەینێ. بەڵکو گرنگە پەیوەندیەکانی بخەینە ڕوو کاتێک لەگەڵ ڕەوت و شێوە ژیان و ڕووداوەکانی دەوروبەریدا پەیوەندی دروست دەکات و فۆرمی نوێ وەردەگرێت.



وێنەی ژمارە ٢

ئای وەیوەی، دەنکە گوڵەبەڕۆژەکان، ٢٠١٠،
هۆڵی تۆربابین لە گەلەری تەیت مۆدێرن.

قۆناغەکانی دروستکردنی سیرامیکی کاری سەربەست



١.شێلانی قوڕ.



٢.قاڵبکردنی کارەکە.



٣.لێکردنەوەی قاڵبەکان.



٤.پاککردنەوەی کارەکە.



٥. ڕەنگکردنی کارەکە.



٦.سورکردنەوە لەناو فرن.



٧.ئەنجامی کۆتایی.



٨.نمایشی کارەکە لە گەلەریدا.

## تاقیکردنەوەی پاشەکی

**پرسیاری یەکەم:** پێناسەی هونەری سیرامیکیسەربەست بکە، لەگەڵ باسکردنی نمونەی کارێک؟

**پرسیاری دووەم:** کارێکی سیرامیکی سەربەست دروست بکە؟

**تاقیکردنەوەی پاشەکی تیۆری بەرنامەکە**

**پرسیاری یەکەم:**ڕاست و هەڵەی ئەمانە دیاری بکە.

١) دیواربەند (Mural) دەگەڕێتەوە سەر وشەی لاتین (Murus) کە بە واتای دیوار دێت.
٢) نوسراوەکانی داستانی گلگامیش پێکهاتوە لە ١٠ پارچەی تەواونەکراو بە زمانی سۆمەری نوسراوە لەسەر قوڕی سورەوەکراو.
٣) ڕەگەزەکانی دارشتن بریتین لە (خاڵ، هێڵ، شێوە، ساو).
٤) (بۆدل مانز) یەکێکە لە هونەرمەندە سیرامیکیەکان، کە کار لەسەر سیرامیکی شێوە ئەندازەیی دەکات.
٥) سیرامیکی شێوە ئەندازەیی بە واتای فۆرمە چوارگۆشەکان دێت.
٦) هەرکاتێک مادەی قوڕ پرۆسەی سورکردنەوەی بەسەردا هات دەتوانرێت بخرێتە خانەی بواری سیرامیکەوە.
٧) کارکردن لەسەر فۆرمی شێوە ئاژەڵی مێژوویەکی تاەی هەیە.
٨) سیرامیکی شێوە ئەندازەیی بەو پرۆسە ئازادە دەوترێت کە لە کارە سیرامیکیەکاندا ئەنجام دەدرێت بەهۆی بیرۆکە و ئەزموونی نوێوە لەلایەن هونەرمەندەوە دائەڕێژرێت.

**پرسیاری دووەم:** ئەم بۆشاییانە پڕبکەرەو.

١) زاراوەی مینیماڵ کە بۆ یەکەمینجار لەلایەن ........................ بەکارهات لە (١٩٦١) بۆ ئەو کارە هونەریانەی کە تا ئەوپەڕی لەڕووی پێکهاتە و میدیەمەوە سادەکراونەتەوە.
٢) زێمیر پێڵد لە کارەکانیدا گرنگی بە ........................................ دەدات.
٣) ڕوبەری ساف و زبر بە ڕڕەگەزی ........................................ دەوترێت.
٤) شێوە دوو ڕەهەندە، بەڵام فۆرم ........................................ ڕەهەندە.
٥) کاتێک کێشانی فۆرمی ئاژەڵ لەسەر ڕوتەختێکی سیرامیکی دەکرێت پێی دەوترێت ............
٦) خوان میرۆ دوو دیواربەندی شوشەکراو دروست دەکات بۆ بینای یونسکۆ لەشاری پاریس لەژێر ناوەکانی (دیواری مانگ) و ............................ .
٧) جوڵەی خاڵ بە ئاراستەیەک یان کۆمەڵێک خاڵ .................... پێکدەهێنن.

**تاقیکردنەوەی پێشەکی پراکتیکی بەرنامەکە:**

کارێکی سیرامیکی بە یەکێک لەم فۆرمە سیرامیکیانە ئەنجام بدە (ئەندازەیی، مێژویی، ڕووەکی، گیانەوەری، دیواربەند، تەعبیری، سەربەست)

## وەڵامی نمونەیی تاقیکردنەوەی پێشەکی بەرنامەکە

پرسیاری یەکەم:

٩. /

١٠. ×    (١٢) پارچە.

١١. ×    خاڵ، هێڵ، شێوە، ساو، ڕەنگ، سێبەر و ڕوناکی.

١٢. /

١٣. ×    سەرجەم ئەو فۆڕمانەی کە شێوە ئەندازەییەکانی تێدایە.

١٤. /

١٥. ×    مێژوویەکی کۆنی هەیە.

١٦. ×    کاری سەربەست.

پرسیاری دووەم:

٨) ڕیچارد ویلهم.

٩) شکاندن و دروستکردنەوە.

١٠)ساو.

١١)سێ ڕەهەند.

١٢)سیرامیکی شێوە ئاژەڵی.

١٣)دیواری خۆر.

١٤)هێڵ.

# سەرچاوەکان


١. قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین، ٢٠١٨، ڕێگاکانی وانەووتنەوە شێوازە تیۆری و پراکتیکیەکان، بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، چاپی دووەم.

٢. حسين، نياز عوسمان، ٢٠١٥، فاعمية التددريس التدلممي عمى عناصر واسس العمل الفني في تنمية ميارات االنشاء التصويري لدى طمبدة التربيدة الفنية، جامعة السليمانية, كلية التربية الاساسية, قسم التربية الفنية.

٣. جۆلا، علی، ١٩٩٩، ڕەگەزەکانی دارشتن، زانکۆی سگێمانی، کۆلێژی هونەر، چاپخانەی سلێمانی.

٤. ناجی، آبتيسام، ٢٠١٩، التحديات الجيوفيزيائية والاجتماعية والانسانية والطبيعية فى بيئة متغيرة، شبكة المؤتمرات العربية، المؤتمر العلمي الدولى العاشر.

٥. الناطوح، إيناس، ٢٠١٧، التأثيرات اللونية والملمسية لمعالجة الأسطح الخزفية، مجلة كلية الفنون والإعلام – السنة الثانية– العدد الرابع.

٦. Tizgol, Kemal, ٢٠١٩, Reflections of Minimalism on Contemporary Ceramics, Jornal of interdisciplinary and intercultural art.

٧. Barnes, Sara, ٢٠١٦, Colorful Ceramics Topped with Endangered Animals to Identify and Help Save Them.

٨. Chen Shen, ٢٠١٠, The warrior emperor and China’s terracotta army, Royal Ontario Museum press.

٩. Grace Ignacia See, ٢٠١٩, These ١٣ Ceramic Artists are Reshaping the medium, The Artling, USD.

١٠. Yanhua Zhou,٢٠١٥, The Power Quantity in Ai Weiwei’s sunflower Seeds, , Southwest University, China.

١١.Kenneth Donkor, ٢٠٠٨, Design and Production of Commemorative ceramic Mural of African cup of nations, Ghana-Can ٢٠٠٨. Faculty of Industrial Art-College of Art and Social Sciences.

١٢.BBC, ٢٠٢١, The epic adventures of the Gilgamesh Dream tablet.

١٣.Kleiner, fred, Helen and Christin, ٢٠٠٥, Gardner's Art Through the Ages, Belmont, CA: Thompson Learning.

١٤.Lei Baojie, Kim Chul Soo, ٢٠١٩, Expression Forms and Application of Ceramic Materials in Mural Paintings in Architectural Environment, IOP Conference Series: Materials Science and Engineering.

١٥.Lesser, Cssey, ٢٠١٧, These ٢٠ artists are shaping the future of ceramics.

١٦.Patrick Sean Quinn, Shangxin Zhang, Yin Xia, Xiuzhen Li, ٢٠١٧, Building the Teracotta Army: Ceramic craft technology and organisation of production at QinShihuang mausoleum complex.

١٧.Richman- Abdo, Kelly, ٢٠١٧, Innovative Ceramic Artists Breathing New Life into an Age-Old Art.

١٨.Peled, Zemer, ٢٠١٣ – ٢٠١٤, Ceramic Exellance/ Fellowship at the archive Bray foundation.

١٩.Jono Irianto, Asmudo, ٢٠٠٩, In Between the contemporary art and contemporary craft, north art space.

سەرچاوەی ئەلکترۆنی

٢٠.http://www.artnet.com/artists/peter-voulkos/

٢١.https://www.britishmuseum.org/collection/object/W_K-٣٣٧٥

٢٢.http://www.katiespragg.com/about

٢٣.https://www.zemerpeled.com/about

٢٤.https://www.artsy.net/article/artsy-editorial-٢٠-artists-shaping-future-ceramics

٢٥.https://www.archipanic.com/١٠٠-elephants-charlotte-mary-pack/

٢٦.https://www.nytimes.com/٢٠٢١/٠٨/١٩/t-magazine/ceramic-animal-figurines.html

٢٧.https://www.designboom.com/art/terracotta-warriors-١٠٠٠٠-porcelain-birds-flock-ngv-cai-guo-qiang-٠٥-٢٣-٢٠١٩/

٢٨.https://wsimag.com/art/٥٦٥٩٥-peter-voulkos

٢٩.https://www.artforum.com/print/reviews/٢٠٢٠٠١/ramesh-mario-nithiyendran-٨١٧٩٦

٣٠.https://www.artsy.net/artist/ramesh-mario-nithiyendran

٣١.https://theartling.com/en/artzine/contemporary-ceramic-artists/

٣٢. https://www.gessato.com/best-ceramic-artists/

٣٣. Ceramic Review Masterclass: David Binns - YouTube

٣٤. كيف تصنع أواني الفخار - YouTube

وزارة التعليم العالى والبحث العلمى

جامعة السليمانية

كلية التربية الاساسية/كلية فنون

قسم التربية الفنية

# تصميم برنامج تعليمي مقترح لتنمية مهارات مادة الانشاء الخزف لدى الطلاب لمعهد الفنون الجميلة جمجمال

رسالة مقدمة الى مجلس كلية التربية الاساسية فى جامعة السليمانية كجزء من متطلبات نيل درجة الماجستير فى التربية الفنية/ خزف.

**من قبل**

**شوان محمود احمد**

**باشراف**

**أ.د. جواد نعمت حسين**

٢٧٢٣ كوردي ٢٠٢٣ ميلادي ١٤٤٥ هجري

## ملخص البحث:

الهدف من بحثنا هو وضع برنامج تعليمي مقترح لتنمية مهارات طلاب معهد الفنون الجميلة جمجمال في القسم التشكيلى في موضوع الانشاء الخزف، والتي حسب طبيعة موضوع البحث والأهداف المنهجية (وصف تعليمي تحليلي) المستخدمة لإجراء البحث. كما تضمن مجتمعنا البحثى درسا في الانشاء الخزف لطلاب الصف الرابع في معهد سليمانية للفنون الجميلة ، للعام الدراسي (٢٠٢٠ – ٢٠٢١)، وتشملت الموضوعات الاتية (عناصر الانشاء- صنع الخزف الشكل الهندسي – صنع الخزف الشكل التاريخي – صنع الخزف الشكل النباتي – صنع الخزف الشكل الحيواني – صنع الخزفى الجداري – صنع الخزف الشكل التعبيري – صنع الخزف العمل المستقل)، فى النتيجة للقراءة والبحث قام الباحث بصنع برنامج تعليمي وفق النموذج العام (ADDIE) ، ولإجراء البحث استخدم الباحث أداة مسح من اجل استخراج مكونات البرنامج التعليمى بشكل صحيح، كانت نتيجة الدراسة البرنامج التعليمى الذى تم اجراؤه وفقا لاجراءات الجزء الثالث من الدراسة، وأخيرا قدم الباحث عدة توصيات ومقترحات.

## Abstract:

The objective of this research is proposing teaching program in order to expand the skills of the students of fine art at Chamchamal technical college in the painting art department for ceramic design. This research needed to be done with (Descriptive Research Method). The target of this research is stage ٤ students of the fine art technical college of Chamchamal. Year (2020-2021). The topics are :

(Types of Design – Creating Mathematical Shaped Ceramic – Creating Historical Shaped Ceramic – Creating Plant Shaped Ceramic – Creating Animal Shaped Ceramic – Creating Wall-based Ceramic – Creating descriptive Shaped Ceramic – Creating Freely in Ceramic art). As a result of reading and observing, the researcher managed to make a teaching program by using the ADDIE model. For research accomplishment, the researcher used a questionnaire tool, For the right and correct extraction of the components of the training program. which he distributed among experts .In the end, the researcher proposed some suggestions and recommendations.

A


Ministry of High Education & Scientific Research

University of Sulaimani

College of Basic Education/ college of fine art

Colleg of arts education


# A Design Educationl Program to Develop the skills in ceramic created of students of the institute of fine arts, Chamchamal technical institute

A Thesis submitted to the college of Basic Education Council at Sulaimani University as a Partial Fulfillment for The Degree of Master of Fine Art and ceramics.


**By**

**Shwan Mahmood Ahmad**

**Supervised**

**Prof.Dr. jwad nemat husen**


2023 AD 1445 H 2723 K